چاودێر

THE OBSERVER

Aweekly Political, Educational & Social Press

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (٤١) دووشەممە ٢٠٠٥/٨/١٥

عەدنان موفتی لە وەڵامی پرسیاری مەترسی سەر کوردستان چییە؟

پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی و یەک نەگرتنی حکومەتەکان، مەترسی لەسەر هەموو بوارەکان هەیە: ئاسایش، کەرکوک، چەسپاندنی یاسا، کۆمەڵی مەدەنی و سەربەخۆیی پەرلەمان و.. تاد، ئەمانە هەموو پەیوەندییان بەیەکگرتنی حکومەتەکانی کوردستانەوەیە.

مەترسی دەمارگیریش.. دەمارگیری لەسوننەدا دەبینم کەهێشتا لەناویاندا کاریگەرەو دەشیانەوێت هەمدیس دەسەڵاتی مەرکەزی لەعێراقدا دروست بکەنەوەو دەمارگیری نەتەوەیی عەرەبی بسەپێننەوە. دەمارگیری مەزهەبی شیعەش لەئارادا هەیە کەدەیانەوێت ڕەنگی عێراق بکەنە مەزهەبی. ئەمەش وایکردووە یەکەمین جارە کوردە فەیلیەکان مەزهەب زاڵ بێت بەسەریاندا. بەداخەوە، لەناوخۆشماندا ناوبەناو دەمارگیری نەتەوەیی سەر هەڵدەدات و بیرو بۆچونی نامەوزوعیش دەهێننە ئاراوە. ئەم جۆرە دەمارگیرییە نەتەوەییەی ناو خۆشمان لەقازانجی دەمارگیرە سوننەو نەتەوە پەرستەکانی عەرەب و شیعەکانیشدایە.■

تۆڕی تیرۆر کردنی مەسعود بارزانی دەستگیر کران

ڕۆژهەڵاتی نادیموکراسی، مەترسییە لەسەر دیموکراسی

مەلا بەختیار

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)

هەر گرفت و هەر حکومەت!

سەردەشت حەمە ساڵح

ئاوێنەی ڕۆژنامەگەری - ل (٦)

دیالۆگێکی کراوەی کەناڵی کوردسات لەمەڕ دەستور لەگەڵ مەلا بەختیار

ڕەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

بیرۆکەی مافی مرۆڤ

ئەکسێل هێرمان

و.لەفارسییەوە: عەتا ناسر سەقزی

ئاوەز - ل (١١)

هەواڵ و مەترسی

■ لە دەزگا ئیدارییەکانی هەولێر KURDSAT قەدەغەیە

سەرچاوەیەک لە یەکێک لە دەزگا ئیدارییەکانی شاری هەولێر بە نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەی چاودێری ڕاگەیاند: لە کاتی دەوامی فەرمی هەر دەزگایەک لە هەولێر کردنەوەی کەناڵی (کوردسات) قەدەغەیە، شایەنی باسە ئەم فەرمانە بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ هیچ دەزگایەک نەهاتووە، بەڵام بەڕێوەبەری سەرجەم دەزگاکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرجەم فەرمانبەرانیان ئاگادارکردۆتەوە لەکاتی دەوامی ڕەسمی کردنەوەی کەناڵی کوردسات قەدەغەیە.■

■ کادیرێکی ویفاقی دیموکرات کوژرا

کاتژمێر (١٠)ی شەوی ٢٠٠٥/٨/١٢ لەگەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەبی سوریا، چەند چەکدارێکی نەناسراو، هەڵیان کوتایە سەر ماڵی کامەران هەمزە محەمەد، کادیری ناسراوی ویفاقی دیموکراتی کوردی سوریا، دوای چەند دەسڕێژێک کوشتیان، شایەنی باسە دووکاتژمێر بەر لەڕوداوەکە کامەران بەخێزانەکەی دەڵێ کە لەلایەن هێزێکی سیاسیەوە، هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئەوەی شایەنی باسە ویفاقی دیموکراتی کوردی سوریا، لەپایزی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابۆتەوە.■

■ ڕامسفیلدو ئۆگست هاننغ..

پێشبینی زیادکردنی کاری توندوتیژی

لەدوو لێدوانداد، ڕامسفیلد وەزیری بەرگری ئەمریکاو ئۆگست هاننغ، سەرۆکی هەواڵگری ئەڵمانی، ڕایانگەیاند: پێشبینی ئەوە دەکەن لەداهاتودا توندوتیژی وکاری تیرۆریستی لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاد بکات. ئەمە لەکاتێکدا کەئەبو موصعەب زەرقاوی تیرۆریست بڕیاری داوە (ئەحمەد کەریم ئەلسەعدی) ناسراو بە (أبو محجن) بەرەگەزفەلەستینی بکاتە سەرکردەی مەیدانی کارە تیرۆریستیەکان لەعێراق، کەماوەی مانگێکە بەنهێنی لەئۆردوگای (عین الحلوە)ی باشوری لوبنانەوە بەرەو عێراق هاتووە.■

مەسعود بارزانی: قبوڵی ناکەین زمانی کوردی لەعێراقدا ڕەسمی نەبێت

لەناو کۆبونەوەکاندا، یەکێک لەکێشەکان لەنێوان شیعەو کورددا، مەسەلەی زمانی ڕەسمی عەرەبی و کوردییە لەعێراقدا. شیعە، هەم لە پرۆژەکەیانداو هەم لەکۆبونەوەکەیاندا هەوڵیان داوە ئەو مافە یاساییەی لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا سەبارەت بەزمانی کوردی چەسپێندراوە، بگۆڕن و زمانی کوردی تەنها لەهەرێمی فیدراڵدا بکەنە زمانی ڕەسمی. لەم دواکۆبونەوانەشدا، هەمان هەوڵیان داوەتەوە. بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی لیژنەی باڵای گفتوگۆی کوردستان لەبەغدا بۆ کێشەی دەستوری، جەختی کردۆتەوەکە: دەبێت زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی لەعێراقدا ڕەسمی بێت. گۆڕینی ئەم بڕیارە بەکەم بایەخ کردنی داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان دەزانین و پێمان قبوڵ ناکرێت. لیستی شیعەش، دوای ئەم سوربونەی سەرۆکی هەرێم، ڕازی بوون لەسەر بەڕەسمی ناسینەوەی زمانی کوردی لەدەستوردا هاوشانی زمانی عەرەبی.■

دەستگیرکردنی تۆڕێکی تیرۆریستی تر لەناو پارتی

دوابەدوای گرتنی تۆڕێکی تیرۆریستی لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتی هەولێرو ئەو تاوانانەی دانیان پێدانان و تەلەفیزیۆن پیشانی دان، وریایەکی زیاتری خستۆتە دەزگاکانی حکومەت و پارتی، سەرەنجام، لەم ماوەیەدا، تۆڕێکی تری مەترسیدار کەلەناو (مەسیف)دا کنەیان کردووەو نەخشەیەکی خەتەرناکیان بەدەستەوە بووە بۆ تیرۆرکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی. ئەم تۆڕە تیرۆریستە هەتا ئێستا (١١) کەسیان گیراون و هەوڵەکانیش وادەگەیەنن کەدانیان بەتاوانەکانیان ناوەو بەوردی نەخشەکانیان ئاشکرا کردووە کەویستویانە چۆن چۆنی تاوانەکەیان ئەنجام بدەن. بەشی زۆری ئەم تۆڕە تیرۆریستییە، کەسەر بە ئەنساری ئیسلامی تیرۆریست بوون، لەمەسیف بوون و کەسانی خوێنەوارو نزیک دەزگا هەستیارەکانی پارتی بوون. یەکێکیان کوڕی سایەقی برایەکی سەرۆکی هەرێمە.■

نێچیروان بارزانی: قسەی نوێنەرانی یەکێتی ڕاستن

(٨/١١) ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەگەڵ سەرەک وەزیرانی حکومەتی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) نێچیروان بارزانی کۆبونەتەوە. سەرەتا پارێزگاری هەولێر گوتویەتی، کاروبارەکانمان باش دەڕوات و لەناو خۆماندا گونجاوین و هیچ کێشەیەکمان نییە. پاشان نوێنەرانی یەکێتی لەئەنجومەنی پارێزگادا کەلەکۆی (٤٠) نوێنەر (١٦) نوێنەرن، پێچەوانەی پارێزگار قسەیان کردووەو گوتویانە: کێشەمان هەیە. هەتا ئێستا ئەرکەکان دابەش نەکراوون. کاروبارەکان ناچنە پێشەوە. لەم بیروبۆچونە جیاوازەی نێوان نوێنەرانی یەکێتی و پارێزگاردا، نێچیروان بارزانی لایەنگری قسەکانی نوێنەری یەکێتی کردووەو گوتویەتی ئەم نوێنەرانە لەخۆیانەوە ناناڵێن. دەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و کۆتاییان پێ بێنن.■

شیعە لەسەر مەرجەعیەت سورن و (نەوشیروان مستەفا)ش ڕەتی دەکاتەوە

لەدرێژەی کۆبونەوەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئیئتیلافی عێراقی، بەئامادەبوونی سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم، شیعەکان سور بوون لەسەر چەسپاندنی مەرجەعیەت لەدەستوردا.

نەوشیروان مستەفا، نوێنەری دەسەڵات پێدراوی یەکێتی لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیژنەی دەستوری، ئەو داخوازییەی شیعەی ڕەتکردۆتەوەو گوتویەتی:

ئێمە ڕێز لەمەرجەعیەتی شیعە بۆ شیعەکان لەباشوری عێراق و شیعەکانی تری عێراق دەگرین. بەڵام بەمەرجەعیەتی هەموو موسوڵمانانی عێراقی نازانین. هەروا گوتویەتی:

کورد تەنها زانا ئاینییەکانی کوردستان بەمەرجەعی ئایینی کوردستان دەزانێت.■

سوننیگەراکان.. پێیان داگرتووەو ڕەنگە بکشێنەوە

سوننیگەراکان لەلیژنەی دەستوری عێراقدا، هەر لەسەرەتاوە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقیان ڕەتکردەوەو لەناو لیژنەی دەستوریشدا، داخوازییە بنچینەییەکانی فیدراڵ و پێکهێنانەوەی سوپای نوێ و دابەشکردنەوەی سامان و ڕێژەی سامانی هەرێم و مافی چارەی خۆنوسینیان ڕەتکردۆتەوە. ئێستاش لەدوا ڕۆژانی کۆبونەوەی دەستوریدا، زیاتر پێ لەسەر داخوازییە سوننیگەراییەکان و دژایەتی فیدراڵیەتی باشوری عێراق و کۆمەڵێک دەستکەوتی دیموکراسی دیکە دادەگرن. شێوەی گفتارو کرداریشیان دیارە دەیانەوێت پرۆسەی نوسینی دەستورەکە تێک بدەن. سەرەنجام خۆشیان حازر کردووە ئەگەر مەرامەکانیان سەر نەگرێت، بەیەکجارەکی بکشێنەوە.■

شیعەی عێراق.. مەرجەعیەتی ئێران دەخەنە ژێر پرسیارەوە!

لەو پرۆژەیەی لیستی ئیئتیلافی عێراق، بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی مەزهەبی مەرجەعیەتی شیعە لەعێراقداو لەدەستوری هەمیشەییدا، پێشکەشیان کردووە، داوایان کردووە کەمەرجەعیەتی شیعەی عێراق، نەک بۆ ناو عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی نێو نەتەوەییش وەکو مەرجەعیەتی ڕەسمی شیعە بناسرێت و لەدەستوریشدا بچەسپێندرێت. ئەمەش، بێگومان فەرامۆشکردنی مەرجەعیەتی شیعەیە لەئێراندا کە لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە خۆیان وەکو مەرجەعیەتی باڵای تەواوی شیعەکانی جیهان پیشان دەدەن، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، ئەمەشی ڕەتکردۆتەوە.■

جاشنامەی جاشێکی عێراقی نوێ

لەهەولێکی ژێر بەژێردا، بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی مەزهەبی شیعەگەراکان و بەهاوکاری چەند جاشێکی نوێ، کە لەهەوڵی ئەوەدان، ئەو کوردە فەیلی و شەبەکانە، لەبۆتەی عەرەبی و شیعەگەراییدا بیان توێننەوە، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم هەواڵە لەلاپەڕە (٢)ی ئەم ژمارەیەدا بەیاننامەکەیان بخوێنەرەوە.■

نا بۆ دەستورێک مافەکانی تێدا نەبێت

دوێنێ، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لەژێر دروشمی (نا بۆ دەستورێک مافەکانی تێدا نەبێت، بەڵێ بۆ ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خەڵکی کوردستان) خۆپیشاندانێکی فراوان ڕێکخرا، جەماوەری بەشداربوو بەوتنەوەی چەندین دروشم کە ئاماژەی بەویستی خەڵک دەکرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەشداریان کرد.■

چاودێر

دەستور.. دەخزێتە بنبەست!!

دوای ماوەیەکی باش لەگفتوگۆی بەردەوام بۆ ئامادەکردنی گەڵاڵەی دەستوری، هێشتا دوا بڕگە بنچینەییەکانی دەستور ساغ نەکراوەتەوەو ناکۆکیەکی قوڵیش لەنێوان لایەنەکانی نوسینی دەستوردا هەیە. بەتایبەتی لەنێوان کوردو شیعەو سوننەدا.

چەند ڕۆژێکە، کۆبونەوەی لوتکەی ڕابەرانی لایەنەکان لەپایتەختدا، هەر ڕۆژێک لەشوێنێک بەردەوامە. ڕۆژێک لای تاڵەبانی و ڕۆژێک لای بارزانی و ڕۆژێک لای عەبدولعەزیز حەکیم. کۆبونەوەکانیش بەزۆری لەنێوان کوردو شیعەدایە. هەتا ئێستا، ناکۆکیەکان واقوڵ بوون، ڕابەرانی سەرجەم لایەنەکان پێکەوە کۆنەبونەتەوە. لەکۆبونەوەی کوردو شیعەدا، ناکۆکی لەسەر چەندین مەسەلە هەیە. لەوانە: سنوری کوردستان و کەرکوک و تەنانەت چۆنیەتی فیدراڵەکە، هەروا، لەسەر پەیوەندی ئاین و دەوڵەت و مەرجەعیەتی شیعە. بەڵکو لەناو خودی شیعەشدا لەسەر فیدراڵیەتی باشور ناکۆکی قوڵ هەیە. جەعفەری و باڵە دەعوەکەی، موقتەدا سەدرو ڕەوتەکەی، فیدراڵیەتی باشوریان قبوڵ نییە. بەزۆری مەجلیسی ئەعلا.. فیدراڵیەتی باشوری کردۆتەوە ئامانج. ئەمانیش، ئەمجارەش، بەمەبەست، دوو ڕۆژ پێش تەواو بوونی وادەی تەواوکردنی دەستور، فیدراڵیەتی باشوریان کرد بەڕاست و پێیان لەسەر داگرت. لەمەشدا مەبەستیانە ئاڵۆزیەکی قوڵ بخەنە ناوانەوەو ئاکام دەستور لەوادەی خۆیدا نەنوسرێت.

سوننیگەراکانیش.. سورن لەسەر ڕەتکردنەوەی فیدراڵیەتی باشور. بەهیچ چەشنێک ئەمەیان قبوڵ نییە. هەروا، زۆر شتی دیکەی دیموکراسیان قبوڵ نییە. ئەمە جگەلەوەی سوریشن لەسەر ناسنامەی عروبەی عێراق و بەهێزکردنی مەرکەزیەتی حکومەت و دەوڵەت.

لەم نێوەندەدا، ڕاستە کورد کێشەی وەکو شیعەو سوننەی نییە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە. ئەمە جگەلەوەی هەموو جۆرە ناکۆکیەکی قوڵی نێوان ئەوان، کاریگەری لەسەر کوردو کوردستانیش هەیە.

سوننیگەراکان.. بەکردەوە، نزیک کەوتونەتەوە لەپاشەکشەو هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی ئاشکرای نوسینی دەستور. هەر لەسەرەتاشەوە ئەمە مەرامیان بووە. پرسیار ئەوەیە، کەئایە: سوننیگەراکان بکشێنەوە، دەستور دەنوسرێت؟ وەڵامیش ئەوەیە، ئەگەر شیعەو کورد ڕێک بکەون، بەڵێ. بەڵام کێشەکە لەوەدایە شیعەش، مەرجی مەزهەبی قورسی هەیە، ئەگەر کورد ئەو مەرجانە قبوڵ بکات، مەترسیدارە لەسەر دیموکراسی. لەکۆی ئەو بیروبۆچونانەشدا، دەردەکەوێت کەنوسینی دەستور خزاوەتە بنبەست. تەنها ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دەتوانێت ڕێگە چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە، ئەویش ماوەیەکی دیاریکراو نوسینی دەستور درێژ بکرێتەوە. ئەگەرنا.. هەم ئەنجومەنەکەو هەم کابینەکەی د. جەعفەری، هەرەس دەهێنن!■

ئیحسانی مەلا عەلی (خەلیل) لەچەند دیکۆمێنتێکی جاسوسی تردا

سەبارەت بەجاسوسی ئیحسانی مەلا عەلی، هەروەک لەژمارەی پێشوو بەڵێنی بڵاوکردنەوەی چەند دیکۆمێنتێکمان دابوو، وائەمجارەش ڕاپۆرتێکی جاسوسی (خەلیل) بڵاودەکەینەوە کە داویەتی بەبەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی، بەژمارە ش٢/ ق - ٤٦٩٢ بەرواری ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨. لەم ڕاپۆرتە جاسوسیەدا هێندە بەوردەکاریانە زانیاریەکانی ئاراستەی ئەم ناوەندی هەواڵگریە کردووە، سەبارەت بەسەرجەم جموجوڵەکانی هێزە سەبازیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران لەڕووی پێکهاتەی سەربازی و ژمارەو چۆنیەتی دابەش بونیان لەسەرجەم سنورەکاندا.

جارێکی تریش هەر بۆ دڵنیایی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەم دیکۆمێنتانە لەژمارەکانی داهاتووشدا درێژەیان دەبێت، بۆ باشتر خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانەش تکایە سەیری لاپەڕە (١٣)ی ئەم ژمارەیە بکە.■

ئەمریکا.. فشاری لەسەر لایەنەکان نییە

ئەمریکا.. زۆری لا مەبەستە گەڵاڵەی دەستورەکە لەوادەی خۆیدا بنوسرێتەوە. لەم پێناوەشدا لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا، لەهەوڵدایە.

زاڵمای خەلیل زاد، باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراقدا، لەکۆبونەوە تایبەتیەکاندا بەشداری دەکات و بەنەرمی بیروبۆچونی خۆی و ئەمریکا دەردەبڕێت. هەواڵەکانی ناو ئەو کۆبونەوانەی باڵیۆزی ئەمریکا ئامادەیان دەبێت، وا دەگەیەنێت کەوا ئەمریکا، زۆر سور نییە بۆ تەواوکردنی دەستور لەم ڕۆژانە. هیچ جۆرە فشارو هەڕەشەو گوشارێکیشیان لەسەر لیژنە دەستوریەکە نییە. هەڵوێستی توندی ئەو لایەنانەشیان پێ خۆش نییە کە ڕێگە چارەسەر قبوڵ ناکەن. بەتایبەتی سوننە. ناشیانەوێت ڕاستەوخۆ دەست وەربدەنە کاروباری وردەکاری دەستور نوسینەوە.■

ÇAWDÊR

Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq

No.: (41) 15-8-2005

THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
ناهید حوسێنی
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە
نوری: ئیبراهیم حسێن؛ لەیلا حەسەن پور

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com

سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠

نرخی: (٢٥٠) دینارە

ئابووری شەشەم

شەریک شعور

زۆر ئیعتیادییە

ئەگەر لە خەبیرێکی ڕێگاوبان بپرسی و بڵێی خزم گیان چۆن ئەبێ لە عانی جادە قیرتاوکردنا ئەمری هەڵکەندنەکەشی بتەوقیعێنن لە وەڵاما عەرزت ئەکات قەی چێکا؟! زۆر ئیعتیادییە. کە لە تازە تلیاکخۆرێکی کەربەلاش سوعال کەی بڵێی ئەرێ برای موسوڵمان مەعقولە لە ئێرانەوە هەم نەوتو بەنزینمان بۆ دێت هەم حەشیشەو خەنجەر بۆکزیش ئەویش بە سەر ڕاوەشاندنێک وەڵامت ئەداتەوە کە بەڵێ ئیعتیادییەو زۆریش ئیعتیادییە. هەر عانێکیش ببیتە نیشانەی پرسیارو لە بەردەمی مەسئولێکا قیت ببیتەوەو بڵێی ئەرێ کاکە گیان بە چ حەقێ ئەو برادەرە لە پڕێ بوو بە کوڕێ عەفووەن بوو بە ئەندام مەکتەب؟! ئەوسا ئیتر هەڤاڵە هێژاکە بە خێسەیەکی خۆمانە تێت ئەگەیەنێ کە مەسەلەکە زۆر زۆر ئیعتیادییە. ئەگەریش ویژدانت ماخۆلانی تێکەوێ و لەبەرخۆتەوە بڵێی ئەی هاوار بۆ خاتری خوا چۆن ئەبێ بەز بدرێتە دەستی پشیلە، هەر خۆت لە جەوابی ویژدانی خۆتا ئەڵێی ئەبێت و زۆریش ئیعتیادییە. زۆر ئیعتیادییەکی تریشم چاو لێیە کە تامی هەزار شەقازللەو شەقی بەر ئەژنۆ ئەدات چونکە وەڵامی سوئالێکە کە ئەڵێت ئەرێ کوڕی باش فڵانە ناوچە هەشتا ئەندام مەڵبەندی بۆچییە؟ خۆ ئەگەر زمانی مەنتیقیشت بسووتێ و بڵێی چ عەجەب هەموو تەندەرەکان بۆ یارۆ دەرئەچێ؟ پێت ئەڵێن بەقوربان سەهوویت، شتەکە زۆر ئیعتیادییە. ئەگەر خۆت لە ئیشی گەورەکانیشا هەڵقورتێنی و بڵێی حیکمەت چییە ئەو برادەرە بێ پشت و پەنایە خزمەتی پێشمەرگایەتییان لە عومری چوار ساڵییەوە بۆ حساب کردووە هەر هەمان جوابت دەست ئەکەوێ کە زۆر ئیعتیادییەو ئەخێر جاریش ئەگەر واقت وڕبمێنێ کە بۆچی عەرەبە هاوپەیمانەکانمان بە مەسەلەی لامەرکەزیی لایلایەمان بۆ ئەکەن و خۆشمان باسی ریفراندۆم ئەوروژێنین بە زەردەخەنەیەکی سیاسییەوە پێت ئەڵێن زۆر ئیعتیادییە.■

سینەما هەواڵ.. لۆپێزو باندێراس لەکوشتنی ژناندا

بەم دوواییانە هەردوو ئەستێرەی سنەمای ئەمەریکی (ئەنتۆنیۆ باندێراس)و(جێنێفەرلۆپێز)ی گۆرانیبێژ، دەستیان کرد بەتۆمارو وێنەگرتنی فیلمێکی نوێی دۆکیومێنتاری دەربارەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕەشەکوژی و تیرۆری ژنان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەپێی ئاژانسی هەواڵگری (CNN) ئەمەریکی ئەم فیلمە ساڵێک بەر لەئێستەو بەبەشداری چەند هونەرمەندێکی دیکە چەند دیمەنێکی لێ وێنەگیراوە، بەڵام دواتر کاری تەواوکردنی فیلمەکە سپێردراوە بەهەردوو هونەرمەندی ناوبراو. تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانی ئەم فیلمە سەبارەت بەکوشتنی ژنانە بەشێوازی جیاجیاو پەنهان لەسەر دەستی باندێکی تیرۆریست و مافیای ئەو وڵاتە. دواتر لۆپێز کە پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی چاپی شیکاگۆیە پەی بەشێوازی کارکردنی ئەم باندە دەبات و لەو سەروبەندەشدا پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی تر دەناسێت کە ئەویش باندێراسەو پێکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی لەو بارەیەوەو ودواتر دەگەنە ئەنجامێک کە باندەکە کەشف دەکەن و لایەنە ئەمنیەکان دەستگیریان دەکەن. شایەنی باسە ئاماری ڕەشەکوژی ژنان لەماوەی (١٢) ساڵی ڕابردوودا دەگاتە (٣٤٠) ژن و ئەو ویلایەتانە، ئەمەش هەردوو پەیامنێر ئامادەی دەکەن.■

مردن لە نێو جوانیەکاندا

خوێندنەوەی /حەمە هاشم



نە تابلۆ، نە پەیکەر و نە پارچەیەکە لە سیرامیک.. یەکەیەکی هونەری سەربەخۆ و خاوەن ماهیەتێکی هونەری بەهادار و بەنرخ ، لەنێو سندوقێکی وەهمی دا سەری پیاوێک دانراوە، کە بە ئارامییەکی زۆرەوە خەوی لێکەوتوە ، یان لە مەرگێکی بێمنەت دا ڕاکشاوە ، ئەم کارە هونەرییە دانسقەیە کاری هونەری شێوەکاری بوێر و جوانبەخش (ئازاد نانەکالی) یە.. کە هەر لە سەردەمانێکی زووە وە کە هەولێری بە جێهێشت و جانتای سەفەری لەکۆڵنا بۆ هەندەران، ئەو جانتایەک لە خۆزگەو جوانی و ئومێدەکانی تێدا چاند، کە تێکڕا بۆیان هەبوو ببن بە خەون ، بۆشیان هەبوو ببن بە مەرگ . . مردن لە نێو جوانیەکاندا ، بە شێکە لە و بیرەوەریە کاڵبوانەی هونەرمەند (ئازاد نانەکەلی) ، کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو دەربڕیین و گوزارشتە پڕ مانایانەوە ئەو مەرگەمان بە جوانترین شێوە بۆ نمایش بکات .. مەرگێک لێوان لێو لە ئارامی .. پڕاوپڕ لە سەروەری، ئەم کارە هونەرییە ی هونەرمەند ، لە ڕووی تەکنیکەوە بە شێکە لەو پرۆژە هونەرییە نایابەی کە بە هۆی پێگە و ئەندازە دیزایینیەکانی کۆمپیوتەر و کارامەیی خۆیەوە ئەنجامی داوە ، لە نێو تابو تێکی بچکۆلانەی تاریک دا ڕووناکیەکی بە هێز لە ناویدا ڕاکشاوە کە سەری کەسەکەیە ، بە پاشینەیەکی زەردی ڕووناکی ئامێزەوە کە هێندەی تر ، بۆ بەرجەستە کردنی گوزارشت و تەکنیکی کارە کە سود دەبەخشێ ،،کە ئەمەش بە شێکی دیکە ی ئەو مومارەسەو ئەزمونە زۆرە هونەرییەی (ئازاد نانەکەلی) مان بۆ دەرئەخات.

ئەم بەرهەمە هونەرییە لە ساڵانی گەرمەی شەڕی ناوخۆ بەئەنجام هاتووە . بۆیە دەشێت لە تەئویلکردنێکی دیکە دا کۆمەڵێ دەربڕینی دیکەی بۆ بخرێتە پاڵ ، چوونکە کارێکی هونەری ئەوتۆیە کە دەکرێت .،لە پۆلێنکردندا ڕزگار بکرێت و خوێندنەوەی هەمە چەشن و مەودای جیاواز لە خۆی کۆ بکاتەوە .■

هەر ١٠٠ لیتر بەنزین تەنها ئۆتۆمبێلێک دەسوتێنێ



سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی ناوچەرگەی شاری تاران گرو دوکەڵێکی هەور ئاسای زۆری بەخۆیەوە بینی، کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە بەهۆی گرگرتن و تەقینەوەی تەنکەرێکی بەنزینەوە کە بڕی ٧٠٠٠ لیتر بەنزینی هەڵگرتبوو، شەقام و جۆگەی سەر شەقامەکانی تارانی پایەتەختی ئێران لافاوی بەنزین و گڕێکی زۆر گەورەو بەرفراوانی بەخۆیەوە دیت.

شایەنی باسە ئەم ڕووداوە دوا بەدوای تەقینەوەیەک هات کە لەهەمان ناوچەی تاران ڕوویدابوو، بۆیە خەڵکی دەوروبەر بەدرێژی ئەو تەقینەوانەیان دەزانی وتاکو ودواتر بۆیان ڕوون بۆوە. جێی باسە ئەم ٧٠٠٠ لیتر بەنزینە تەنها ٧٠ ئۆتۆمبێلی سوتاند کە لەکەنار شەقامەکانی ١٧ی شەهریوەرەوە بوون.■

ئەنجلینای کۆڵۆمبی بووە کەمبۆدی

پادشای کەمبۆدیا (سیهامۆنی) بڕیاریدا ڕەگەزنامەی کەمبۆدی وەک شە ڕەفێک ببەخشێتە کچە ئەکتەری سەرنجراکێش (ئەنجلینا جولی)، ئەویش لەبەرامبەر چالاکیە گشتگیرەکانی ئەنجلینا بۆنەهێشتنی کەمدەستی و فەقیری لەکەمبۆدیا وەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ژینگەپارێزی ، شایەنی باسە ناوبراو ماوەیەک بەر لەئێستا وەک سەرنجراکێشترین ژنی ئەکتەر لەنێوان دەیان کچە ئەکتەری دیکە هەڵبژێردرا... ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەنجلینا لەم دواییانەدا چەندین ناوو ناتۆرەو قسەڵۆکی بۆ دروستکراو تەنانەت هەندێکیان لەئاژانسەکانی هەواڵدا بڵاوکرانەوە، بەوەی کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کوڕە ئەکتەری ناوداری هۆڵیود براد بیت هەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەند وێنەیەکی ڕووتی هەردووکیان پێکەوە بڵاوکراو نەتەوە کە لەکەنارەکانی ئەفەریقادا گیراون، بەڵام هەردوولا ئەوەیان ڕەتکردەوە، ماوەتەوە بوترێت ئەمە دووەمین ناز ناوی هاونیشتمانی بوونی ئەنجلینایە، ئەویش دوای ئەوەی کە ساڵێک بەر لەئێستا لەلایەن کۆڵۆنیای ئەڵمانیەوە ئەو شەرەفەی لەبەرامبەر کارە خێرخوازیەکانیدا پێ بەخشرا.■

شەڕی ئەستێرەکان و زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار داهات

فیلمی خەیاڵی زانستی (شەڕی ئەستێرەکان) لەنواندی (تۆم کروز)ی ئەستێرەی هۆڵیوودو دەرهێنانی (ستیڤن سپیلبێرگ) پرۆدەکشنی هەردوو کۆمپانیای زەبەلاحی سینەمایی (دریم وێرکەرزو پاراماونت) پاش تێپەڕینی پێنج هەفتە بەسەر نمایشکردنیدا لەسەر شاشەکانی سینەمای جیهان و ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا، داهاتی گشتی (٥٠٠)ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووەو پێشبینی زۆر زیاتری لێدەکرێت، بڕی (٣١٥) ملیۆن دۆلاری لەڕێگەی سینەماکانی جیهانەوەو بڕی (٢٢٠) ملیۆن دۆلاریشی لەڕێگەی شاشەی سینەماکانی ئەمەریکاو کەنەداوە بەدەستهێناوە.

شایەنی باسە ئەم فیلمە تاکو ئێستا لەسەر شاشەی (٨٢٠٠) سینەمای ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا نمایشکراوە و تەنها لەپێنج ڕۆژی یەکەمی نمایشکردنیدا بڕی (١٢٠) ملیۆن دۆلاری داهات هەبووە کە دەبێتە یەکێک لەفیلمە گرانبەهاکانی جیهانی سینەمای ئەمەریکی، هەروەها بەپڕ داهاترین فیلمی ئەم ساڵ دەژمێردرێت، بۆ هەر یەک لە (تۆم کروز)ی ئاکتەرو (سپیلبێرگ)و دەرهێنەر.■





ڕازاندنەوەی بوکەخان

لەکارە سەرنجراکێشەکانی دیزاینەری بەناوبانگی جیهان (جوو ڕەعد)ی لوبنانی کە بۆ هاوین و پایزی ساڵی ٢٠٠٥ پێشکەشی کردبوو.■

رۆژهەڵاتی نادیموکراسی، مەترسییە لەسەر دیموکراسی

مەلا بەختیار

هەمیشە.. سەردەمەکان بنەما، دیاردەو دەرکەوتەی خۆیان دەخوڵقێنن. بێگومان ئەم سەردەمەی هەزارەی سێهەم و جیهانگیریش، بنەمای ئابوری و دیاردەی سیاسی و دەرکەوتەی کولتوری خۆی دەبێت. لە هەر سەردەمێکیشدا، ناوچەیەکی جیهان دەبێتە چەقی رووداوەکان. مەرجیش نییە بۆ تەنها جارێک چەقێک لەچەقەکان دروست ببێت و ئیتر هەتا هەتایە نەبێتەوە چەقی سەردەمێکی دی. رۆژئاوا چەندجارێک بۆتە چەقی رووداوەکان: لەسەردەمی گریکەکان، لەسەردەمی رۆمانیەکان، لەسەردەمی بریتانیەکان. هەروا، لەسەردەمی رێنیسانس و شۆرشی پیشەسازی، پاشان لەجەنگی یەکەم و دووەم بەدواوە.

> **هەتا ئیسلام و ئیسلامگەرایش بنەمای نەریتی خەڵک و کلتوری سیاسی و دەسەڵات بێت، بێگومان نەک مەترسی لەسەر سەرکەوتنی دیموکراسی لەسەر رۆژهەڵات دەبێت، بەڵکو مەترسی لەسەر دیموکراسی لەسەر رۆژئاواش دەبێت**

رۆژهەڵاتی ناوەراست.. لەسەردەمی قەڵەمڕەوی داگیرکەرانی ئیسلامیدا، هەروەکو رۆژئاوا، بەزەبروزەنگ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە، بوو بەچەقێکی چەق بەستوی دەسەڵات و شارستانیەتی ئیسلامی، بەڵام چەق بەستنەکەی لەسەر یەک ئاین و دەسەڵاتێکی توتالیتاری، وایان لەدەسەڵاتی ئیسلام و رۆژهەڵات کرد، دوا بکەون و جارێکی دیکە، چەقی دەسەڵات و شارستانیەت بگەرێتەوە بۆ رۆژئاوا، کە هەتا ئێستاش پاوانیان کردووە.

رۆژئاوا، بەسێ سەدە قەڵەمرەو، بەحوکمی دیموکراسی، عەلمانیەت و ئەقڵانیەت، نەک هەر سەرکەوتنەکانیان پاراست، بەڵکو هێزە کۆنەپەرستەکان و هەموو مەترسیەکانی سەر چارەنوسی شارستانیەتەکەشیان، تێکوپێک شکاندووە. ئێستا مەترسیەکی ئەوتۆیان لەسەر خۆیان، بەتایبەتی لەدوای شکاندنی نازیزم، نەهێشتووە. ئەمە لەکاتێکدا، لەرۆژهەڵاتدا، بەهۆی نەبوونی شۆرشی پیشەسازی، دیموکراسی و سیستەمی عەلمانیەوە، بەڵکو بەهۆی دوژمنایەتی کردنیشیانەوە، سەرەرای ئەوەی ئیسلام (١٣٠٠) ساڵ زیاتر دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، کەچی (٨٠٠) ساڵی رەبەق، عەرەب دەسەڵاتی ئیسلامی هەبوو، وای لێ نەکردبوون بەرگەی هێرشی خێڵە تورکمانیەکان بگرن بۆیە لەسەدەی چوارەدەمەوە عوسمانیەکان خەلافەتیان لێ سەندن. ئەمانیش (٥٠٠) ساڵ حوکمیان گرتە دەست و ئیمپراتۆریەتێکی پان و پۆرپیشیان بەدەستەوە بوو، کەچی بەهۆی ئەقڵی چەق بەستویانەوە، لەجەنگی یەکەمدا شکان و لەوساوە، رۆژهەڵات بۆتە پاشکۆیەکی دواکەوتووی رۆژئاوا و هەتا ئێستاش هەر دایدەدۆشن. بەڵام..

رۆژئاوا.. چیکە ناتوانێت رۆژهەڵات تەنها وەکو پاشکۆی ئابوری و سیاسی دادۆشراوی خۆی تەماشا بکات. رۆژگار گۆردراو ستراتیژیش لەگۆراندایە. ئەم ستراتیژی بنەماو دیاردەو دەرکەوتەی نوێی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. سەرەتاکەشی دەرکەوتووە. ئەمجارەیان، وەکو پێویستیەکی چارەنوسسازی ژیان وگەلان و ناوچەکان، لەزەمان و زەمینەیەکی تردا، رۆژئاوا ئەگەر بیەوێت دوچاری قەیرانی ناوخۆی نەبێت، ناچارە دەسەڵات و شارستانیەت، دابەش بکات. یان ناکرێت رێ لەدابەش بوونی بگرێت. کۆمپانیا و بانکەکان پێویستیان بەبازاری هاوبەشی هەیە. هەر لەبەر ئەم پێویستییە هاوبەشەش، سیاسەتی هاوبەشیش پێویستە بۆ رۆژئاوا؛ بازاری هەرە گرنگیش، بازاری رۆژهەڵاتە.

بێگومان، کۆمپانیا و بانکەکان لەپێشەوەی سیستەمەکان، پەلوپیان بۆ بازاری رۆژهەڵات بەپێی ئاراستەی نوێ هاوێشتووە. هەڵبەتە بەدوای خۆشیاندا، سیستەم و دەسەڵاتە سیاسیەکانی رۆژئاواشمان بەهەمان ئاراستە راکێشاوەتە رۆژهەڵات. ئالێرەوەیە، بەرەبەرە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێتەوە چەقێکی زۆر گرنگ. بەڵام چەقەکانی دیکەش بەهەژمونگەری خۆیانەوە دەمێننەوە؛ تەنها جیاوازی سەردەمی ئێستا لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوو لەوەدایە کەمەرج نییە لەجیهاندا چەقێکی دەسەڵات و شارستانی هەبێت، بەڵکو بۆی هەیە چەندین چەق پێکەوە هەبن.

چەقەکانیش، پێچەوانەی سەردەمەکانی دیکە، هەتا بتوانن هەوڵی دوورکەوتنەوە لەتێک هەڵچوون دەدەن. بەڵکو هاوکاری یەکتریش زیاتر دەکەن. هەروەکو چۆن ئێستا هاوکارییەکی بەرچاو لەنێوان چین و هیندستان و رۆژئاوادا هەیە. سەرەرای ئەوەی لەو سێ ناوچەیەشدا سێ کلتور، سێ ئایین، سێ پێکهاتەی نەتەوەیی، سێ حاڵەتی سایکۆلۆژی و فەلسەفیی جیاوازیش هەیە. بەڵام دەشبینرێت، ساڵ بەساڵ، کۆکی نێوانیان زیاد دەکات و ناکۆکیەکانیان کەم دەبێتەوە.

لەرۆژهەڵاتدا.. تاقە جیاوازی لەگەڵ ئەو ناوچانە، لەوەدایە، لێرەدا، ئیسلام و ئیسلامگەرایی کاریگەرەو لەناو ئەم کاریگەریەشدا، باڵی تیرۆر رەگورپیشەیەکی قوڵی لەئەندێشەدا هەیە. ئەمە جگەلە بیرو بۆچوونی سەلەفی بەشێوەیەکی گشتی. ئەگەر لە چین و دەوروبەری ئایین کاریگەری لەسەر دەسەڵات نەمابێت و لە هیندستانیشدا ئایین وەکو ئیسلام نەیتوانیبێت رێگە لەپرۆسەی دیموکراسی بگرێت، ئەوا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هێشتا ئایین، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، رێگرە لە کرانەوە و دوژمنە لەگەڵ دیموکراسی و دژە لەگەڵ ئازادیەکان. لەم سۆنگەیەوە، لەرۆژهەڵاتدا، مەترسیەکی گەورە لەسەر دیموکراسی، سەرچاوەکەی بۆ ئیسلام و ئیسلامگەریی دەگەرێتەوە. هەتا ئیسلام و ئیسلامگەرایش بنەمای نەریتی خەڵک و کلتوری سیاسی و دەسەڵات بێت، بێگومان نەک مەترسی لەسەر سەرکەوتنی دیموکراسی لەسەر رۆژهەڵات دەبێت، بەڵکو مەترسی لەسەر دیموکراسی لەسەر رۆژئاواش دەبێت. ئەم مەترسیەش، نەک تەنها لەبەر ئەوەی تیرۆریستەکان ناوبەناو دەتوانن کارەساتی گەورە لەرۆژئاوادا بقەومێنن، نەک لەبەر ئەم مەترسییە بەتەنها، بەڵکو مەترسی ئەوەش هەیە کەئیسلامگەراکان، لەرێگەی درێژەکێشانی دوژمنایەتی کردنی دیموکراسی و دواخستنی سەرخستنی پرۆژەی دیموکراسی لەرۆژهەڵاتدا، ببنە مایەی ئەوە کە لەماوەی درێژ خایەندا (زۆریش نا) رۆژئاوا دوچاری قەیرانی ئابوری قوڵ بکەن، کەبێگومان قەیرانێکی ئاواش، بەحوکمی ئاوێتەی ئابوری جیهانیەوە، کاریگەریەکی زۆر خراپی لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتیش هەبێت.

ئەگەر بێتو قەیرانێکی لەو جۆرەش لەباری کۆمەڵایەتیەوە، لەرۆژهەڵاتدا بتەقێتەوە، هەنگێ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵە رۆژهەڵاتیەکان، بەحوکمی کلتوری زاڵی رۆحی و ئایینیەوە، ورده ورده دەچنەوە ژێر هەژمونگەری کلتوری سەدەکانی ناوەراست، ئەمەش لەبارترین زەمینەی کۆمەڵایەتییە بۆ سەرخستنی دەسەڵاتە سەلەفیەکان. هەربۆیە، چەندین لایەنی ئیسلامگەرا، کار لەسەر خوڵقاندنی قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە دەزانن، لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، قەیرانی ئاوا چەند رێگرە لەدیموکراسی و چەندیش لەخزمەتی سەلەفیەتدایە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە، لەرۆژهەڵاتدا، ئەگەر بێتو شەپۆلەکانی دیموکراسی لەرۆژئاواوە، نەگوێزرێتەوە بۆ رۆژهەڵات و بنەماکانی سەرکەوتنی دیموکراسی لەسەرپای رۆژهەڵاتدا ئەوپەرەکەی لەدوو دەهەی ئایندەدا نەچەسپێندرێت، ئەمە مەترسیەکی گەورەی لەسەر تەواوی ئەزموونە دیموکراتیەکان لەجیهانیشدا هەیە. دیموکراسیش لەرۆژهەڵاتدا محاڵە ببێتە دی، ئەگەر کێشەی گەلان، کێشەی هەژاری، کێشەی دواکەوتویی چارەسەر نەکرێت. ئەمەش نایەتەدی، هەتا تەواوی سیستەمە دژە دیموکراسیەکان، لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی رۆژهەڵات، نەگۆردرێن. یان لەناو نەبرێن. سەرخستنی ستراتیژی دیموکراتیش لەرۆژهەڵاتدا زۆر گران نییە. گەرچی تیرۆریست و سەلەفیەکان رێگری سەرسەختیشن؛ چونکە لەبەرامبەر ئەم رێگرانەدا، بەهەموو سەرسەختیشیانەوە، ئەزموونێکی قوڵی دیموکراسی و روبەرێکی بەرینی دیموکراسی لە رۆژئاوادا هەیە. لەهەمان کاتدا، لەرۆژهەڵاتیشدا، هێزو رەوتی ئازادیخوازی دەمێکە هەیە، وەلێ هەلومەرجی جیهانی یارمەتیدەری نەبووە هەتا سەربکەوێت. بەڵکو هەلومەرجەکانی لەمەوبەر یارمەتی دوژمنانی دیموکراسییان دەدا. ■

> **چەندین لایەنی ئیسلامگەرا، کار لەسەر خوڵقاندنی قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە دەزانن، لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، قەیرانی ئاوا چەند رێگرە لەدیموکراسی و چەندیش لەخزمەتی سەلەفیەتدایە**

کورتیلە باس

وەزیری ناوخۆ بۆ ئێرانی (پینە) دەکات!

لەم رۆژانەدا، وەزیری بەرگری ئەمریکا (رامسفیلد) رایگەیاند کەوا ئێران چەکی نوێی بۆ تیرۆریستان ناردووە و ئەمەش مەترسیەکی دیکەی تیرۆرو ئێرانە، لەسەر ئاسایشی هاوپەیمانان و عێراق.

ئەم لێدوانە، گەرچی لەلایەن ئێرانەوە رەتکراوەتەوە، بەڵام لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، کێشەکە بەشێوەیەکی قوڵتر رووبەرووی سەرەک وەزیرانی عێراق کراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کەوا: لەئەنجومەنەکەدا، رەخنە لە جەعفەری گیراوە لەسەر ئەوەی هەوڵ دەدات پەیوەندی عێراق و ئێران لەسەر حسابی پەیوەندی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی، پتەو بکات.

جەعفەری ئەمەی رەتکردۆتەوە. هەر لەهەمان کۆبونەوە کەچەندین وەزیر بۆ لێپرسینەوە بانگکرابوون، لەسەر کێشەی چەکی نوێی نێردراوی ئێران، کەوەزیری بەرگری ئەمریکا وروژاندی، وەزیری ناوخۆ گوتویەتی: هەوڵ دراوە تەقەمەنی لەرێگەی چەند چەکدارێکی ئێرانیەوە بنێردرێتە ناو عێراق، دوای تەقەو شەرێکی بچوک (٨) سندوق تەقەمەنیان بەجێهێشتووە.

هەتائێرە.. هەواڵەکە بەئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام لەراستیدا، هەواڵەکە نەک ئاسایی نییە، بەڵکو بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئێران کەچۆن دەست وەردەداتە ناوکاروباری عێراقەوە. کەبێگومان، ئەو تەقەمەنییەی جێ ماوە، بەشێکی کەمی بووە.

ئەمە جگەلەوەی ئەم چەشنە کارانە درێژەپێدانی نەخشەیەکی تێکدەرانەیە، بۆ پشتیوانی کردنی تیرۆریستان. وەزیری ناوخۆش ناتوانێت رووداوەکە بە رووداوێکی دابڕاو لەنەخشەیەکی گشتی تێکدانی عێراق پیشان بدات. ئەم جۆرە پینە (مەزهەبیانە!!) زوو هەڵدەتەکێت!!■

ئەگەر نەچن.. ئەندامانی پەرلەمان سزا دەدرێن!

دیارەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، چ لەکۆبونەوە گشتیەکان و چ لە لیژنە تایبەتەکاندا، بۆتە هۆی دواکەوتنی کاروبارەکانی ئەنجومەن و لیژنەکانی.

بەشێکی بەرچاوی نەچوان، لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانیدان. مانگێک لەمەوبەر، بریار وابووە لیژنەیەکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی، نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بانگ بکەن و پێیان رابگەیەنن کەنەچوون، چ زیانێکی هەیە بۆ کێشەی گەلەکەمان و مەسەلەی دەستور و ئەو بریارانەی لەناو ئەنجومەنەکەدا دەدرێن. بەڵام هەتا ئێستا نەلیژنەکەی هەردوولا پێکهاتووە و نەکەسێکیش بانگکراوە.

لەدانیشتنی هەفتەی پێشوی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، بریاردراوە سزای جیاجیا بۆ ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نیشتمانی دابنرێت کەئامادەی کۆبونەوەکان و لیژنە تایبەتیەکان نابن. هەر لەبرینی موچەو پارەی زیادەوە کەلەلیژنەکاندا وەری دەگرن، هەتا دەگاتە ئەوەی گەر سودی نەبوو، متمانەیان لێوەرەگیرێتەوە.

ئێمە نازانین ئەم هەرەشەی سزایە چەند ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەترسێنێت بۆ ئامادەبوون. ناشزانین زیاتر لەکام لیستی ئەنجومەن بریارەکە رایانەچڵەکێنێت. بەڵام ئەوە دەزانین..

لەم خولەی پەرلەمانی عێراقدا، هەموو ئەوانەی لەهەموو لیستەکاندا ئامادەی کۆبونەوەکان نەبوون، بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، کاریکی زۆر نابەجێیان کردووە. لەمێژووی ئەم خولەی پەرلەمانیشدا، ئەو کەسانە، شوێنێکی ناشایستەیان بەرەکەوێت.

جارێکی تریش ئەم جۆرە کەسانە، شایەنی ئەوە نین بچوکترین پۆستی سیاسیان بدرێتێ. بەتایبەتی کارەکەیان گەیاندە ئەو رادەیە بەهەرەشەی سزا ناچاری ئامادەبوونی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیان بکەن.

هەقیش وایە، تەلەفیزیۆن و رۆژنامەکانی کوردستان، ئەو کەسانە بخەنە بەر لێپێچینەوەی ویژدانی لەبەردەم رای گشتیدا، هەتا خەڵک ئەو نوێنەرە سەپێنراوانە بناسێت کەهەتا دەکرێتە ئەندامی پەرلەمانەکان، هەزار هەڵپە دەکەن، بەڵام کەدەبنە ئەندام، لەترسا، ئامادەی ئەو دانیشتنانە نابن کەچارەنوسی دەستور و خزمەتگوزاریەکانی کوردستانیان پێوە بەستراوە.■

جاشنامەی جاشێکی عێراقی نوێ!

لەدوا پرۆژەی لیستی ئیئتیلافدا کە (چاودێر) دەقەکەی بڵاوکردەوە، بەپێی پیلان هەوڵدراوە کاکەیی و یەزیدی و فەیلی و... شەبەک، لەکورد دابرێن. لەرووی مەزهەبیەوە جگەلە یەزیدیەکان، تایفەکانی تر لە مەزهەبی شیعەوە نزیکن. بەڵکو زۆربەی شەبەکەکان شیعەشن. هەر بۆیە، لیستی ئیئتیلافی شیعە بەپیلان و لەپێناوی ئەوەی بەڵکو بتوانن لەئایندەدا، مەزهەبی شیعە بەتەواوەتی لەناو ئەو تایفانەی کورددا بچەسپێنن، سەرەتا لەپرۆژە دەستوریەکەیاندا وایان دەرخستووە گوایە ئەوانە کورد نین. وادیارە لەم پیلانەشدا، خەڵکانی خۆفرۆش هەن بونەتە دەستکێشیان، بەتایبەتی لەناو شەبەکەکاندا. ئەم جۆرە کەسانە، لەجاشێتی رژێمی سەدام وا دیارە تێریان نەخواردووە، بۆیە، وەکو (جاشی نوێ) کەوتونەتە هەڵگێرانەوەی رەچەڵەکی شەبەک و دەیگێرنەوە بۆ عەرەب. ئەم نامەیە، نامەی (جاشێکی نوێ)یە کەبۆ چنگ خستنی دەستکەوتی تایبەتی، زاتی کردووە بنەچەی شەبەک بباتەوە سەر عەرەب. دەقی نامەکە بۆیە بڵاودەکەینەوە، هەتا خوێنەری کورد بزانێت چۆن هەوڵ دەدرێت کورد لەکورد هەڵبگێرنەوە. بەمەش دەیانەوێت ناوچە کوردنشین و کوردستانیەکانی دەوروبەری موسڵ، لەناو خۆیاندا دوچاری گێچەڵی رەگەزگەرایی بکەن. بێگومان ئەم پیلانە ئەگەر زوو بەرپەرچ نەدرێتەوە، ناوچەی دیکەش دەگرێتەوە. بەتایبەتی کەرکوک و دەوروبەری. دڵنیاشین (جاشی نوێ) زوو رسوا دەکرێن، بە مەرجێک دەست بەجێ بەرپەرچ بدرێنەوە و رێگە نەدرێت پیلانی بۆگەنی ئاوا، تەشەنە بسەنێت.■

بەناوی خوای گەورە
بۆ ئەندامانی بەرێزی لیژنەی دەستور

پێدەچێت برا کوردەکانمان سور بن لەسەر بەکورد کردنی (شەبەک)و چواندنیان بەبەشێک لەنەتەوەی کورد بۆ مەبەستی سیاسی لەپارێزگای موسڵ. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەتکردنەوەی دەستور هەیە لەلایەن رۆڵەکانی پارێزگای موسڵەوە. هەموو رۆڵە بەشەرەفەکانی پارێزگای موسڵ بەکورد کردنی (شەبەک) رەت دەکەنەوە، بەرەتکردنەوەی کۆتایی، لەرۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٠ لەپێش هاوپەیمانێتی کوردستاندا هەندێک بەڵگەو رونکردنەوە لەگۆڤاری دهۆکدا کەدابەش کرا سەبارەت بەو بابەتە. لاپەرەکانی ئەو گۆڤارە لە دوای روخانی رژێمی (سەدام حسێن)ەوە پرکراونەتەوە و ئەندامانی حیزبی کوردی لەوانە (عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی و خوسرەو گۆران) سەرپەرشتیاران کە ئێستا پۆستی جێگری پارێزگارو سەرۆکی لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان وەرگرتووە لەپارێزگای موسڵ. لاپەرەکانی ئەو گۆڤارە پێکهاتووە لەکۆمەڵێک هەڵەی زۆر و زانیاری ناراست دەربارەی ئەو مەسەلەیە، چونکە نوسەرەکانیان ئەوانەن کەشەبەکی نین، چەمکی (کوردی شەبەک) یاخود (شەبەکی کورد) دیارە یەکێکە لەدەستەوتەکانی دیموکراسی، ئەم چەمکە تازەیەش لەسەر شەبەک و شەبەکیەکان و ناوچەکانیان رەواج پەیداکردن و بازار پەیداکردنە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کەلەسەر شەبەک ئەمانەی خوارەوەیان سەپاندووە:

یەکەم/ نوسەر بانگەشەی ئەوە دەکات کەئەو زەوی و زارانەی کەشەبەکیەکانی تیا نیشتەجێن، بەشێکن لەخاکی کوردستان، ئەگەر ئەو زەوی و زارانەی شەبەک و ئاشوری و هەندێک لەعەرەبەکانی تیا نیشتەجێن بەشێک لەزەوی و زاری ناوچە کوردستانیەکان، ئەی بۆچی برا کوردەکان لەمیانەی رێکەوتنیان لەگەڵ سەدام حسێندا لەحەفتاو هەشتاکاندا داوای ئەوەیان نەدەکرد.

دووەم/ نوسەر بانگەشەی ئەوە دەکات کەزمانی شەبەکی یەکێکە لەشێوەزارەکانی کوردی، بەڵێ، زمانی شەبەکی هەندێک وشەی لەزمانی کوردی خواستووە، هەروەک چۆن هەندێک وشەی تری لەزمانەکانی تورکی، فارسی، هیندی، عەرەبی خواستووە. زمانی کوردیش بەهەمان شێوە هەندێک وشەی فارسی تێدایە، بەڵام دەکرێت بڵێین زمانی کوردی زاراوەیەکە لەزاراوەکانی زمانی فارسی؟

سێیەم/ نوسەر بانگەشەی ئەوە دەکات هەست و مەیلی شەبەکی لەروی نەتەوەیی و سیاسیەوە هەمان هەست و مەیلی کوردی پەتییە، من وەک یەکێک لەشەبەکیەکان، دەیان هەزاری دیکەش نکوڵی لەوە دەکەن هەست و مەیلی سیاسی و نەتەوەیی شەبەک بەئاراستەی کرد بێت، هەست و مەیلی ئێمە عێراقی - شەبەکی پەتییە، هەست و مەیلی کوردی ئینتیمابوونە بۆ حزبی کوردی کەتێیدا هەندێکیان رەگەزی موخابەراتی سەدامن.

چوارەم/ دابونەریت و کلتور و بەهای شەبەک و مێژوەکەیان بەهەموو رەهەندێکەوە دوورە لەکورد، ئەمەش بەبۆچونی زۆر لەنوسەرانی وەک مامۆستا (زهیر کاظم عبود، أحمد الصراف، عبدالمنعم الغلامي، سعید الدیوجي) کەلەسەر شەبەک و شەبەکیەکان نوسیویانە.

پێنجەم/ سەبارەت بەعەشایەرەکانیش، شەبەک، ئیعتراف بەبونی کەسێک ناکەن کەناوی سەرۆک عەشیرەتە، ئەوەی بونی هەبێت لەشەبەکدا (البوه، کەپێکدێت لەگەورە خێزانەکان، بەڵام (زیبک) دۆسکی، هەرکی، سورچی عەشایەرەکانی کوردن و بربرەپشتی فەوجی پارێزگاری کردن و پاڵپشتی دەکرێن و بەکارهێنرێن لەلایەن حزبە کوردیەکانەوە بۆ مەبەستی نیشتەجێکردنی کوردان لەناوچەکانی شەبەکدا، لەناوچەکانی (القلاع) لەنێو لادێی شەبەکیەکاندا لەخەزن و توپزاوا و تەهراوادا. رۆڵەکانی شەبەک خۆیان باش ئینتیماو شوناسی خۆیان دەزانن و پێویستیان بەحزبی کوردی نییە بۆ دیاریکردنی شوناس و چارەنوسیان. ئەوەی کەبرا کوردەکانیش پێی هەستاون دژی مافی بنچینەیی کەمایەتیەکانن و لەجەوهەریشدا جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو کارەی کە سەدام حسێن پێی هەڵدەستا بۆ تەعریبکردنی شەبەک.

دەست لەشەبەک و ناوچەکانی تر هەڵبگرن و رێزو شکۆی خەڵکەکەی بپارێزن، ئەگەر کەسێکیش هەبێت لەشەبەکدا باوەری وابێت کەشەبەک کوردییە، بەتوندوتیژی روبەروی نابینەوە، بارێزی شەبەکیەکان بگرن و لێگەرێن باخۆی چارەنوسی شوناسی خۆی دیاری بکات بێ ئەوەی کەس خۆی تێ هەڵقورتێنێت.

لێرەشدا دەیان نوسین و کتێب و کوراسەی نوسراو هەیە کەبەشێوەی یەکلاکەرەوە پەیوەندی شەبەک بەکوردەوە رەت دەکاتەوە، لەوانەش: (کتێبی شەبەک)ی (زهیر کاظم عبود، عبدالمنعم الغلامي، سعید الدیوه جي، سعد ابراهیم العضمي)، بەڵام ئەگەر نوسەرانی کورد دەیانەوێت شتی هەڵە بۆ مەبەستی پێشینەی سیاسی بنوسن، ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، ئەمەش لەسەر زەمینی واقیعدا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆرێت. ئەوەی ماوەتەوە دەمەوێت بیری شەبەک و غەیرە شەبەکیەکانی بێنمەوە کەچەند زوڵمیان دەرهەق کراوە لەئاکامی ئەوەی کەوەک نەتەوەو کەمایەتیەکی سەربەخۆ ئیعترافی پێنەکراوە لەدەستوردا، ئەمەش خراپیەکە کەهەموو پێکهاتەکانی دەستور دەگرێتەوە ئەگەر روبدات.

بەخواتان دەسپێرم.
(ولایلحق المکر المسیئ الا بأهله)
صدق الله العظیم

هاوپێچ: نوسخەیەکی کتێبێک بەناوی (شەبەک) کەلەلایەن کۆمەڵێک رۆشنبیری یەکگرتووی شەبەکەوە نوسراوە.■

د. حنين محمود القدو
سکرتێری گشتی کۆمەڵی شەبەکی دیموکراتی
ئەندامی لیژنەی دەستور

فێندەمینتالیزم وەک ئەوەی لەئەمرۆدا هەیە... هەڵهاتنە لەواقیع یان بەرگریکردنە لەشوناس؟

نصر حامد أبو زید

و: ئومێد عوسمان

لەهەنوکەدا بیرۆکەی فێندەمینتالیزم (ئسوڵیەت) لەتێگەیشتنەکاندا بەتایبەتیش لەخۆرئاوادا، بەئیسلام و جیهانی عەرەبی/ ئیسلامیەوە دەبەسترێتەوە، هەرچەندە لەیەهودیەت و مەسیحیەت و بوزیەت و هندۆکیەت و سەرجەم ئاینە ناسراوەکانی دیکەدا دروست بوونی گروپە ئسوڵیە پەرگیرەکانی خۆرئاواش بەدەست هەڵکشانی چالاکیە ئایینی و سیاسیەکانەوە دەناڵێنن کەدژە ئاراستەی گروپ و دەستەو رێکخستنەکانی جیاواز بەخۆیان دەکرێن. هەروەک ئەوەی ئێستا لەنیو نازیزم و کێشمەکێشی ئایینی لەئێرلندا دەبینرێت. هەروەها زیندوکردنەوەی هەندێک لەپێرەوگە فاشیەکان؛ جا ئەوە لەهەندێک لەوڵاتانی باشور و خۆرهەڵاتی ئەوروپا یان ئەمریکای باشور بێت، کەهەر هەمویان بزاڤ و ئاراستەو پێرەوگە (نزعە)ی لەجۆری گروپە ئیسلامیە پەرگیرەکانن کەلەراوبۆچونی گشتی و هەڵوێستیاندا جیاواز نین. هەروەک کارین ئارمسترۆنگ لەکتێبە دانسقەکەیدا کەلەساڵی ٢٠٠٠ لەژێر ناونیشانی (شەرەکانی لەپێناو خودادا) دەرچوو، دەڵێت: ئسوڵیەت لەیەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلامدا، هەموو ئسوڵیەکان خۆیان بەمەسەلەی دیموکراسیەت یاخود فرەیی یاخود لێبوردەیی ئایینی، ئیسلام یان ئازادی رادەربرین، جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، سەرقاڵ ناکەن هەر هەمویان سەربەیەک تەرزن کەئارەزووی ململانێکردن دەکەن لەگەڵ دوژمنانیان لەعەلمانیەکان. ئەوان وا لەو ململانێیە ناروانن کەجۆرێک بێت لەکێشمەکێشی سیاسی، بەڵکو ئەوە جەنگێکی گەردوونییە لەنێوان هێزی خێرو شەردا. فیکریان لەهەندێک تیۆرەی کۆنی سەر بەرابردوو سەرچاوەی گرتووە، کەئارەزوو دەکەن لەواقیعی ژیانی رۆژانەی ئاسایی لەکۆمەڵدا پاشەکشە بکەن. ئەوان بۆ خۆیان رۆشنبیریەکی داخراوی دژ بە رۆشنبیری باوی ناو ئەو کۆمەڵەی کەتێیدا دەژین چێدەکەن، بێ ئەوەی ئینتیمای راستەقینەیان بۆی هەبێت.. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە ئسوڵیەکان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، وەک شێوازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کەکوشتن و غافلکوژی و ئاژاوە نانەوەو کێشمەکێشی خوێناوی کەرەنگە بشگاتە ئاستی جەنگ وەک ئەوەی لەیوگسلاڤیا روویدا، لەخۆ دەگرێت. هەموو ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەفێندەمینتالیزم هەر لەسەر ئیسلام و جیهانی ئیسلامی یان گروپە ئیسلامیە پەرگیرەکان رانەوەستاوە، بەڵکو دیاردەیەکە گشتییەو بەدرێژایی سەرجەم قۆناغەکانی مێژووش ئاینێک یاخود باوەرێک یان دەوڵەت و رۆشنبیریەک لەسەر ئاستی جیهانیدا لێی دەرباز نەبووە. بەڵام رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری کارەساتبار، هاندەربوو بۆئەوەی روو لەئسوڵیەتی ئیسلامی بکرێت لەژێر بانگەشەی دژایەتیکردنی تیرۆری ئیسلامی و تۆمەتبارکردنی ئیسلام بەوەی کۆنەپەرست و نەیاری پێشکەوتن و رەتکەرەوەی نوێبونەوەیە. وادیاری ئەمریکا کەبانگەشە بۆ دژایەتیکردنی ئسوڵیەتی ئیسلامی دەکات لەبیری چووە کەهەندێک لە رەنگەکانی فێندەمینتالیزمی مەسیحیەتی لەسەدەی نۆزدەیەمدا ناسیوەو هەر ئەویش زاراوەی ئینگلیزی (Fundamentalism) هاوواتای (أصولية)ی عەرەبی داڕشتووە، بۆ جاری یەکەمیش بەم واتایەی ئێستای لەوتارێکدا لەساڵی ١٩٢٠ لەگۆڤاری (watchman/txam-iner) بەکاری هێنا، کەگۆڤارێکی شێوە ئایینی بوو. ئەویش بۆ قسەکردن لەسەرکۆبونەوەیەک، کەیەکێک لەگروپە ئایینیە پرۆتستانتەکانی سەر بەکڵێسای مەعمەدانی بۆ مشتومرکردن لەسەر هەندێک راوبۆچوونی خوازیار بۆ نوێکردنەوەی ئاینی سازکردبوو، تا دژایەتیان بکات و بانگەوازی عەلمانیەکان رەت بکاتەوەو بانگەواز بکات بۆ پابەندبوون بەرێنمایی و پرانسیپ و بنچە ئاینیە بەجێماوەکان. کەوابوو بەرایی یەکەم لەبەکارهێنانی زاراوەکە لەواری گەرانەوە بۆ بنەچەی یەکەمی ئایین، سەرەتاکەی ئەمریکیە. بەڵام پاش تێپەربوونی پتر لەهەشتا ساڵ ئەمریکا هەمان زاراوە بەکاردەهێنێت بۆ لەکەدارکردنی ئیسلام وەک ئایین کەبانگەواز بۆ توندوتیژی دەکات و بەتیرۆر و دەمارگیری هەڵدەستێت و لێبوردەیی نییە و رقی لەوی ترە و ئارەزووی قرکردن و سرینەوەی لەبوندا بەتەواوەتی دەکات، لەبەرئەوە مافی سزادانی هەیە. سەرباری بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایی و سەرکۆنەکردن و زەرورەتی نەهێشتنی ئەو بزوتنەوەو ئاراستە ئسوڵیە پەرگیرانە، وادیارە لایەن هەیە، کەهەمیشە سورە لەسەر وروژاندنی هاواروقیژەی ئایینی و ئیستغلالکردنی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی یان

> **کۆمەڵی مرۆییش مافی خۆیەتی هەست بەنیگەرانی و بێزاربوون و نائارامی بکات لەهەڵکشانی چالاکی گروپە ئسوڵیەکان و پەنابردنیان بۆ توندوتیژی وەکو وەسیلەیەک بۆ دەربرینی بۆچون و نارەزایی پیشاندان و یاخی بوون بەسەر هەلومەرجی خراپی ئەو میللەتانەی کەئەم گروپانە ئینتیمایان بۆی هەیەو بەدەستیەوە دەناڵێنن**

نصر حامد أبو زید

ئابوری و دوریش نییە لەپێناو جێبەجێکردنی پلانەکانی لەجۆشدانی رووداو و ئەو هەڵوێستانەی کەبەزەرورە دەبێتە هۆی پێکدادان و شەڕ بۆ بەرگریکردن لەئایین و پرانسیپەکانی. بۆ نمونە ئەوەی کەدیسان لەئەیلولی ساڵی ٢٠٠١دا، بەڵام لەهیندستان، ئەوەبوو هەندێک لەوانەی مەرامدار بون لەکاتی گێرانی ئاهەنگێکی گەورەی ساڵانەدا، پروپاگەندەی ئەوەیان کرد، کەدەستەیەک لەموسوڵمانەکان ژمارەیەک کچیان رفاندووە تا ناچاریان بکەن ببن بەئیسلام، ئیتر گۆرەپانەکانی ئاهەنگ گێران یەکسەر بۆ گۆرەپانی شەری نێوان هیندۆس و موسوڵمانەکان گۆراو ژمارەیەکی زۆر لەهەردوولا بوونە قوربانی، بگرە ئەم پروپاگەندەیە لەهەمان کاتدا گەیشتە بریتانیاو پێکدادانی هاوشێوە لەنێوان هەردوو گروپی نیشتەجێدا روویدا، بەرلەوەی راستی ئەو هەواڵە هەڵبەستراوە روون ببێتەوە. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کەتاوەکو چەند گومان و بگرە رقلێبوونی وەکو یەک لەبەرامبەر یەکتری و ئامادەیی دەروونی بۆ پەسەندکردنی هەموو ئەوەی رووبەرووی ئەوی تر دەبێتەوە لەئارادایە، هەروەها خێرایی بەرەنگاربوونەوە لەپێناو پارێزگاریکردن لەخودو بەهاو دوپاتکردنەوەی شوناسی ئایینی، کەئەمانەش دەرەنجامی جیاوازی باوەری ئاینییە.

هەمان رووداو بەڵام نەگەیشتە ئاستی توندوتیژی خوێناوی دووبارە بووەوە، کاتێک لەم ماوە نزیکانەدا، دەزگاکانی راگەیاندن و رای گشتی فەرەنسا وروژان کەگوایە خانمێکی فەرەنسی لەپاریس لەلایەن هەندێک لەموسوڵمانانی باکوری ئەفریقاوە پەلاماری خۆی و منداڵەکەی دراوە، ئەمەش بەرلەوەی راستی ئەو درۆ راگەیەنراوە ئاشکرا بێت.

کۆمەڵی مرۆییش مافی خۆیەتی هەست بەنیگەرانی و بێزاربوون و نائارامی بکات لەهەڵکشانی چالاکی گروپە ئسوڵیەکان و پەنابردنیان بۆ توندوتیژی وەکو وەسیلەیەک بۆ دەربرینی بۆچون و نارەزایی پیشاندان و یاخی بوون بەسەر هەلومەرجی خراپی ئەو میللەتانەی کەئەم گروپانە ئینتیمایان بۆی هەیەو بەدەستیەوە دەناڵێنن. دەرەنجامی توندوتیژیش نانەوەی پشێوی و نیگەرانی و نائۆقرەییە، ئەمە جگەلە قوربانی مرۆیی و زیانی ماڵی زۆر. بەڵام نارەواشە وا لەئاینەکان بەتایبەت ئاینە ئاسمانیەکان و ئاینە جیهانییە گەورەکانی وەک بوزی و کۆنفۆشیۆسی بروانێت کەبانگەشە بۆ توندوتیژی و هاندان بەرەو رق لێبون دەکەن، بەڵکو لەزۆر کاتدا هەلومەرجی خراپی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە، کەخەڵکیش لەبەرامبەریدا لەروویەکەوە هەست بەبێتوانایی پەسەندکردن و وەڵامدانەوەی دەکات و لەهەمان کاتیشدا توانای گۆرینی نییەو لەبەردەمیشیاندا جگەلە پەنابردن بۆ ئایین وەک دەروازەی خۆقوتارکردن و حەشارگەو نمونەی باڵایان هیچی ترنییە کەبانگیان بکات و پاڵیان پێوە بنێت بەرەو رەتکردنەوەی ئەو واقیعە بەئازارە و هەڵگەرانەوە لێی و گۆرینی بەدەستەکانیان ئەگەر پێویستی کرد، بۆ بەرگری کردن لەقەوارەو مرۆڤایەتی بوون و سەلماندنی بوون و دووپاتکردنەوەی خودێتی و شوناسیان لەدژی هێزی نەیار کەخوازیارە ئەو شوناسە بسرێتەوە. ئەمەش ئەو پاساوەیە کەگروپە ئسوڵیەکان بۆ توندوتیژی و تیرۆر پەنای بۆ دەبەن. لەگەڵ دانپیانان بەزەرورەی رەتکردنەوەی دەرەنجامی کارەساتبار و تراژیدیاکان، کەسروشتی حاڵیشی وایە زۆربەی قوربانیەکانی بێتاوان بن.

لەدواجاردا بزوتنەوە ئسوڵیەکان، فۆرمێکن لەفۆرمەکانی گوزارشتکردن لەشوناسێکی کۆمەڵایەتی، کاتێک رەهەندە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکانی تری سەر هەڵدەدەن و واتا بەبونی مرۆیی دەدەن. جا ئەو گوزارشتکردنە فۆرمێکی نێگەتیڤ وەربگرێت کەخۆی لەکێشانەوە لەژیانی کۆمەڵ و خۆداخستندا دەبینێتەوە یاخود فۆرمی نارەزایی و یاخی بوون بەسەر هەلومەرجی دژوار داو هەوڵدان بۆگۆرینی یان هەتانەهێشتنیشی بەتەواوەتی بەهەموو رێگاکان کەرەنگە بگاتە کاری قرکردنی ئەویترو سرینەوەی بەتەواوی لەبوندا؛ لەپێناو زامنکردنی مانەوەی خوددا. لەوانەیە ئەمە هەندێک لەوە بێت کەگروپە ئیسلامیە پەرگیرەکان هەستی پێدەکەن لەهەڵوێستی رەتکردنەوە یان بۆ خۆرئاوا. بگرە هەستکردنی هەر گروپێکی تری ئسوڵیش لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەلومەرج و رەوشو رێکخستن و هێزە نەیارەکان، کەکۆت و بەند لەسەر مافی ژیانێکی شکۆمەندانەی ئەندامانی ئەم گروپو کۆمەڵانە یان ئەو دەوڵەتانەی کەئینتمایان بۆیان هەیە دادەنێن.

کەوابوو پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان ئاراستەو بزوتنەوە ئسوڵیەکان و خواستەکانی شوناس و هەستکردن بەخود لەهەمبەر هێزی ستەمکار و کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیدا و سەپاندنی هەژمونگەرایی لەدەرەوەدا هەیە. بەتایبەتیش کەئامانجی سرینەوەو نەهێشتنی بنەما بنچینەییەکانی رۆشنبیری کۆمەڵێکی زۆر لێکراودا بێت.

لێرەوە هەڵکشانی چالاکی ئسوڵیەکان لەدوای کۆتایی هاتنی قۆناغی جەنگی سارد و هەرەسی شورەوی و تاکرەوی و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بوو کەهەژموونی کاروباری جیهانی بەشێوەیەکی گشتی کرد، پاشان (ئەوەی پەیوەندی بەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی)یەوە هەیە، لایەنگری و پشتیوانیکردنی ئاشکرایەتی بۆ ئیسرائیل و کەم توانایی دەوڵەت و سیستەمی عەرەبی و ئیسلامییە لەرووبەرووبونەوەو بەرەنگاریدا. کەواتە ئسوڵیەت رەگ و ریشەی لەواقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا قوڵە، واتە (گرفتی) کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی ئایینی یان لاهوتی بێت. چارەسەرکردنیان بەلایەنی کەمەوە سنووردارکردنی توندوتیژیەکەشی پێویستی بەزانین و تێگەیشتنی ئەو هۆکارانە هەیە کەبونەتە هۆی دەرکەوتنی، هەروەها لابردنی ئەو هۆکارانەو دانپێدانانیان بەمافی هەموان لەژیانێکی شکۆمەندی سەربەخۆ ئارامدا. بەبێ ئەوەش ئەوا مەسەلەکان خراپتر دەبن و هیچ هێزێکی سەربازیش ناتوانێت ئەو رێکخستنانە کەنەک بەتەنها هێزیان لەئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، وەکو زۆرێک باوەریان وایە بەڵکو دیسان خۆشەویستیان بۆ مانەوەو بەردەوام بونیان لەبوندا دوپاتکردنەوەیان بۆ خود، لەناو ببات.■

> **ئسوڵیەت لەیەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلامدا، هەموو ئسوڵیەکان خۆیان بەمەسەلەی دیموکراسیەت یاخود فرەیی یاخود لێبوردەیی ئایینی، ئیسلام یان ئازادی رادەربرین، جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، سەرقاڵ ناکەن هەر هەمویان سەربەیەک تەرزن کەئارەزووی ململانێکردن دەکەن لەگەڵ دوژمنانیان لەعەلمانیەکان**

بەئیسلامیکردنی عێراق و دۆزی کوردی

فەرەیدون سدیق

لەگەڵ لکاندنی بەشێکی کوردستان لەچارەگی یەکەمی سەدەی رابردووەوە بەدەوڵەتی عێراقی تازە دروست کراوەوە، کێشەو تراژیدیاکانی گەلی کورد و هاوڵاتیانی کوردستانی لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتەوە دەستی پێکرد، نەک بەومانایەی کەپێشتر کورد لەسەر خاکی خۆی و بەر لەدروستبوونی ئەو دەوڵەتە ستەمکارە توشی ستەمی بەردەوام و کارەسات نەبۆتەوە.. بەڵکو لەگەڵ هاتنی ئەم دەوڵەتە گرفتەکان و کێشەکانی گەلی ئێمە هەم ئاڵۆزتر و هەمیش خوێناوی تر بوون. مێژووی زیاتر لەهەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراقی کەمێژووی دەسەڵاتی سوننە مەزهەبی عەرەبە بەسەر هەردووک پێکهاتەکەی تری گەلی عێراقی (کورد، شیعە)، هیچ کات و لەهیچ سەردەمێکدا وەکو یەک سەیری لایەنەکان و پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵی عێراقی نەکردووە، بەڵکو بەردەوام ئەم دوو پێکهاتە گرنگە بەچاوی دوژمن سەیر کراون، بەتایبەت گەلی کورد کەبەدرێژایی مێژووی خۆی لەعێراقدا تاوانبار کراوە بە بەکرێگیراوی و وابەستەی بەئیمپریالیزم و دوژمنانی یەکێتی گەلانی عەرەبی، وە باجی گەورەی ئەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەبی سوننەی عێراقی داوە.

لەگەڵ روخانی رژێمی بەعس لەسەر دەستی هاوپەیمانان و رۆژئاوا دەرگا کرانەوە بەرووی کۆی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو هەناوی کۆمەڵی عێراقی بۆ قسەکردن لەسەر داهاتوی سیاسی عێراق و دیاریکردنی شوناسەکەی، بەتایبەت لەگەڵ دەسپێکردنی پرۆسەی دارشتنەوەی دەستور، باشتر لەجاران روانگەو تێگەیشتنی ئەم لایەنانەی بۆ داهاتوی سیاسی دەوڵەتی عێراقی کەشف کرد.

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەسپێکردنی ئەم پرۆسە پر بایەخە، ئاراستەکانی عەرەبی عێراقی بەسوننەو شیعەوە بەرامبەر بەکورد دابەش دەبن بەسەر دوو لایەن، یەکەمیان فیدرالیەت کەداخوازیەکی ستراتیژی کوردییە بەرەوا نابینێ، بەڵام لەکاتی ورد کردنەوەی ئەم مافەدا، کەرکوک و خانەقین و کۆمەڵێک خاڵی یاسای تری پەیوەست بەم داخوازیە کوردستانیە رەت دەکاتەوە، لایەنی ئاراستەی دووەمیشیان فیدرالیەت بەبدعەیەکی کوردی دادەنێ و پێی وایە ئەم هەنگاوە سەرەتایە بۆ جیابونەوەی کوردستان لەخاکی عێراق و دابەشکردنی. لەهەردووک حاڵەتیشدا کورد و هاوڵاتیانی کوردستانی بەچاوی گومان و دڵەراوکێ سەیر دەکرێن. لێرەوە زۆرینەی رەوت و ئاراستە سیاسیە ئیسلامیەکان لەناو بۆتەی عێراقیدا لەبەرزترین دامەزراوە دینیەکانیاندا (هيئة العلماء المسلمين السنة، المرجعية الشيعية) کۆکن لەسەر هەوڵە بێ پەرواکانیان بۆ بەئیسلامیکردنی دەوڵەتی عێراقی لەرێگای دەستورەوەو دارشتنەوەی پێکهاتەکانی عێراق لەسەر ئەو نەخشە ئایینیە. بەوپێیەش کەکورد لەبنەچەدا خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەییە لەم ناوچەیە، بەناچاری توشی فشاری گەورە دەبێ لەبەردەم چارەکردنی کێشەکەیدا. چونکە هەموو بەئیسلامیکردنێکی دەوڵەتی عێراقی یەکسانە بەدانانی عەرەب بەبرا گەورەو بەپیرۆزکردنی زمانی عەرەبی، لەلایەکی تریشەوە زاڵ کردنەوەی کەلتوری عەرەبی ئیسلامیە بەسەر ئەقڵیەت و دنیا بینی و سیاسەتدا. بیرکردنەوەش لەجیابونەوەی خەڵکی کوردستان ئەگەر لەداهاتویەکی دوریشدا بێت، ئەوە بیرکردنەوەیە لەپارچە پارچەکردنی خاکی موسڵمانان و لاوازکردنی دەوڵەتی ئیسلامی. ئەم ئاراستەو بۆچونەی بەئیسلامکردنی دەوڵەتی عێراقی چ لەفۆرمی سونی دابێ یان شیعە بەجۆرێک لەجۆرەکان کورد دەکاتەوە هاوڵاتی پلە دوو، پاڵێکی گەورەش بەکێشەی کوردەوە دەنێ لەرێگای چارەسەربونەوە، بەرەو هەڵدێری قوڵکردنەوەی کێشەکان و گێرانەوەی بۆ دراوە.

> **ئەم ئاراستەو بۆچونەی بەئیسلامکردنی دەوڵەتی عێراقی چ لەفۆرمی سونی دابێ یان شیعە بەجۆرێک لەجۆرەکان کورد دەکاتەوە هاوڵاتی پلە دوو، پاڵێکی گەورەش بەکێشەی کوردەوە دەنێ لەرێگای چارەسەربونەوە، بەرەو هەڵدێری قوڵکردنەوەی کێشەکان و گێرانەوەی بۆ دراوە**

چونکە نابێ ئەوەمان بیربچێ کەتراژیدیاکانی ئێمە بەپلەی یەکەم لەسەر دەستی هێزە عەرەبیە موسڵمانەکانەوە ئەنجام دراوە، گوناهێکە لەئەستۆی جیهانی ئیسلامیدایە، داواکردنی ئەوەی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی بێت لەم گۆشە نیگایەوە یاریکردنێکی مەترسیدارە بەدۆزی کورد و داهاتووەکەی. ئەوە جیالەوەی کە لەم رێگایەوە باشترین دەرفەت دەرەخسێ بۆ پاشەکشەکردن بەدیمکراسی و ئازادیە تاکە کەسیەکان و راگەیاندنی ئازاد و کرانەوە لەناو کۆمەڵدا، وە دەرفەت دەرەخسێنی بۆ دروست بونەوەی دکتاتۆریەت و لەشکرە هەمەجۆرەکانی قودس و فیداییەکان.. هتد بالەژێر ناو دروشمی تریشدا بن. هەر هەموو ئەو خاڵانەش کە دەرئەنجامی بەهێزی دەوڵەتی ناوەندی لێ دەکەوێتەوە بۆ خۆیان لاوازی ئێمە دروست دەکات. بەرای من بەعس لەسۆنگەی ئەو بروایەوە کەئیسلامیکردنی دەوڵەت دەبێتە مایەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند، لەدوای شکستە سەربازیەکانی لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاوا، دەستی کرد بەفوکردن بەبیروباوەری ئاینی خەڵک و ئەو پرۆسەیەی دەست پێکرد کەناوی نابوو بە (الحملة الایمانیة) کە لەناوەرۆکدا بریتی بوو لەزیندوکردنەوەی هەستی ئاینی خەڵک و بەهێزکردنی، وە دژایەتیکردنی هەموو دیاردەیەکی ژیان دۆستی لەناو کۆمەڵی عێراقیدا، چونکە بەعس باش لەو راستیە گەشتبو کە لەم رێگایەوە دەتوانێ سەنتەری دەسەڵاتی خۆی رابگرێ لەبەرامبەر راپەرین و جموجۆڵە سیاسیەکانی ناوچەکانی عێراق (کوردەکان لەباکورو شیعە لەباشور). لەلایەکی تریشەوە بەم کارە دەرگاکانی بەردەم دیموکراسی و کرانەوە لەناو کۆمەڵی عێراقی دادەخا، کە کرانەوەیان سەرەکێشی بۆ لەلاوازبون و لەناوچونی. کەواتە هەڵە نیە ئەگەر بڵێین هەوڵەکانی بەئیسلامیکردنی دەوڵەتی عێراقی لەسەردەمی بەعسەوە دەسپێدەکات، وە لەبنچینەدا پرۆسەیەکبووە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ناوەندو رێگە گرتن لەشەپۆلی دیموکراسی، کەبەر لەهەمووکەس ئەم شەپۆلە دەرژێتە بەرژەوەندی دۆزی کوردی.■

> **هەوڵەکانی بەئیسلامیکردنی دەوڵەتی عێراقی لەسەردەمی بەعسەوە دەسپێدەکات، وە لەبنچینەدا پرۆسەیەکبووە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ناوەندو رێگە گرتن لەشەپۆلی دیموکراسی، کەبەر لەهەموو کەس ئەم شەپۆلە دەرژێتە بەرژەوەندی دۆزی کوردی**

وەرگێرانێک لەزمانی زگماکەوە

فیدرالیزم و کێشەکانی تری عیراق

و. لە ئینگلیزییەوە/ عەزیز ڕەئووف

Associated Press

ئەندامێکی کۆمیتەی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عیراق کە سەر بە کوردەکانە ڕایگەیاند: لەکاتێکدا لە کاتی دیاریکراوی تەواوبوونی ڕەشنوسکردنی دەستور نزیک دەبینەوە، سەرکردەی کورد و شیعە ڕێکەوتن لەسەر ناوی دەوڵەتی عیراق کە دەوڵەتێکی ئیسلامییە بەرامبەر گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوک گێڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆ ئەو شارە. بەڵام سوونەکان ڕەش بینن بەرامبەر بە گەیشتن بە هیچ ئەنجامێک لەو دانیشتنانەی کە لە نێوان سەرکردەکاندا ئەنجام دەدرێت. هەر بۆیە ساڵح موتڵەک لە سوننەکان ڕایگەیاند کە کێشەکان هێندە گەورەن کە توانای چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە.

سێ گروپی سیاسی سوننە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە دژ بە سیستەمی فیدراڵی عیراق بن ئەمەش بەو مانایە دێت کە بوونی سیستەمی فیدرالی لەبەرژەوەندی کورد لە باکور و شیعە لە باشوردایە.

کەمینەی کوردەکان لە باکور خوازیاری سیستەمی فیدرالین لە عیراقدا ئەمەش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەیانە کە لە ساڵی ١٩٩١وە خاوەنی دەسەڵات و پەرلەمانی خۆیانن لەو هەرێمەدا. بەڵام سوننەکان دژ بەم داخوازییەی کوردەکانن و بەسەرەتایەکی دەزانن لە جیابوونەوە لە عیراق و پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتە.

مەحمود عوسمانی سیاسەتمەداری کوردەکان ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کورد و شیعە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە عیراق کۆمارێکی فیدراڵ بێت بەمەرجێک ئیسلام ئاینی سەرەکی ئەو وڵاتە بێت، وەک داخوازییەکی سەرەکی شیعەکان. مەحمود عوسمان زیاتر وتی "کورد زیاتر مەبەستی شاری کەرکوکە و پێویستە کێشەی کەرکوک چارەسەر بکرێت".

کورد و شیعە کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی عیراقیان پێکهێناوە خەریکن دەگەنە ڕێکەوتنێک. بەڵام سوننەکان کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی ٣٠کانونی دووەمی ئەمساڵیان کرد کەچی ئیستا کۆسپ دەخەنە بەردەم ڕێکەوتنەکان و زۆر بە ئاشکرا دژی سیستەمی فیدرالین لە عیراقدا.

لە لایەکی ترەوە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی یەک لە پارتە گەورەکانی شیعە ڕایگەیاند کە فیدرالیزم باشترین سیستەمە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی عیراق . ئەلحەکیم زیاتر وتی "فیدرالی بالانسی سیاسی دەپارێزێت لە وڵاتێکدا کە دەیان ساڵ بوو لە سایەی دیکتاتۆریەتدا بوو".

ساڵح موتڵەک ئەندامی سوننە لە کۆمیتەی نوسینەوەی دەستور وتی "من ئەندامانی تری سوننە ڕازیش بین بەوەی فیدرالیزم لە دەستوردا بچەسپێت بەڵام من دڵنیام خەڵک سیستەمی فیدرالی ڕەت دەکاتەوە".

سوننەکان ئیستا خۆیان ئامادە کردووە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بە دەستەجەمعی بەشداری بکەن بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکەی ٣٠ کانونی دووەمی ئەمساڵ کە بە دەستە جەمعی بایکۆتی ئەو پرۆسەیەیان کرد. شێخ مەحمود ئەلسومەیدی لە کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی عیراق وتی "ئێمە لەم وڵاتەدا فیدرالیزممان ناوێت بەڵکو عیراق یەک خاک و یەک نیشتمانە و فیدرالیزم عیراق دابەش دەکات".■

مافەکانی ژنان و دەستوری ئایندەی عێراق

سۆران عەبدوڵڵا

VOA A TRUSTED SOURCE OF NEWS AND INFORMATION SINCE 1942

سایتی دەنگی ئەمریکا (VOA) کەسایتێکی فەرمی ئەو وڵاتەیەو تارادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمریکایە بەڕووی جیهاندا بەگشتی و ڕوداوە پەیوەندیدارەکان بەویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بەتایبەتی، لەدوا سەروتاری ڕۆژانەی خۆیدا ڕۆژی شەممە، باس لەتەوەری مافەکانی ژنان دەکات لەدەستوری داهاتوی عێراقداو جەخت لەسەر دابینکردنی تەواوی یاخود لانی کەم زۆرترین مافەکانی ژنانی عێراق دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاوبۆچونی چەند کەسێکی چالاکی بواری مافەکانی ژنانی عێراقی بەنمونە هێناوەتەوە کەسەرجەمیان دان بەوەدا دەنێن ئەو مافانەی کەتاکو ئێستا لەنێو ڕەشنوسەکاندا سەبارەت بەژنانی عێراق دیاریکراون، نەیانتوانیوە سنوری مافە کۆنەکانی ژنان لەم وڵاتە ببەزێنن و ئێستاو لەم سەردەمەشدا، کەعێراقی نوێ بانگەشە بۆ کرانەوەو نوێبونەوەی ڕوانینی سیاسی خۆی دەکات، هێشتا پێوەری مافەکانی سەرجەم چین و توێژەکان پشت بەشەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی شیعە بەتایبەتی دەبەستێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێت لەسەر ئایندەی بانگەشە مەدەنی و سیڤیلیەکانی عێراق بەگشتی، جێی باسە بەپێی شەرعی ئیسلام ژنان خاوەنی تەواوی مافی خۆیانن، بەو پێیەی کە لەشەریعەت و کتێبە ئاسمانیەکان و سوننەتەکاندا هاتووە، کەئەمەش برێکی زۆری چەپاندنی ژنانی کۆمەڵی لێدەکەوێتەوەو داهاتووی هاوتابوونی ژن و پیاوی عێراق مۆلەق دەکات و مەترسی دەبێت لەسەر مافی ژنانی عێراقی بەگشتی.

شایەنی باسە سەرجەم وڵاتانی دونیا بەچاودێری وردەوە سەرنجی مافە مەدەنی و تاکەکەسی و مافەکانی ژنان دەدەن، لەلای زۆربەشیان دەبێتە جۆرێک پێوەری دیموکراتیزەکردنی وڵات و ڕیزبەندکردنی کیشوەران بەپێی چەندو چۆنی ئەو مافانەی کە بۆ تاکەکەس و ژنانی خۆیانی قایل دەکەن، هەربۆیە بەلای ئێمەوە وەکو کورد گرنگ دەبێت کە ما فەکانی ژنان لەدەستوری ئایندەدا پارێزراوبێت و لانی کەم گەر ناتوانین زیاتریان بۆ دابین بکرێت، باهیچیان لێ زەوت نەکرێت. بۆ ئەم مەبەستانەش ژنانی عێراق بەرێکخراوو چالاکەکانیانەوە لەجوڵە و کارکردنی جدیدان بۆ سەرخستنی خواستەکانی ژنان بەپێی هەلومەرجی ئێستاو ناوچەکە، دەتوانین دیدارەکانی نێوان ژنان و زاڵمای خەلیل زادو دیداری ژنان و سەرۆک تاڵەبانی بەنمونە بێنینەوە، ڕەنگە بەڕێز تاڵەبانی نزیکترین و سەرەکیترین ئەو کەسانە بن کە پێویستە ژنان ڕووی تێ بکەن و متمانەی تەواوی پێ بکەن، کارە یاساییەکانی لەهەرێمی کوردستان و لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا باشترین شایەتی ئەو لایەنن.■

ئەردۆگان کێشەی کورد چارەسەر دەکات

ئازاد سیوەیلی

turkish daily news Turkey's first and only English daily

ڕۆژنامەی (Turkish Daily News) ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە، بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (ئەردۆگان کێشەی کوردەکان چارەسەر دەکات). لەو بابەتەدا هاتووە ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاندووە کەئێمە بەرامبەر کوردەکان هەڵەمان کردووەو بەزووترین کات کێشەی کوردەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەتورکیادا چارەسەر دەکەین.

ئەمە بۆ یەکەم جارە سەرکردەیەکی تورکی وا بەڕاشکاوی دان بەو هەموو زوڵم و تاوانانەدا دەنێت کەتورکەکان لەو وڵاتەدا دژ بەکوردەکان ئەنجامیانداوە. ئەم لێدوانەی ئەردۆگان لەکاتێکدایە کەئەو وڵاتە هەوڵی ئەوە دەدات لەیەکێتی ئەوروپادا بەئەندام وەربگیرێت. بەڵام ڕەنگە دیارترین کاریگەری لەسەر سەرانی وڵاتی تورکیا پەیوەندی بەو خۆپیشاندانە جەماوەریانەوە هەبێت کەئێستا کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە. ئەمەو لەپاڵ بەرەو پێشچوونی دۆزی کورد لەکوردستانی عێراق و پێشتریش خۆپیشاندان و ناڕەزایی کوردەکانی قامیشلی، بەرەو پێشچوون و هەنگاوی شۆڕشگێرانەی کوردەکان لەهەر چوار پارچەکەدا دەردەخات.

ئەردۆگان، ئێستا باش دەزانێت کەدۆزی کورد لەناوچەکەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ڕەنگە ئەو نارەزاییەی کوردەکان لەپارچەکانی تردا، ناراستەوخۆ کوردەکانی تورکیاش بگرێتەوە، بۆیە بۆ هەڵنەگیرسانی شۆڕشی جەماوەری لەکوردستانی تورکیادا ئەردۆگان ڕایدەگەیەنێت کەکێشەی کورد چارەسەر دەکات. ئەگەرنا بەدرێژایی ئەو ٨٠ ساڵەی دەسەڵاتی ئەتاتورکیەکان لەو وڵاتەدا جگە لە سەرۆک (ئۆزال) کەکەمێک نەرمی نواند بەرامبەر کوردەکان. هیچ ڕژێمێک باسی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکانی نەکردووە.

ئێستا دۆزی کورد لەقۆناغێکی پێشکەوتنی باشدایە، بۆیە ئەم پێشکەوتنە کەم تازۆر کاریگەری هەیە لەسەر کوردەکانی تورکیا. ئەم ڕاگەیاندنەی ئەردۆگان دانپیانانێکی ئاشکرایە بەکێشەی کوردەکان لەو وڵاتەدا. گەر ئەردۆگان کێشەی کورد لەو وڵاتەدا چارەسەر نەکات، ئەوا ڕەنگە ئەو قەیرانە سیاسیەی تورکیا بەردەوام بێت و تورکیا خۆی لەبەردەم توندوتیژیدا ببینێتەوە.■

سیستانی دژی فیدراڵی نییە

سەردەشت

Guardian



ڕۆژنامەی (Guardian) ڕۆژی ١١ی ئەم مانگە، بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (سیستانی دژی فیدراڵی نییە)، لەو بابەتەدا هاتووە کەئایەتوڵا عەلی سیستانی دژی مافی فیدراڵی کوردەکان نییە، بەو مەرجەی باشوری عێراقیش فیدراڵی بێت.

دژایەتی نەکردنی فیدراڵی بۆ کوردستان، هیچ منەتێک نییە، چونکە بەرژەوەندی خۆیان واتە (شیعە) لەوەدایە کەفیدراڵی بچەسپێت بۆئەوەی باشوریش سود لەو چەسپاندنە وەربگرێت، کەوابێت ئایەتوڵا عەلی سیستانی ئەم فیدراڵیەتەی بەمەرج پێباشە، ئەگەر نا بۆ بڕیاری (٥٨)و داواکاریەکانی تری کوردستان قبوڵ ناکات و ئەمە لەکاتێکدایە کەلەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان یەکگرتنێک هەیە لەنێوانیاندا، خۆ ئەگەر ئەوەش نەبایە ئەوا ڕەنگە زیاتر دژی داواکاریەکانمان بوونایە، دەبو شیعە کەئەوانیش بەدەست ڕژێمی ڕوخاوی پێشووەوە قەتڵ و عام و ئەشکەنجەدراون و کوشت وبڕ کراون، زیاتر ئەمە ببوایەتە هاندەرێک لەنێوان هەردوو کوردو شیعەدا، چونکە هەردولا خاوەنی قوربانی گەورەن لەسەردەمی سەدام حسێندا، بەتایبەتی کورد، ئەو ئیئتیلافیەی کە پێکیان هێنا، زیاتر ڕێزی لێبگیرایەو پەیوەست بوونایە بەو بەڵێنانەی لەڕێکەوتنەکانیاندا هاتبوو، بەڵام شیعە پێشێلی دەکردو بگرە هەندێک جار هەروەک هیچ دانیشتنێک و هیچ ڕێکەوتنێک نەبوبێت لەنێوانیاندا ئاوا هەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ کورددا، کە ڕونیشە لەلایەن د. ئیبراهیم جەعفەریەوە بووە، بەهەرحاڵ ئەگەر شیعەش لەسەر داوا حەقیانەکانی کورد ڕازی نەبێت، ئەوا کورد هەر سوربوونی خۆی دەبارەو سەدبارە دەکاتەوە و بەهیچ شێوەیەک سازش ناکات لەسەر ئەو داواکاریانەی کەلەلایەن کوردەوە گەڵاڵە کراون و ئامادەن بۆ خستنەڕوو ڕەشکردنەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق.■

کەرکوک شارێک بۆ هەموان

کاوە نادر

The New York Times ON THE WEB

ڕۆژنامەی (New York Times) ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (کەرکوک پڕ کێشەترین شاری عێراق)، لەو بابەتەدا هاتوەکە شاری کەرکوک یەک لەو شارە پڕکێشانەی عێراقەکەزۆرترین کێشەی تێدایەو هێزە کوردی و عێراقیەکان لەسەری ڕێک ناکەون.

گومانی تێدا نییە شاری کەرکوک بەپێی یەک دنیا لەدۆکیومێنتی مێژوویی شارێکی کوردیەو زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شارە کوردن، بەڵام بەهۆی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیەوە هەزاران خێزانی عەرەب لەناوەڕاست و باشوری عێراقەوە هێنراون و لەکەرکوک نیشتەجێ کراون و کوردی ئەو شارەیان بەزۆر لەزێدی باوو باپیری خۆیان وەدەرنا.

ئێستا سیاسەتمەداران و سەرکردە کوردیەکان زیاد لەهەر ئان و ساتێک باس لەوە دەکەن کەکەرکوک شارێکی کوردیەو هیچ سازشێکی لەسەر ناکەین، دیارترین جەختکردنەوە لەسەر شاری کەرکوک، بەرزکردنەوەی نەخشەیەکی مێژوویی بوو لەلایەن (مام جەلال)ەوە، لەئەنجومەنی حوکم لەبەغداد، مام جەلال بەئاشکرا بەئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی عێراقی وت کەکەرکوک شارێکی کوردیەو مێژووش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت.



کەرکوک هەرچەندە عەرەب و تورکمانی ڕەسەنی تێدا نیشتەجێیە، لەئەنجومەنی حوکم و دەستوری کاتییدا هاتووە کەدەبێت ماددەی ٥٨ی تایبەت بەئاسایی کردنەوەی کەرکوک جێبەجێ بکرێت، بەڵام پێ دەچێت سەرانی عەرەب و شیعەکان لەم هەڵوێستەی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

کەرکوک شارێکی کوردیەو سەرکردایەتی کوردی و جەماوەری کوردستان سازش لەسەر کوردبوونی ئەم شارە ناکەن و مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا گەواهی ئەو ڕاستیەن.■

کۆبوونەوەی سەرکردەکانی عێراق

ئەنتۆنیۆ کاستانیدا
لێکدانەوەی: کەمال عومەر

REUTERS KNOW. NOW.

دوای بەئاکام نەگەیشتنی ئەندامانی کۆمیتەی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، دەرەنجام سەرکردەکانی عێراق بەسوننەو شیعەو کوردەوە بەسەرپەرشتی سەرۆک کۆماری عێراق بڕیاریاندا کۆبونەوەیەکی بەپەلە ئەنجام بدەن.

ئەنجامدانی کۆبونەوەی لەو جۆرە بێ شک پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئەندامانی کۆمیتەی نوسینەوەی دەستور نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێک. لە عێراقدا بەو پێیەی کە مەرجەعی دینی و سەرکردە سیاسییەکان دەسەڵاتیان لەپەرلەمان زیاترە، بۆیە دەرئەنجام هەر کێشەیەک پەرلەمانی عێراق نەیتوانی چارەسەری بکات، پەنا بۆ سەرکردە سیاسییەکان یاخود پیاوانی ئاینی دەبەنەوە.

عێراق بەو پێیەی وڵاتێکی فرە مەزهەب و ئاین و فرەنەتەوەیە، بۆیە گەر هێزو لایەنەکانی ئەو وڵاتە جیاوازیەکانی یەکتر قبوڵ نەکەن، گومانی تێدا نییە ئەو وڵاتە دەرئەنجام خۆی لەبەردەم قەیرانی ئاشتی و پێکەوە ژیاندا دەبینێتەوە.

بێگومان، هەموو دیالۆگێک لەمەڕ دەستور، سەرەڕای ئەوەی کەمشتومڕی ئێجگار زۆر هەڵدەگرێت، دیارە ڕاستەوخۆش پەیوەستە بەچارەنوسی نەتەوەیەک، بەچارەنوسی مەزهەبێک لەمەزهەبەکان، کەئەمڕۆ لەپێکهاتەی عێراقدا، بەئاشکرا خۆی دەنوێنێت، نەبوونی دەرئەنجامێکی، تاکو ئەمڕۆ، پەیوەستە بەئاست و ئاراستەی جیاوازی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی عێراق. دیارە لەعێراقێک کەماوەی چەندین ساڵە، کەمترین هەناسەی دیموکراسی و ئازادی تیا بەرجەستە نەبووبێت. ئەمڕۆ کەکەشوهەوایەکی ئاوا دیموکراسی، هەموو هێزە سیاسیەکان، دەیانەوێت ئاراستەی دەستور، بەبەرژەوەندی ئەوان تەواو بێت، چونکە نوسینەوەی دەستور، یاخود دەستوری وڵات بڕیارێکی کاتی یاخود بەرنامەیەکی سیاسی کورت نییە، بەپێچەوانەوە، بەرنامەی گشتی وڵات بۆ چەندین ساڵ، لەسەر ئەم دەستورە پابەند دەبێت. بۆیە شەڕی دیالۆگی دەستور، شەڕێکی ئێجگار چارەنوسسازە، چ بۆ کوردو چ بۆ هەموو هێزە سیاسیەکانی تر. دیارە هەریەکەشیان دەیەوێت زۆرترین پشکی بەربکەوێت. بۆیە بردنەوەی هەموو ئەو پێوانە یاسایی و سیاسیانەی بۆ دەستور دانراوە، واتە زامن کردنی ئایندەی میللەتەکەتە، کەکورد لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە، پێوەی دەناڵێنێت. بۆیە ئەمڕۆ، ئەم ئۆباڵە مێژووییە، ئێجگار گران و سەختە کەلەئەستۆی سەرکردەو هێزە سیاسیەکانی کورددایە. بۆیە، چی توانای دیپلۆماسیانەو هۆشیاری سیاسیانە هەیە، ئەمڕۆ دەتوانێت لەدوا دیالۆگی دەستوردا، زۆرترین دەستکەوت بەدەست دەهێنێت، چ بۆ فیدراڵی و چ بۆ ئایندەی نەتەوەکەی.■

توندو تیژی دژ بە ئافرەت لەجاهیلیەتەوە تا بەئیسلام بوون ریشەی هەیە!!

فاطمە مرنیسی

و: سوارە قەڵادزێیی

موسوڵمانە سەرەتاییەکان لەسەر واقیعی ئەو زەمینە نەدەژیان و بیریان نەدەکردەوە، وەکو کەئێمە ئەمڕۆ دەژین و بیر دەکەینەوە، بەڵکو ئەوان لەسەردەمێکدا دەژیان، کەزەوی و ئاسمان بەلای ئەوانەوە ئاسۆیەکیان پێک دەهێنا کەمرۆڤ بەئارەزووی خۆی سەرکێشی تێیدا بەکاردەهێنا.

شاری مەدینە لەنێوان ساڵەکانی ٦٢٢ز (١کۆچی) تا (٦٣٣ز)و مەرگی پەیامبەر (د.خ)، شارێک بوو بۆ هەموان وەک گەیشتن بەئاسمان بوو بەبێ ئەرک و ناخۆشی.

ئەمە بەواتە ئەو هەلومەرجەو واقیعە بوو بۆ پێغەمبەر (د.خ) چەندین جار تەنگەتاوی و ئاستەنگی بەدنیا هێنابوو. لەو بارەیەوە (بوخاری) فەرمودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە: (هەموو ژن و پیاوێک کەدەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر مەعریفە ئەنجام بدەن، زۆرباش بەبەردەوامی لەدەقی ئەو فەرمودەیە حاڵی دەبن. داوایان لێدەکات کەوازی لێبێنن بۆئەوەی بحەسێتەوە)، عومەر وتی: (کاتێک ململانێ و مشتومڕ پەرەی ستاند، لەبەردەم پێغەمبەردا ئەو بەڕێزە ماندوو دەکرا ناچار دەیوت: بڕۆن لێمگەڕێن بابحەسێمەوە)(٣١).

کوری سەعد دەگێڕێتەوە: (کاتێک پەیامبەر هەڵدەستا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە دەورویەریان دەگرت، لەگەڵیدا دەرۆیشتن(٣٥)). بۆ ئەم حاڵەتە پێویست بوو خواوەند پشتگیری خۆی رابگەیەنێت تابەو رادەیە پێغەمبەر (د.خ) ماندوو نەکەن، لەلایەن ئەوانەی زۆر تینو بوون بۆ زانیاری و مەعریفە، ئەوانەی کەم باوەڕ بوون، زۆر پرسیاریان لەسەر خواوەند ئاراستە دەکرد، لەوەڵامدا: (خواوەند.. هێزە..؟ خواوەند شەریعەتە.. خواوەند نمونەی کامڵ بوونە. لەگەڵ ئەمانەشدا خواوەند مەزنایەتییە) (إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون. ولو أنهم صبروا حتى تخرج اليهم لكان خيرا والله غفور رحيم) (ئەوانەی لەپشت دیوارو ژورەکانەوە پرسیارت ئاراستە دەکەن و بانگت دەکەن زۆربەیان ناوشیارن، هەرچەندە ئەوان ئارامیان گرتووە تا تۆ روبەرویان دەبیتەوە، ئەمەش بۆ ئەوان چاکترە و خواوەندیش لێبوردە و بەبەزەییە).

سکاڵاکردن و بردنی بۆ بەردەم یەزدان کارێکی نەشیاو نەبوو لەهەرکات و ساتێکدا، هەروەکو چۆنیش شیاو بووە، نارەواش نەبووە قسە لەسەر کێشەو بەرەنگاری بوونەوە، مەسەلە پەیوەندیدارەکان بەخیلافەتەوە بکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەیان. پێغەمبەریش (د.خ) هێڵی پەیوەندی بوو لەنێوان خەڵک و خواوەندا. یان بەئاکام گەیاندنی کێشەی نێوان خەڵک و پەیامبەر.

زۆر جار خەڵکان هێرشیان بۆ سەر پێغەمبەر دەبردو بەپرسیار لەسەر پرسیار دایان دەگرتەوە، زۆریش وا ڕێدەکەوت ئەو پرسیاریانە لەئەنجامی ئەو کێشەو ناکۆکیە خێڵەکیانەوە سەری هەڵدەدا، بەتایبەتی ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانە بەزۆری لەلایەن پیاوانەوە بەتوڕەیی و زمانێکی زبر دەردەبڕا.

(يا أيها الذين امنوا لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي ولا تجهدوا له بالقول كجهر بعضكم لبعض أن تحبط أعمالكم وأنتم لاتشعرون.(٤٧))

(ئەی ئەوانەی خاوەن باوەڕن، دەنگتان لەبەرامبەر پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە، زۆر بەزەقی و لێبڕاوو راشکاوی راو بۆچونەکانتان دەرمەبڕن، هەروەک چۆن ڕۆژانە خۆبەخۆ لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن، کەچی بۆخۆتان دەرک بەوە ناکەن).

پێغەمبەر کاتێک مرد، تەمەنی ٦٣ ساڵان بوو، لە ٦٣٣ز دا. ئەو سورەتانەی قسەیان لەسەر دەکەین، پەیامبەر لەساڵی ٨ی دوای تەمەنیا وەک پەیام بۆی دابەزیوە، ئەوکاتە مەرج بوو ئەو مەسەلە پەیوەندیدارانە بەکاروباری سوپاییەوە بلکێنێت و چارەسەریان بکات، کەبووبووبەهۆکاری مەترسی لەو سەردەمەدا، زۆرجار کەپێغەمبەر هەڵدەستا بەسەرکردایەتی کردنی شەڕو پەلاماردان، دوای ئەوەی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەو ماندوو بوون و نائارمییە بەپۆل ژن و پیاو، دەهاتن و هاواریان دەکرد بۆئەوەی پێغەمبەر چارەسەری کێشەکەیان بکات.

پێغەمبەر (د.خ) ئەوکاتە ئەو هێزو ئەو هێزو توانایەی نەبوو کەچی عومەر بەپێچەوانەی پێغەمبەر لەهەرەتی هێزو لاوێتیدا بوو، لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر پەیامبەر دانابوو.

جیاوازی تەمەنیان ئەوکاتە ١٢ ساڵ بوو هەرچەندە ئەویش لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لەساڵی ٦٤٤ز دا (٣٨).

لەکاتێکدا وتوێژو مشتومڕ دەربارەی مەسەلە سێکسیەکان شاری مەدینەی شڵەژاندبوو، ژن و پیاو ئەو مەسەلەیان لا ببوە بنێشتەخۆشە. بەرامبەر پەیامبەرو پەروەردگار، وەک دوو دادوەر روداوێکی ناشرین لەم شارە رویدا، ئەویش ئەوەبوو، پیاوێک زۆر بەخراپی لەژنەکەی دەدات.

ئەو زاناو ئیمامانەی ژیانی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوەو راڤەکردنی یەزدانی، لەتوانایاندا بووە، گەشە بە پەیرەوی ئاینی ئیسلامی بدەن کەوا لەسەر نەریتێکی گونجاو یەکسانی بەرێوەبچێت. بەپشت بەستن بەو ئایەتانەی کەدایکی سەلمە، دەستی کەوتبوو، لەئاسمانەوە راگەیەندرابوون.

لەو بابەتە ئایەتانەی تەماشای هەردوو رەگەزی نێرو مێ دەکات، بەڵام ئەوانەی لەجێگەی ئەوەی قسەلەسەر ئەو ئایەتانە بکەن، هەموویان مری خۆیان لەئایەتی (٣٤) لەسورەتی (نساو) خۆشکردبوو، ئەو ئایەتەی کەبەهۆی عومەرەوە بکەوێتە بەردەست، بەوەی کەعومەر لەبەردەم پێغەمبەردا پێدادەگرێت کەدەبێت کارێکی وا بکات، ئایەتێک پەیدا ببێت رێگە بەپیاو بدات لەژنەکەی بدات، دەسەڵاتێکی شەرعی و یاسایی بەپیاو بدرێت، بۆ ئەو مەبەستە.

ئەم ئایەتە بەتەواوەتی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ئایەتەی ناوبانگی پەیداکردووە بەئایەتی (دایکی سەلمە) بەتایبەتی ئەو حاڵەتانە وایانکرد کەشێوازی رەفتاری چینایەتی بەکاربرێت. لەپێناو سەرمایە کۆکردنەوەدا، ئەو رەگەزەی بوو بەهۆی رەخنە پەیداکردن لەسەر رەفتارەکانی ئیسلام کەبریتییە لەم ئایەتە: (الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم(٢٩)).

ماناکەی: (پیاوان بەسەر ژناندا دەبێت خاوەن دەسەڵات بن، بەوەی کە خواوەند چاکەی هەندێکیانی بەسەر هەندێکی تردا سەپاندووە، یان بەهۆی ئەوەی سەروەت و سامانەکانیان لەرێگەی خودادا بەخت کردووە، ئەو چین و توێژانە لەخاوەن باوەڕەکان رێ پێدراون زاڵبن بەسەر ژنەکانیاندا.(٣٩))

(فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما تخفض الله و اللاتي تخافون بنشوزهن فاذروهن وأهجروهن في المضاجع وأضربوهن فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا إن الله كان عليا كبيرا (٤١))، (ئەوانەی گوێڕایەڵ و بەڕێزو حورمەتن لەژناندا، رەچاوی نەریت و رەوشتی رەسەنی یەزدانی دەکەن، بەڵام ئەوانەی لەیاخیبوون و هەڵشاخینی خۆیان بەردەوام دەبن، راوێژیان بکەن، شەوانە سەرجێگاییان لەگەڵدا مەکەن، لێیان بدەن، خۆ ئەگەر هاتو لەژێر دەسەڵات و بڕیارتان نەچونە دەرەوە ئەوا بەربینگیان پێ مەگرن، خواوەند هەمیشە مەزن و باڵا دەستە.(٤١))

بەوەی کەیاوەرەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبەتی لەقورەیشییە کۆچ کردوەکان لەوێنەی عومەری کوری خەتاب. دژ بەئایەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوون و ئەم ئایەتەش زیاتر بۆ دڵنەوایی کەسایەتیەکی وەک عومەر بەدنیا هاتووە، هەروەکو راشکاوانە لەپەیامبەر دەخوازێت کەکارێکی وابکات (هەمیشە پیاو دەسەڵاتدار بێت بەسەر ژنەکانیدا، هەروەکو لەم ئایەتەی پێشودا دەرکی پێدەکرێت. وادیارە بەختکردنی سەروەت و سامان بۆ مەبەستی پیاوسالاری بەسەر ژناندا لەئایەتەکانی قورئاندا، هەروەکو لەئایەتی (الرجال قوامون...)دا دەردەکەوێت بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەمەش نیشانەیەکە لەگرنگی پێدانی سەرمایەدارو ئوروستوکراتەکان کەلەناخی ئاینی ئیسلامیدا شوێنی تایبەتی و دیاریکراوی خۆیان پێدراوە). (وەرگێر)

لەکاتی دەمەدەمەو مشتومڕدا پیاوێک لەپشتیوانان لەگەڵ ژنەکەیدا بەشەڕ دێت، بەقورسی تێیدەسرەوێنێت، بریندار دەکات، ژنەی دڵبریندار دەچێت بۆلای پێغەمبەر بۆ شکات، بەو پێیەی دادوەرە، داوای لێدەکات یاساو پەیرەوی ئیسلامی لەبەرامبەر تەجاوەزی مێردەکەیدا بەکاربێنێت، بەوەی سزای مێردەکەی بدات. پێغەمبەر راستەوخۆ بڕیاری لەسەر داخوازی ژنەکەدا، کەجێبەجێی بکات، خۆی سازدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بڕیارەی لەبەردەمی ژنەکەدا، ئەو ئایەتەی وەک پەیام بۆی هاتە خوارەوە: بەڵام یەزدان پێچەوانەی ئارەزووی ژنەکە بڕیارەکەی راگەیاند، پێغەمبەر دەرکی بەوەکرد کەبڕیارەکە پێچەوانەی خواست و رەزامەندی ئەو بووە، مێردی ژنەکەی بانگ کردو ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە و پێی وت: (من ویستم کارێک ئەنجام بدەم و خواوەند بڕیارێکی تری ئەنجامدا(٤٢)).

بەڵام بۆ هاوتەریبی لەگەڵ ئەم جیاوازیەدا لەنێوان خواستی پێغەمبەرو بڕیاری یەزدانیدا، پێویستە پەنجە بۆ جیاوازیەکی تر رابکێشرێت، ئەویش ئەو جیاوازییەیە لەئاست بڕیارەکەی پێغەمبەر (د.خ)دا، کەعومەر دژی وەستاوەتەوە. هەروەکو لەمەسەلەی ژناندا دەردەکەوێت، لەناو موسوڵمانانی مەدینەدا. دوو جۆر ئاراستەی پێچەوانە هەبوون بەتەواوەتی لەیەکتری جیاواز بوون:

یەکەم: ئاراستەی پێغەمبەر (د.خ) ئەویش ئەوەبوو کەئامۆژگاری نەدەکرد بۆئەوەی زەبرو زەنگ لەبەرامبەر ژناندا بەکارنەهێنن.

دووەم: دژ بەئاراستەی رێبازی پێغەمبەر بوو، ئەو ئاراستەیە عومەر نوێنەرایەتی دەکرد، چۆن دەبێت کاری بۆ بکرێت بۆئەوەی ئەو دوو ئاراستەیە، لەنێوان ئەو کەسایەتییەدایە بگاتە ئاستی خۆی، بۆ دوپاتکردنەوەی هەڵوێستی پێغەمبەر لەناخی پەیرەوی ئاینی ئیسلامدا.

چۆن دەتوانیت ئەو لێکدانەوەیە ئەنجام بدەین، لەنێوان دژە بۆچوونی پێغەمبەرو عومەردا؟ کەلەئاست ئەو پەلەبەرزەی بایەخ پێدانە لەنێوان هەردوکیاندا.

دەربارەی توندو تیژی بەرامبەر ژنان بەکارنەهێنان، ئەمەش نەبوو بەهۆی پێکهاتنی بابەتێک یان چارەسەرێک لەقەوارەی شەرعی ئیسلامیدا، بۆئەوەی موسوڵمانان لەئایندەدا پەنای بۆ بەرن. زۆر باس و خواس هەن پاڵمان پێوە دەنێن کەبیر بکەینەوە بۆ گەڕان بەشوێن لێکدانەوەیەکی بەرنامەیی لەئەدەبی ئاینیدا کەببێتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی تێڕامانمان لەئاست دەقە کۆنینەکان کەتائێستا پشتگوێ خراون بۆ زانایانی یاساو لاهوت بەتەنها.

خەڵکی سەردەمانی رابردوو لەشاری مەدینەدا، بەواتە خەڵکی سەرەتای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامی، وەک خەڵکی ئەمڕۆ وابوون، زۆربەیان خاوەن راوبۆچون و پرسیار کردن و قسەکردن بوون، لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، رەخنەیان گرتووە. بەتایبەتی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا بەخیتابی دەسەڵاتداری، هەرچەندە لەدیدی یەکسانیەوە ناروانن کێشەکان، بەتایبەتی ئەو لایەنەی کەئێمە مەبەستمانەو بایەخی پێ دەدەین، لەگەڵ مانەشدا هەمووی ئەوەی شایەنی وتن بێت و گەواهی لەسەر بدرێت ئەوەیە (پێغەمبەر دژ بە توندوتیژی بەکارهێنان بووە لەبەرامبەر ژناندا. لەسەر ئەو هەڵوێستەش سوور بووەو بەردەوام بووە. پێغەمبەر وتویەتی: (لاتضربوا النساء) بەکردەوە خەڵکی لەم رەفتارە دزێوە دورخستەوە. لەسەر ئەم هەڵوێستە عومەر دەچێتە لای و پێی دەڵێت (ئەی پێغەمبەری یەزدان ژنان هەمویان لەمێردەکانیان یاخی بوون). دوای ئەوە پێغەمبەر (د.خ) رێگەی داوە کەمێردەکان لەژنەکانیان بدەن. بەڵام وتی (رایانگەیاند کەوا کۆمەڵێک لەژنان هاتوون و دەوری ماڵی هاوسەرەکانی پێغەمبەریان تەنیوە، ژمارەی ئەو ژنانە ٧٠ کەس دەبوون هاتون سکاڵا لەدەست مێردەکانیان دەگەیەننە پێغەمبەر. (٤٣)).

ئایا مانای (النشوز) کەلەئایەتی (٣٤) لەسورەتی (النساء)دا هاتووە چی دەگەیەنێت؟ لەکاتێکدا کەهەموو شێوازە توندوتیژیەک بەرامبەر ژنان لەئیسلامدا قەدەغەکراوە؟ ئەمانەی قورئانیان راڤەکردووە، بەتایبەتی لەو کەسانەی کەلەسەر پەروەردەی ئاینی مەسیحی خۆیان راهێنابوو، هەمیشە بوارە نادیارو شاراوەکانیان دەخەنەڕوو، بۆ نمونە: (ئەگەر کارێک پەیوەندی بەلایەنە سێکسیەکەوە هەبێت (فریخی بلاشیر) وشەی (النشوز) بەیاخیبوون (العصيان، indocility٤) دادەنێت.)، لایەنە پەیوەستەکەی بەسێکسەوە بەندە، هەروەها (دینیز مایسۆن) وشەی (النشوز) بەناپاکی (عدم الامانە، indocility) لێک دەداتەوە، ئاوا لەبەرپرسیە تێکدەرییەکەی پوچەڵی دەکاتەوە، هەر لەسەر ئەم رەوتە: وشەی (النشوز) هەروەکو لێکۆڵەرەوە ئیسلامیەکان قسەی لەسەر دەکەن: (بریتییە لە یاخیبوونی لە ژنان بەواتە رەتکردنەوەی داخوازی مێرد بەتایبەتی لەروی پەیوەندیە سێکسیەکانەوە.)

بێوەفایی شتێکی ئەوتۆ نییە جگەلەوەی کەم توانایە لەو کردەوانەی کەمرۆڤ بۆی دەستەبەر دەکرێت ئەنجامی بدات. یان جێگەی بێ توانایییە لەئەنجامدانیدا، بەراوبۆچونی ئەم لێکۆڵەرەوانە بەشی زۆری خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیارێتی ئەویش بەمانا سادەکەی (رەتکردنەوەی مێرد)ە.

لەهەوڵێکی (تەبەری) زانادا بۆ لێکدانەوەی مانای ئەم ئایەتە: (ئەوە دوپات دەکاتەوە کەوا (النشوز) ئەوە دەگەیەنێت کەژن بەرامبەر ئیرادەی مێرد هەڵبشاخێت، ئەوە رەت بکاتەوە کەخۆی لەگەڵدا بگونجێنێت بەتایبەتی لەکاری (جوت بووندا)، وەک تەعبیرکردن لەیاخیبوونی، ئەمەش ئیرادەیەکی ئاشکرایە کەمەبەستی بەئەنجام نەگەیشتنی خواستەکانی مێردە، ئەویش دەربڕینی کینەیە بەرامبەر هاوسەرو نەگونجان لەگەڵیدا).

ئەوەی ئەمڕۆ مەلاو ئیمامەکان بەپێی (وەرگێرانی وشەیی، الترجمە الحرفیە) لێک دەدەنەوە وەک ئەو توندو تیژیەی ئیسلام لەئاست رەگەزی ژنەوە ئەنجام دەدرێت. ئەمە لەخۆیدا کێشەیەکی سەخت بۆ (تەبەری) دەخوڵقێنێت. بۆیە بەپێویست دەزانرێت رێچکەی روداوو کارەساتەکان یەکلا بکرێنەوە، سنوری رەوای بۆ دیاری بکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کەئەم لێکدانەوانە نابنە هۆی نانەوەی ئاژاوە و گێرە شێوێنی. یان توندوتیژی و شەڕو شۆڕ لەنێوان ئیسلامدا.

بۆ ئەو مەبەستە (تەبەری) لەلێکدانەوەی مانای ئەو ئایەتەدا (٢٧) لاپەرەی رەش کردۆتەوە لە ١٠٠ شاهیدو گەواهیدەر کەمتر بەنمونە ناهێنێتەوە کەپێچەوانەن دەربارەی تەفسیرو ماناکەی بۆ ئەوەی دەقاودەق ئەو مەبەستە بپێکێت.

(تەبەری) ئەو مێژوو نوسە باوەڕپێکراوەیە کەیەک سەدە دوای (سعد) مێژووی ئیسلامی نوسیوەتەوە بۆ زۆر مەبەست پەنای بۆ کتێبەکەی (کوری سعد) بردووە، ئەو لەلایەکی ترەوە ئەوەی زانیوە و دڵنیابووە کەلێدانی ژنان، بەشێک لەپەیڕەوی ئەخلاقی یان نەریتی پەیامبەر پێک دەهێنێت.

پەیامبەر بەهیچ شێوەیەک ئازاری هیچ یەکێک لە هاوسەرەکانی خۆی نەداوە، نەهیچ کۆیلەیەکیش نەهیچ کەسێکیتر(٤٧)، رۆژێک پەیامبەر خۆی روبەروی یاخی بوون لەبەرامبەر هاوسەرەکانی بینیوەتەوە، نەک لەئاست ئەو دەرەنجامەش لێی نەداون، بەڵکو لەو حاڵەتەدا وای بەباش زانیوە، ماڵی هاوسەرەکەی بەجێ بهێڵێت، ئەمەش بوو بەهۆکاری سەرسامیەکی زۆری دانیشتوانی شاری مەدینە ئەوەبوو بۆ ماوەی یەک مانگ پەیامبەر لەژورێکی بچوکی مزگەوتی مەدینە ژیانی بەسەر برد: پەیامبەر لەپێناو ئەو فەرمودەیەدا خۆی گۆشەگیر کرد، کە (حفصە) بۆ عایشەی گێڕابووەوە، پەیامبەر بڕیاری دابوو: (وتی من بۆماوەی یەک مانگ سەرجێگایی لەگەڵ هاوسەرەکانمدا ئەنجام نادەم، لەئەنجامی دڵ نیگەرانی ئەوەی کەخواوەند لۆمەی کردووە، دوای ئەوەی (٢٩) رۆژلەو مانگرتنە بەسەر دەچێت، پەیامبەر دەچێتە ماڵی عایشە، لەوێوە دەست پێدەکات، عایشە پێی دەڵێت: (تۆ سوێندت خوارد کەبۆ یەک مانگ سەرجێگایمان لەگەڵدا نەکەیت، من رۆژ بەرۆژم ژماردووە ٢٩ رۆژی تەواوە، بەراستی ئەو مانگەش ٢٩ رۆژ بووە.) هەروەکو دەردەکەوێت ئەم روداوە قسەی لەسەر نەکراوە ئەمەش لەخۆیدا ئەو جیاوازیە گەورەیە بووە، لەنێوان پەیامبەرو یاوەرەکانی، بەرامبەر بەوەی پەیوەندی بەبەکارهێنانی توندوتیژیەوە هەبوو بێت لەئاست ژناندا:

پێغەمبەر (د.خ) بەردەوام دژبەلێدانی ژنان بووە پێی راگەیەندراوە: (ئەی پێغەمبەری یەزدان ژنان ناکۆکی دەچێنن). یاوەرەکانی دەرکیان بەوە نەدەکرد کەئایا بۆچی پێغەمبەر ئەوەندە سۆزو بەزەیی بەرامبەر ژنان دەردەبڕێت؟ ئەگەر نەڵێین ئەمە لاوازی بووە بەلایەن پەیامبەرەوە، هەر لەبەرئەوە بووە لەدوا ساتدا، ناچار کراوە ئەوە بڵێت: (بەڵێ، راستە، کەوابوو لەژنەکانتان بسرەوێنن، بەڵام ناڵەبارترینتان ئەو کەسەیە کەئەو رێگەیە دەگرێتەبەر)(٥٠).

عومەری کوری خەتاب بێ سڵکردنەوە لەو کەسانە بوو کەراستەخۆ ئەم بڕیارەی پێغەمبەری بەئەنجام گەیاندووە: ئەوەبوو کەعومەر لەخوشکەکەی خۆی داوە، تەنانەت لەئاکامی لێدانەکەی بەبریندار لەسەرجێگە بەجێی هێشتووە. ئەویش ئەوکاتە بووە کە بەوەی زانیوە فاتیمەی خوشکی چۆتە سەر باوەڕی ئەو دینە نامۆیە بەقورەیش واتە (ئیسلام)، کە محەمەد وەک نامەیەک گەیاندویەتی نەک هەر ئەوە، بەڵکو بیستویەتی کەکۆبونەوەی کردووە و لەکۆڕی قورئان خوێندندا بەشداری کردووە.

نمونەی دووەم کەعومەر تێیدا رێگەی توندو تیژی گرتۆتەبەر ئەو کاتە بووە، کەلەژنەکەی (جمیلە بنت الثابت)ی داوە. لێدانەکەش ئەوەبووە کەبەهەموو هێزی خۆی زللەیەکی گەیاندۆتە رومەتی لەگەڵ زەویدا تەختی کردووە، (جمیلە) لەسەر باوەڕی ئەنساری بووە لەخێڵی (ئەوس).

(کوری سعد) چوار سەدە پێش تەبەری ژیاوە، ئەوەی دوپات کردۆتەوە کەهەڵوێستی پێغەمبەر سور بوون بوە لەسەر ئەوەی کەنابێت (ژن لەلایەن مێردەوە لێی بدرێت یان توندوتیژی لەگەڵدا بەکار بهێنرێت).

پەیامبەر بەردەوام پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کەنابێت ژن لێی بدرێت، دوای ئەوەی چەندین پیاو هاتونەتە لای سکاڵایان لەحاڵی خۆیان کردووە لە دەست ژنەکانیان دوای ئەوەی بیستویانە کەپێغەمبەر (من بەرگەی بینینی دەم و چاوی پیاوێکی تورەو مرومۆچ ناگرم، بەرامبەر ژنەکەی بۆ ئەوەی بیکا بەهۆکارێک بۆلێدانی).

(تەبەری) چۆن لەسەر ئەو ئایەتە دەدوێت؟ لەهەڵوێستی پێغەمبەر ئاگادارە بەرامبەر لێدانی ژنان، لەروی توندوتیژی مادی لەئاستیاندا؟ پێش هەموو شتێک دەستی کردووە بەنوسین و گێرانەوەی شایەتەکان کەگەواهی ئەوەیان داوە کەپێغەمبەر بەردەوام هەڵوێستی رەتکردنەوە بووە لەئاست ژیاندا.

دەربارەی ئەو ئایەتەش وای لێکداوەتەوە: (الرجال قوامون على النساء) ئەو مانایە بەدەستەوە دەدات کەپیاوان یان مێردان دەتوانن ژنە لاسارەکانیان راوێژ بکەن یان تەمبییان بکەن، بەوەی بیانگێرنەوە بۆ سەر ئەو بارودۆخەی کەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەندو فەرمانەکانی مێردەکانیان بن، لەبەرئەوەی یەزدان بەشێکی لەژنان جوداکردۆتەوە لەبەشێکیتر بەواتە لەناو هەموو چین و توێژێکدا خەڵکی چاکیش هەیەو خراپیش هەیە. دەستکەوتەکەش (الامتیاز) ئەوە بووە هەروەکو فەرمانمان پێ دەدات.

ئەویش لەکاتی نوسینی گرێ بەستی مارەبڕی (عقد النكاح) پیاو لێپرسراوە، لەدابینکردنی ژیانی رۆژانەی ژنەکەی و مارەییەکەی تا ئەو کاتەی لەیەکتری جیا دەبنەوە، لەبەرئەوەی مێرد لێپرسراوی نەفەقەکێشانی ژنەکەیەتی، بەواتە لێی بەرپرسیارە بۆیە دەبێت (قوامون) بێت، ئەگەر خوانەکردە ژنەکە بەتاوانێک یان کارێکی نابەجێ هەستا کەبوو بەهۆی لەکەباری، ئەوکاتە تەمبێ کردنی و راستکردنەوەی لەم کارە چەوتە بەفەرمانی سەرشانی مێرد دادەنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بۆچونی سەرانسەری لەسەر ئەم مەسەلەیە لەئارادا نەبووە، بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کەمەسەلەکە پەیوەندی بەیاخیبونەوە (النشوز) هەبێت، (ئەویش سەرپێچی سێکسی).

کاتێک ژن حەز بەوە نەکات بۆ کاری سێکسی خۆی بدات بەدەستەوە یان خۆی نەدا بەدەستەوە، ئایا دەشێت پیاو ژنەکەی ببێزێت؟ یان هەروا بەئاسانی لێی زویر ببێت؟ ئایا بۆ پیاو دەشێت ژنەکەی داماڵێت لەهاوبەشیکردنی سەرجێگە یان یەکێکی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنێت؟ یان بەتەنها شەو بەسەر بەرێت و بخەوێت؟ یان ژنەکەی لەسەر جێگەی نوستن دەربکات؟ یان قسەی لەگەڵ نەکات، بەڵام بەردەوامیش بێت لەسەر جێگە کردنی؟ یان بەپێچەوانەوە قسەی لەگەڵدا بکات و سەرجێگایی لەگەڵدا نەکات؟ ئایا دەکرێت بەزۆر قسەی لەگەڵدا نەکات و لەهەمان کاتیشدا سەرجێگاییشی بکات؟

زانا ئیسلامییە هەژارەکان لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا سەرسام و دەستەوەستانن، با بگەڕێینەوە سەر تەبەری کە رستەبەرستە ئایەتەکان لێکدەداتەوە، ئەو دەیەوێت بڵێت چی؟

(ئەگەر ترستان لەیاخیبوونی ژنەکانتان هەبوو، سەرجێگاییان مەکەن، هەندێکیان دەڵێن): پیاو دەتوانێت شەو سەرجێگایی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات، دوای ئەوەی بەدەم قەناعەتی رازیبونی پێدەکات، بەوەی لەبڕیاری نەهێشتنی کەداویەتی پەشیمان بێتەوە، بەوەی پشتی تێبکات و بەس، خۆ ئەگەر هاتو ئەنجامیشی دابێت ئەوا دەبێت لەگەڵیدا نەدوێت.

هەندێکیتر دەڵێن: ئەو لێکدانەوەیە بەتەواوەتی هەر هەمووی هەڵەیە، چونکە مەسەلەکە بەتەنها هەر پەیوەندی بەقسە لەگەڵ گۆڕینەوەو بەس، بەڵکو بێبەری کردنیەتی لەچێژو لەزەتی سێکسی. پێویستە پیاوەکە لەسەر جێگای نوستنی ژنەکەی نزیک نەکەوێتەوە، لەو حاڵەتەدا بەلای ئەنجامەوە، تا ژنەکەی دەگەڕێتەوەو پەشیمان دەبێتەوە، بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی و سەرەتایی، یان ئەو رەوشتە رەچاو دەکات لەهەڵسوکەوتیدا کەمێردەکە پێی رازییە یان خوازیارییەتی، بەڵام قتادە، رای وایە: ئەو جۆرە کاریگەریانە ناچێتە ئەقڵی ئەوەوە بەم شێوەیە:

بەبۆچونی ئەو بەپێی پلەو قۆناغ کاری بۆ بکرێت، یەکەم سەرزاری رازی بکرێت، دووەم: ئاگادار بە ئەی کچی ئادەم، بەڵام ئەگەر هەر سور بوو لەسەر رەتکردنەوە، ئەوا لەسەر جێگای بەیەکەوە نوستن دەریدەکەیت.

دوای ئەو هەموو نمونەو گەواهی دانە (تەبەری) دەکەوێتە بەشدار بوون لەلێکدانەوەو بڕیاری تایبەتی خۆی لەروی راڤەکردنی ئایەتەکە:

(پەیامبەر) بەئێمەی راگەیاندووە: لەسەر موسوڵمانان حەرام کراوە چی رەتکردنەوەی بەردەوام و درێژخایەن، بەدەمی لەگەڵ بەرامبەرکەی یان هەر کەسێکی تردا، وەک تۆڵە لێسەندنەوە بەمەرجێک نابێت لە ٣ رۆژ زیاتر تێپەر بێت، لەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجین: کەئەو لێکجیابونەوەیە وا روو دەدات و ئایەتەکە لێوەی دەدوێت، نابێت پەیوەندی بەقسە لەگەڵ یەکتر کردنەوە هەبێت، دوای ئەوە زیاتر لەسەری دەدوێت: خۆ ئەگەر هاتوو ژنەکە لەقۆناغی یاخیبوونی تەواوەتیدا بوو، (نشوز کامل)، بەمانای وشە دەسەڵاتی مێردەکەی رەتکردەوە، ئەوا هەرگیز نابێت (مێردە) قسەی لەگەڵدا بکات، دەبێت نەفرەت لە بینینی بکرێت، دوای ئەوە ئایا پێشنیار بۆئەو مێردە تەوهین پێکراوە چییە؟

تەبەری دڵسۆزو پێداگر، لەخواترس، بەرێزلەئاست ئیرادەی پەیامبەردا، هەڵەیەکی لێدەکەوێتەوە کەزۆربەی زاناو فەقیهە ئیماندارەکان پێیان وایە لەسەدا سەد هەڵەیە، ئەو موسوڵمانان راوێژ دەکات کەژنە یاخیبوەکە پێوەند بکرێت زۆر بەسانایی، سەر جێگاییان لەگەڵدا مەکەن، ئەوە دەگەیەنێت کەئێوە ئەو ژنە یاخیانە بەسەر جێگاکانیانەوە ببەستنەوە، بەڵگەشی لەم بارەیەوە لەروی زمانەوانیەوەیە، ئەو بەجێهێشتنەی ئەو لێکیداوەتەوە بریتییە لەو پەتەی عەرەب حوشترەکانیانی پێدەبەستنەوە. رۆشنبیرێکی هاوچەرخ لەم ماوەیەدا ئەمریخوای کرد ئەویش (محەمەد شاکر) بوو، کەبەرهەمەکانی (تەبەری) چاپکردوو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامداو پێشەکی بۆ ئەو چاپە نوێیەی تەبەری نوسیوە، ئەو کارەی بۆیە ئەنجامداوە؟ تا موسوڵمانان بەئارەزووی رۆشنبیرە هاوچەرخەکان لێک نەدەنەوە.

بێگومان ئەو لەو حاڵەتەدا بەرپەرچی تەبەری داوەتەوە: لێکدانەوەی تەبەری لەمەسەلەی ماناداکەبۆ وشەی (بەستنەوە) لێکداوەتەوە. ئەمە لەراستیدا لێکدانەوەیەکی زۆر نامۆیە، ئەو بەلیستێکی زۆر لەناوی زاناو ئیمامەکان وەک گەواهی رونیدەکاتەوە کە (تەبەری) لەم بارەیەوە زۆر بەهەڵەدا چووە.

ئەمە چۆن نەزانێکە بەلایەن یەکێک لەپسپۆرە ناودارەکان لەبەرامبەر ئایەت و فەرمودەکانی پەیامبەرەوە، هەروەکو شاکر دەڵێت: (چ نەزانیەکە بەلایەن پیاوێکەوە بەو رادەیە خاوەنی پسپۆری و شارەزایەتی بێت دەربارەی زانیاری ئایین و زمانی عەرەبیەوە).

لێرەدا بیرۆکەیەک لەئارادایە بەرامبەر لێکدانەوەی ئەم ئایەتە وەک لەئاست هۆکاری ئەوەی وایکردوە ئەم دوو فەرمودەیە نەتوانراوە بگەنە ئەوئەنجامەی بڕیاری رەوایەتی بەخۆدان لەسەر ئارەزووبازی خۆیان بەهۆیەوە رابگەیەنێت، بێ وەستان بۆ ساتێکیش لەئاست ئەو ئەرکە قورسەی کەوا خستویەتییە ئەستۆو بەردەوام رایدەگەیەنێت لەبەرامبەر ئەو کەسانەی تا ئێستا بەردەوام ئارەزووی ئەوەیان هەیە کەرێز لەئیرادەی خواوەند بگرن.

ئەوان ئەمڕۆ وەک چەکێک بەکاری دەهێنن، هەروەکو ئەمە پەیوەندی بەئایەتێکەوە هەبێت بێ تەمومژو نادیار بووبێت، بێ جیاوازی و کێشە بەلایەن پەیامبەرەوە، کەبەهەردوو رەگەزی نێرومێ لەیاوەرەکانی دەورە درابوو، هەر لایەک لەم دوو چینە داخوازی لەبەرامبەر دژایەتی یان نارەزایەتی لەدەست تەواوکەرەکەی لەبەردەم پێغەمبەردا دەردەبڕی، داخوازیەکانیش بەپێی فەرمودەکانی یەزدانی و وەڵامەکانیان نارۆشن بوون.

ئەوان پێچەوانەی بەرنامەکەی محەمەد (د.خ) داخوازیان راگەیاند، داخوازیەکانی ژنان کاریگەری هەبوو بەلایەن خەڵک و کەسایەتی و دەسەڵاتی عومەرەوە، کەنوێنەری لایەنە باڵادەستەکە بوو، بەواتە (ژیانەوەی نەریتە کۆنە جاهیلیەکان).

پێغەمبەر ئەوەی باش دەزانی کەدەبێت دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات، بەرێبازێکی سەرکەوتوانەترو کەمترین دوژمنایەتی بەدنیا هێنان: لەسەر عومەر پێویست بوو، سەرکەوتنی سوپایی گەورە بەدەست بێنێت، هەموو تواناکانی ئیسلام بەرەو روبەروو بونەوەی جەنگ ئاراستە بکات، جەنگێکی ئاینی، کەسایەتی و توانای خۆی وەک پێشەواو سەرۆکی گشتی رابگەیەنێت.

پەراوێز:

لەو دیدوبۆچونەوە بەشی زۆری ئەو چیرۆکانەی دەربارەی یاوەرەکانی پێغەمبەر کەسەردەم دوای سەردەم و رۆژگار دوای رۆژگار دەگێردرێتەوەو دەگوازرێتەوە. ئایا چۆن دەتوانرێت لێکدانەوەی دوو ئایەت کەلەناوەرۆکدا دژ بەیەک بن لەبەرامبەر نامەی پیرۆزی یەکسانیدا کەبەبنەماکانی ئاینی ئیسلامی دادەنرێت؟ ئەمەش، رێخۆشکەرێک بووە، نەک ریشەی پەیرەوە یەکسانەکانی لەیەکتری هەڵوەشاندووە، بەڵکو هەرچی سیمایەکی بایەخ دانە بەژن وەک مرۆڤ ریشەکێش کراوە بەپێی ئەو ئایەتەی پێشوو، سەرمایەداری لە خۆیدا کراوەیە، کەدەروازەیەک سوکایەتی بەبەهای بوونی ژن و یەکسانی هەردووە رەگەز بەکاربهێنرێت. پێش ئەوەی بارودۆخی پەیامی ئاسمانی کەکۆمەڵی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیدا، بەواتە پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامی بەتایبەتی دانیشتوانی مەککە (خێڵی قورەیش) بەهیچ شێوازێک وەک مرۆڤ نەیانڕوانیوەتە ژن، رەگەزی مێینەیان وەک ئاژەڵ تەماشاکردووە، ئەم توندوتیژییە لەبرامبەر ئافرەتدا بەپێی چین و توێژو جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەلای ئورستوکراتە قورەیشیەکانەوە. (تەبەری ئەوەی رونکردۆتەوە، ئەو هەڵسوکەوتەی پیاوێکی موسوڵمان ئەنجامی دەدات لەگەڵ ژنێکی ئازاددا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ژنێکی کۆیلەدا رەفتاری پێدەکات. کەلەگەڵ ژنە ئازادەکەدا تەفاوەتیان زۆرە (ئەویش لەراڤەکردنی ئایەتی ٣ لەسورەی النساو دەربارەی فرەژنی لێوەی دواوە). تەبەری، چاپی دەستی شاکر، بەشی ٨ ل ٥٤٠).

خۆ ئەگەر ئایەتەکە بەتەواوەتی بخوێنیتەوە، دەبینین سیفەتی قودسیەتی داوە بەپیاو لەئاست هەڵسوکەوت کردنی بەرامبەر ژنەکە بەتایبەتی کەبەکارێکی ناشرین هەڵبستێت، وەکو یاخیبوون لەدەسەڵاتی پیاو سالاری.■

ئەردۆغان: پرسی کورد بەر لە هەموان پرسی منە

و/چاودێر

ZAMAN ONLINE

ئەردۆغان دوای دانیشتنی لەگەڵ ئەو روناکبیرانەی داوای "دانانی چەکی pkk"یان کردبوو، دوێنێ رۆیشتە دیاربەکرو هەولێدا دەسپێشخەری کێشەی کورد بگرێتە دەستەوە.

سەرەکوەزیران گوتی شاردنەوەی هەڵەکانی پێشوو شایستەی دەوڵەتە گەورەکان نیەو بەهیچ کلۆج لەدیموکراسی ناکشێیتەوە. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، چونکە پرسی کورد پرسی جەماوەرە، دەبێ چارەسەر بکرێت: "دیموکراسی زیاتر، مافی هاوڵاتی بونی زیاترو خۆشگوزەرانی زیاتر".

وەکو سەرەکوەزیران بەر لەهەموو لایەک پرسی کورد پرسی منە. ئامادەی روبەروبونەوەی هەڵەکانی رابردوین. رەچاوکردنی ئەم هەڵانە شایستەی دەوڵەتێکی گەورە نیە... رێگە نادەین لەدیموکراسی بمانکێشێتەوە. دەمانەوێ تورکیایەک دروستبکەین کە ئازادیەکانی تێدا باڵا دەست بێت.

. دەبێ گشتمان خاوەنداری لەپرەنسیپی "یەک دەوڵەت، یەک ئاڵاو یەک میللەت" بکەین.

پێشتر لەبەر خوێندنەوەی هەڵبەستێک خرامە زیندانەوە، بەڵام رقم لەدەوڵەتەکەم هەڵنەگرت. ئەم دەوڵەتە هی هەموومانە. لەبەر کێشەکانی رابردو، خۆشی ئایندە تێکمەدەن.

سەرەک وەزیران ماوەیەکە دەیەوێ سەردانی دیاربەکر بکات.. دوێنێ ئەم سەردانەی ئەنجامدا. سەرەکوەزیران بەفرۆکەی "ئانا" رۆیشتە دیاربەکرو ژمارەیەک وەزیرو پەرلەمانتەرو کەسایەتی یاوەریان دەکردو لەلایەن خەڵکیشەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا. هێزەکانی ئاسایش بەوردی ناوچەکەیان گرتبوو و هاوڵاتیانیش بەکوردی نوسیبوویان: "سەرەکوەزیری بەرێز ئێمەش تۆمان خۆشدەوێ".

لەیەکەم ئاخاوتندا ئەردۆغان گوتی دەسەڵاتی پارتی داد، لابردنی جیاوازی ناوچەیی و نەتەوەییە. "تورکیا چەندی هی ئەنقەرە، ئەستەنبوڵ و سامسۆنە، ئەوەندەش هی دیاربەکرە". پاشان ئاماژەی بەوە کرد کە لەرابردودا هەڵە رویداوە: "بەرەنگاری هەڵەکانی رابردو دەبینەوو ئایندە بنیاتدەنێین، گەرەنتی ئەوە دەدەین کە لەدیموکراسی ناکشێینەوە".

سەرەکوەزیران دوبارە لەدیاربەکریش ئاماژەی بەوە کرد کە پرسی کورد دەناسێ: "ئەم پرسە سەرەتا هی منەو ئەوجا هی تێکرای هاوڵاتیانی تورکیایە". ئەردۆغان گوتی بەهیچ کلۆج لەگەڵ توندوتیژی و تیرۆردا سازشنا کەین و روی لەدایکان و باوکانی دیاربەکر کرد: "دەوڵەتەکەتان ئامادەیە یارمەتیتان بدات بۆ ئەوەی منداڵەکانتان لەدەست تیرۆریستەکان رزگار بکەن. ئەو وڵاتە، ئەم ئالایەو ئەم دەوڵەتە هی هەمومانە. هەڵەکانی رابردو سەرەنجام چاکەکرینەوە. لەدەوڵەتەکەتان مەتۆرێن".

ئەردۆغان گوتی تورکیایەک بنیاتدەنێین کە ئازادی تێدا باڵا دەست بێت و لەناو دەوڵەتی حقوقدا رێبوار نین بەڵکو دەبینە خاونماڵ و بەو هیوایەوە ئایندەی منداڵەکانمان دەستەبەر دەکەین و ئەوجا داوای لەخەڵک کرد کە ئەم پرەنسیپانە بپارێزن و گوتی:

بزانن هەندێک لەسیاسەتمەدارانی دەوڵەت سەردانی منیان پێ خۆش نیە.

با بەهەڵەکانی رابردو، ئایندەمان تێکنەدەین، ئەم دەوڵەت و ئاڵاو نیشتمانە هی هەمومانە. کێشەی کورد هی پارچەیەکی گەلەکەمان نیە. بەڵکو هی هەمومانە، چونکە خۆرەتاو هەمو دەگرێتەوەو باران بۆ هەموان خێرو بەرەکەتە. هەرکەس مرۆڤی هەمان خاک و ئاوە، میللەت بون ئەمەیە. لەبەر ئەمە کێشەی کورد بەر لەهەمووکەس کێشەی منە. تیرۆر گەورەترین دوژمنی ئەم وڵاتەیە. کەسە بێگوناهەکان لەناو دەبات و سەربازەکانمان دەکوژێ و منداڵەکانمان دەکاتە ئامرازی بەدیهێنانی ئارەزوەکانی خۆی. تورکیا لەم خاڵەی پێگەیشتوە ناگەڕێتەوەو دیموکراسی بەرەو دواوە ناچێ. رێگە بەوە نادەین لەدیموکراسی بمانکشێننەوە. کێ قسەی هەبێ ئامادەی گوێگرتنین، بەس ئەوەندەی توندو تیژی و تیرۆر نەهێڵین. لەگەڵ ئەوانەی لەتورکیا بیر دەکەنەوەو دەنوسن کۆبوینەوەو سەرەنجام ئەم کۆبونەوەیەی لێکەوتەوە. بەڵام بزانن هەندێک لەسیاسەتمەدارانی دەوڵەت ئەمەیان پێ خۆش نیە. چونکە ئەوانەی رێز لەبیرو هزر ناگرن، ناتوانن تەحەمولی ئازادی بکەن.

گەلێک توخمی نەتەوەیی لەوڵاتەکەماندا هەن، جیاوازی ناخەینە نێوانیان. ئەمانە هەمویان ناسنامەی وڵاتن. گرێیەک هەمومان پێکەوە گرێدەدات. ئەم گرێیە، گرێی هاوڵاتی بونی کۆماری تورکیایە. جیاوازی ناخەینە نێوان باکور - باشور - رۆژئاواو رۆژهەڵات. بەداخەوە تا ئەمرۆ فەرقیان داناوە، بەڵام ئێمە لایدەبەین.

سەرۆکی شارەداری دیاربەکر راپۆرتێکی ٦ پەرەیی بۆ ئەردۆغان خوێندەوە. داوا کرابو کە سیستەمی "گوند پارێزی" لاببردرێ، زەویە مینرێژکراوەکان پاکبکرێتەوەو هەرێمەکە پێشبخرێت. ئەردۆغان گفتی دا جارێکیتر بێتە شارەوانی دیاربەکرو پێکە "قاوەیەک وەخۆن" ئەردۆغان هەروەها پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رەخنە کردو گوتی کەئێمەش لەدژی تیرۆرین بەڵام پارتەکانی معارەزە رانتخۆری دەکەن". "بەرێز بایکال ئاولێڵ مەکەن". من سەدەقەم ناوێ. تیرۆر تەنها پرسی من نیەو پرسی هەمومانە. دەبێ هی بایکالیش بێت، هی باخچەلی و ئاغاریش... بەڵام ئەمانە دەردێکی وایان نیەو خەمی ناخۆن. دەڵێن ئەردۆغان تێیدا نقوم دەبێ! بەئێمە چی نقوم دەبێ؟ ئایا دەنگی ئەندێشە لەسەر خوێن و فرمێسک بنیاتە نرێت...؟ عەیبە... وا مەکەن".

لەدوا ئاهەنگی سەردانەکەیدا دو بنەماڵەی هێنایە لای یەک و کێشەی خوێنی نێوانیانی چارەسەر کردو ئاشتی کردنەوەو گوتی: "کین لەئیسلامدا نیە". ئەردۆغان ئەم کارەی وەک هێماو رەمز ئەنجامداو مەبەستی ئاشتی نێوان کوردو تورک بو. هەروەها هەڵبەستێکی خوێندەوە بەناوی "وڵاتم دەوێ" و تێیدا داوایکرد: "باشەڕی براکوژی نەمێنێ".■

دیداری ئەردۆغان لەگەڵ رۆشنبیراندا و دوهەمین بانگەوازی رۆشنیران بۆ pkk

و: سەردار سەلیمی

kurdistan-post

پرۆفیسۆر گورسۆی قسەکەری ئەو رۆشنبیرانەی وا لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا دیداریان ئەنجامدا بوو گوتی: لەچاوپێکەوتنێکدا گوتمان کە ئەمە کێشەیەکی سادەی ئاسایش نییەو لەچوار چێوەیەکی بەرفراواندا پێویستی بەچارەسەری هەیە. ناوبراو لەلێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد، ئەردۆغان گەرەنتی پێداوین کە کێشەی کورد لەپلاتفۆرمە دیموکراتیەکاندا و بەبێ تەعویزدان لەسەر دیموکراسی چارەسەر دەکرێت. ئەمە شتێکی زۆر گرنگەو لەبەر ئەمەش سەردانەکەمان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات. لەم روەشەوە بەم رێگایەش رووی بانگەوازی خۆمان ئاراستەی pkk دەکەین: پێویستەبەبێ هیچ پێشمەرجێک وازلەچالاکی چەکداری بهێنێت.

رەجەب تەیب ئەردۆغان لەلێدوانێکدا گوتی تورکیا هەمیشە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی رابردوو ئەوانەی وائێستا لەگەڵ بەجیهانی بووندا زەقتر بوونەتەوە، هەیە. شایانی باسە کە ئەردۆغان دوا بەدوای ئەم قسانە داوا کاری گروپێک رۆشنبیری بۆ دیداری قەبوڵکرد کەوا ماوەیەک بەر لەئێستا بۆ چارەسەری کێشەی کوردو pkk بڵاوی کردبووەوە. شایانی باسە لەگەڵ پرۆفیسۆر. دوکتۆر گەنجای گورسۆی کە سەرۆکی ژووری پزیشکانی ئەستەنبوڵەو لەگەڵ عەدالەت ئۆغلوی نوسەردا نە رۆشنبیریتر بەشداری ئەم چاوپێکەوتنە بوون و لەلایەن دەوڵەتیشەوە کەسانی وەکو عەبدوڵڵا گوڵی وەزیری کاری دەرەوەو جێگری سەرۆک وەزیرو بەشیر ئاتالای وەزیری کاروباری دەوڵەت و سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەنجومەنی نیشتمانی و ژمارەیەکیتر لەبەر پرسانی حکومی و راوێژکارانی سەرۆک وەزیر، لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون.

ئەردۆغان لەسەرەتادا باسی لەوە کرد کە وەکوو حکومەت ئامادەی دیالۆگن لەگەڵ هەمووبەشێکی کۆمەڵگەداوتی: شانازی بەوە دەکەم کە ئێستا لەگەڵ گروپێک بیرمەندو کەسایەتی رۆشنبیردا کۆ دەبمەوە کە بۆ ئاشتی و چارەسەری کێشەکانی تورکیا خاوەنی ئینسیاتیڤن. هەروەها ئەوەشی گوت کە تورکیا هێزی چارەسەری کێشەکانی هەیەو هەموو جۆرێکی بەکار هێنانی توندو تیژی پەسەند ناکرێن.

ئەردۆغان لەبەشێکیتری گوتەکانیدا گوتی: مادام کە هەر شتێک دەبێت ناوێکی هەبێت، ئەم کێشەیەش کە "پرسی کوردە" لەتورکیادا لەسێبەری چەتری بەدیموکراتیزەکردندا چارەسەر دەبێت و ئەمە هەموو کێشەکانیتر لەچوار چێوەی تەنزیمکردنەوەی یاسای بنچینەییدا چارەسەر دەکرێن و میکانیزمی چارەسەری جۆرە توندو تیژییەک بە بەهانەی هەبوونی کێشەوە شتێکی دروست نییەو پەسەند ناکرێت.

ناوبراو ئاماژەشی بەوە کرد کە رێکخراوی تیرۆریستی (pkk) هیچکات نابێ بەنوێنەری بەشێک لەهاوڵاتیانی کۆماری تورکیا. گەورەترین زیانێک کە بەهاوڵاتیانی بەرەچەڵەک کوردمانەوە دەگات لەلایەن ئەم رێکخستنەوەیە. هەر بۆیە پێویستە کێشەی هاوڵاتیانی بەرەچەڵەک کوردو کێشەی pkk لەیەک جودا بکرێتەوە. کێشەی کورد کێشەیەک نییە کەوا بەمیتۆدی جودا خوازیانەو توندو تیژی کە ئاشتی کۆمەڵایەتی خراپ دەکات چارە بکرێت. ئەوانەی بیانەوێ لەنێوان کێشەی کوردو pkkدا پەیوەندییەک دروستبکەن ئەوا هەموو گروپێکی ئێتنیکی و هەموو هاوڵاتیەکی کۆماری تورکیا لەبەرامبەر خۆیاندا دەبیننەوە.

ئێمە هیچ کێشەیەک بێ چارە ناهێڵینەوەو چاوپۆشی لێناکەین. ئەمە دژی کاراکتەری ئێمەیە، ئێمە نەتەوەو وڵاتێکی گەورەین و چارەسەری هەموو پرسێکیش بەریفۆرمەوە مومکین دەبێت. کێشەی کورد کێشەی دیموکراتیزە بوونەو ئێمە کەم و کوڕی دیموکراسی و ئابوریانەی کەوا رێکخراوی تیرۆر بەکاری هێناوە چارەسەر دەکەین و ئێمە رێگا بەنەتەوەگەرایی ئێتنیکی نادەین و توانایی رووبەروو بوونەوەمان لەگەڵ کێشەکانماندا هەیە.

داخوازی رۆشنبیران:

قسەکەری گروپ پرۆفیسۆر گورسای گوتی: ئێمە لەلایەن هیچ گروپ و لایەنێکەوە نەنێردراوین بەڵکوو گروپێک رۆشنبیرو هاوڵاتی تورکیاین کە دەمانەوێ رێگا لەبەردەم توندو تیژی بگرین و کارەکەشمان بەو ١٥٠ ئیمزایەوە دەستپێکرد کە بڵاومان کردەوەو کەسانێتریش بەتایبەت رۆشنبیرە کوردەکانیش پشتیوانیان لێکرد.

ناوبراو گوتی کە پێویستە وەکو کێشەیەکی ئەمنی یا خود ئاسایشی سەیری کێشەی کورد نەکرێت و چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیەو تورکیاش پێویستە سەبارەت بەکێشەی کوردو pkkچاو لەمۆدێلەکانی چارەسەری لەدونیادا بکات (ئاماژە بە ETA-IFAە).

ناوبراو سەبارەت بەکێشەکەش چەند پێشنیارێکی ئاراستەی سەرۆک وەزیر کرد:

- پێویستە ئەنستیتۆی کوردۆلۆژی بکرێتەوەو بۆ ئەمەش زانکۆی دیاربەکر گونجاوە.
- پەیوەندییەکانی شارەوانییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا ساردوسڕی تێدایە بۆیە پێویستە باشتر بکرێت و لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دیاربەکردا چاوپێکەوتن بکرێت.
- دابینی پەیامی برایەتی گەلانی ئەنادۆڵ زۆر گرنگە.
- ئەم کێشەیە بەسنوردار کردنی دیموکراسی و راگەیاندنی رەوشی نائاسایی چارە ناکرێت، بەپێچەوانەوە پێویستە کرانەوەی دیموکراسی زیاتر بکرێت.
- کێشەی کورد لەباری ئابووری - کۆمەڵایەتی و ناسنامەییەوە بگیردرێتەوە دەست.
- ئەم کێشەیە رابردوویەکی ٨٠ساڵەی هەیەو بەدوو هەنگاوی بچوک چارە ناکرێت بۆیە ئەگەر سەرۆک وەزیران پەیامی ئەوە بدەن کە بەمەرجی راوەستانی شەڕ کرانەوەی دیموکراسی زیاتر دەبێت زۆر باش دەبێت.

لەدوای دیدارەکە پرۆفیسۆر گورسای لەکۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: سەرۆک وەزیران گەرەنتی چارەسەری کێشەی کوردی بەرێگای دیموکراسی پێداوین. هەر بۆیە رووی بانگەواز ئاراستەی pkkدەکەین.

بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک واز لەچالاکی چەکداری بهێنێت.

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی سەرۆک وەزیران داواکارییەکانمانی پەسەند کردووەو دیدارەکە گەیشتە ئەنجامی خۆی. ئەمەش زەمینەی دیالۆگی زیاترە.

شایانی باسە کە یەکێک لەداواکارییەکانی ئەم وەفدە بەشێوەیەکی سەرپۆشکراو "لێبوردنێکی گشتی بووە".■

قەرەیلان:
چاومان بەبانگەوازەکەی دیاربەکردا خشاندەوە

لەبەر ئەوەی ئەردۆغان لەدانیشتنی لەگەڵ روناکبیراندا گەلێک بابەتی پۆزەتیڤی هێنایە زمان، قەرەیلان بەراگەیاندنی وت: هەموو چالاکیە سەربازیەکانمان رادەگرین.

موراد قەرەیلان کۆبونەوەی ئەردۆغانی باش نرخاندو گوتی لەکاتی هاتنی بۆ دیاربەکر تێکرای جموجۆڵە سەربازیەکانمان رادەگرین. هەروەها گوتی بانگەوازی بۆیکۆتی پێشومان دەگۆڕین و داوا لەخەڵک دەکەین کە پێشوازیەکی نۆرماڵی لێبکەن.

قەرەیلان گوتی زۆر بەوردیەوە ئەنجامی کۆبونەوەکەی پرۆفیسۆر گەنجای گورسۆی و ئەردۆغان تاقیب دەکەین و لێکدەدەینەوە. قەرەیلان گوتی: ئێستا هیچ ناڵێین و چاوەڕوانی ئەوەین ئەردۆغان رۆژی هەینی لەدیاربەکر چیدەڵێ. هەروەها ئەوەشی زیاد کرد کە لەدانیشتنی لەگەڵ روناکبیراندا بەڕێز ئەردۆغان هەندێک شتی نوێی راگەیاندوەو پێمان وایە لەدیاربەکریش هەندێک شتی دیکە دەڵێن.

"با بەخەڵک بڵێن چۆنچۆنی کێشەی کورد چارەسەر دەکەن"

قەرەیلان وێڕای ئەوەی بریارەکەیان گۆڕیوە گوتی: مادام بەڕێز سەرەک وەزیران دەڵێ کێشەی کورد لەچوار چێوەی سنورەکانی دیموکراسیدا چارەسەر دەکەین، بابفەرمون و روبەرو بە خەڵکەکەمان بڵێن چۆنچۆنی کێشەی کورد چارەسەر دەکەن؟

بەمجۆرە قەرەیلان داوای کرد با جەماوەر واز لە پرۆتستۆ کردن بهێنن و بەشێوەیەکی ئاسایی پێشوازی لەئەردۆغان بکەن و لەو پێشوازیەدا داوای رەوای ئازادی و دیموکراتیانەی خۆیان بهێننە زمان. قەرەیلان داوای لەخەڵک کرد داوا کاریە رەواکانی خۆیان بەدەنگی بەرز بهێننە زمان.

بانگەوازی چالاکی نەکردن بۆ هێزەکانی پاراستنی رەوا

موراد قەرەیلان گوتی: ئەوە ئێمە نین کە توندو تیژی پێشدەخەین. بەڵکو پشت بەدینامیکە دیموکراتیەکان دەبەستین. هەروەها گوتی لەم ناوەدا داوایەکی رەواو دادگەرانە هەیە. گەلەکەمان دەبێ ئەم داوایانەی لەچوار چێوەی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادیدا پێشکەش بکات. هەروەها رونیکردەوە کە گەلی کوردو رێبەرەکەی لێک جیا ناکرێتەوە. با خەڵک ئاوا بەرەو پیری ئەردۆغان بچن و دیداری بەرێوەبەرە لۆکالیەکان رەخنە بکەن.

قەرەیلان گوتی خەڵکی دیاربەکر چەمکێکی بەرزی نیشتمانیان هەیەو پێویستی و ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن. ئێمەش داوا لەهێزەکانمان دەکەین لەهەرێمەکانی ناوەندی دیاربەکر هەمو جۆرە جموجۆڵێکی خۆیان رابوەستێنین. هەروەها گوتی بۆ سەردانی ئاسودەی شاندی ئەردۆغان چی بکەوێتە ئەستۆی دەیکات. دوا جار گوتی قسەکانی ئەردۆغان باشن، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین چەندی ئەم قسانە جێبەجێدەکەن.■

لە باکورەوە

Pkk چیدەوێت؟ ئەردۆغان دەبێ چیبکات؟

جەنگیز چاندار

و: چاودێر

Hürriyetim

رەجەب تەیب ئەردۆغان پشتگیری هەڵمەتی ئیمزای ئەو روناکبیرانەی کرد کە نوسیبویان "pkk چەکەکان دابنێن" و لەگەڵیان کۆبوەوە. بێگومان ئەم دیدارەش واتایەکی هێمائاسای هەیە.

ئەوەی شایانی باسکردنە چی لەوتاری روناکبیراندا و چی لەخیتابی سەرەک وەزیراندا "سی نگنالی پۆزەتیڤ" هەیە. بەڵام ئەگەر ئەردۆغان بەر لە سەردانەکەی دیاربەکری دیداری ئەو روناکبیرانەی دیکەشی بکردایە کە لەدژی کوشتنی حیکمەت فیدان لەلایەن pkkوە هەڵمەتی ئیمزایان رێکخستبو، ئەوا دیدارەکەی دو ئەوەندەیتر مانادار دەبوو، چونکە ئەردۆغان:

١.پرسی کوردی بەرەسمی ناسیوە،
٢.ئامادەی گوێگرتنە بۆ داواکانی کورد،
٣.هاوەنگی ئەو کوردانەیە کە دژی "تیرۆری pkk"،
٤.وێڕای ئەوەی "ئیدیعا"ی pkk ی لەمەر ئەوەی کوردان تەمسیل دەکات رەتکردەوە، گوتی تەنها کورد، تەمسیل دەکات،

ئەم قۆناغەی کەتێیدا "بابەتی pkk" و "پرسی کورد" لێکجیادەبنەوە بایەخی تایبەتی هەیە. داواکانی pkkو داواکانی گەلی کورد لێکجیان و نابێ هەرگیز تێکەڵ بکرێن. Pkkتەنها بەدوای داواکاری "تاقە پیاوی" ئیمرالیدا وێڵە، بەڵام داواکاری گەلی کورد شتێکی دیکەیەو رای گشتی تورکیاش ئەمە دەزانێت.

داواکانی pkk لەنێوان دو سەردێرداکۆ دەبێتەوە:

١.خۆی بەمخاتەب وەر بگیردرێت (لەراستیدا عەبدوڵا ئۆجەلان بکرێتە دەمراست).
٢.ئازادی ئۆجەلان. Pkkو لایەنگرانی بۆ دەستەبەر کردنی ئەم داواکاریانە دەستیان داوەتە مێتۆدی خەباتی چەکداری واتە "تیرۆر". ئەمە تەنها لێکدانەوەو نرخاندن نیە.

ئەوەی بڵاوکراوەکانی PKK وەکو "ئۆزگور گوندەم" لەتورکیاو "ئۆزگور پۆلیتیکا" لەئەوروپاوە خوێنێ ئەم راستیە تێدەگات. هەرکەس تێدەگات کە PKK بەرامبەر بەتورکیاو بەتایبەت پارتی داد شێوازی "دوژمنانە" بەکار دەهێنێ، بۆ نمونە رۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکای PKK ئاوا دەنوسێ:

مستەفا قەرەسوو ئەندامی بەرێوەبەری کۆما کۆمەڵانی کوردستان و ئەنجومەنی PKK سەبارەت بە سەردانی ئەردۆغان بۆ ئامەد گوتی: با ئەردۆغان گەلی کورد کوشتار نەکات. قەرەسو وایگوتوە: "بەڕێز ئەردۆغان بەنیازە سەردانی دیار بەکر بکات. پێدەچێ ئەم هەنگاوەی سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت. با تۆنی بلێر بکاتە نمونە کە سەبارەت بە سوپای کۆماری ئایرلەنداگوتی: دەزانین هەندێک هاوڵاتیمان حەز لە سوپای کۆماری ئایرلەندا دەکەن، ئێمە بەری هەستەکانیان ناگرین... دەبێ ئەردۆغانیش لەمەڕ خۆشەویستی گەلی کورد بۆ ئۆجەلان ئاوا بکات..."

هەمان رۆژنامە مانشێتێکی ئاوای بۆ ئۆجەلان نوسیوە: ئازادی بۆ ئۆجەلان... "لەباتمانەوە سڵاو بۆ سەرۆکی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دەنێرین". گروپێک رێپێوانێکی مەشخەڵداری رێکخست و ئەم دروشمەی بەکار هێنا.. خۆ پیشاندەرانی ئەدەنە داوای ئازادی ئۆجەلانیان کرد. گروپی دەسپێشخەری هاوڵاتی ئازاد داوای ئازادی ئۆجەلانیان کرد. نەسرین دەنیز بەناوی خۆپیشاندەرانەوە وتی:

ئێمە ئۆجەلانمان وەک ئیرادەی سیاسیمان دەزانین و داوای لەتورکیا کرد ئۆجەلان بکاتە مخاتەب".

"لای pkk و لایەنگرانی، دیموکراتیزە کردنی تورکیا" و چارەسەری پرسی کوردی گرنگ نیە. دیموکراتیزە کردن لای ئەوان بە مخاتەب وەرگیرانی "تاقە پیاو" و رێکخراوە ستالینیە کەیەتی. هەروەها "ئازادی ئیمرالی" بەئازادی هەموو کوردان دەزانن.

"دژە ژەهری" ئەم مێتۆدەی pkk "دیموکراتیبونی تورکیا"یە. بەمجۆرە دابرانی گەلی کورد لەpkk "دەستپێشخەریەکی دیموکراتیانە"یە. دیاربەکر چاوەڕوانی ئەوەیەکە ئەردۆغان ئەم راستیە تێبگات.

ئەو ئاماژانەی دوێنێ لەئەنقەرەوە هاتن، پۆزەتیڤن...■

دەوڵەمەندە عێراقییەکان ئابووری ئوردن دەبووژێننەوە

د.هێرش/هەولێر

ئێستا (عەممان)ی پایتەختی وڵاتی ئوردن لە بارێکی گەورەدا دەژی. نرخی خانووبەرە لە پایتەخت لە بەرزبوونەوەیەکی بێوێنەدایەو شەقامەکان پڕن لەئۆتۆمبیلی نوێو گرانبەها، میوانخانەو ئوتێلەکان گشتیان گیراون و بازاڕی دراویش لە بووژانەوەیەکی سەرسوورهێنەردایە.

پاش ئەوەی بەناوبانگترین بنەماڵە عێراقییەکان و سەرمایەداران ناچاربوون بە هۆی باری خراپی ئاسایشی وڵاتەکەیان عێراق بەجێبهێڵن، پەنایان بردە بەر (ئوردن)ی دراوسێیان کە لەوێدا بەهۆی تەلەفۆن و نامەی ئەلکترۆنی ئیمپراتۆریەکەیان بەڕێوە دەبەن.

لەنێوانیاندا چەند سەرکردەیەکی گەورەترین بنەماڵە عێراقییەکانی تیایە کە دەسەڵاتێکی فراوانی بازرگانیان هەیە کە بەدرێژایی چەند سەدەیەکی رابردوو کەرتی تایبەتی ئەم وڵاتەیان بەڕێوە دەبرد کە بە نزیکەی ٥٪ (پێنج لە سەدی) هەموو ئەوانە مەزەندە دەکرێ کە لە سەردەمی سەدام حوسێن ئابووری وڵاتیان بەدەست بوو. کە لەنێوانیاندا چەند هۆزو عەشیرەتێکی بەناوبانگی تیایە وەک (ئال بونیا، خچێری، کوببە....، هتد). کە دەستیان بەسەر سەرجەم شتەکانی وەک کۆگا کۆڵاو بانکەکان و کێڵگەکانی خورماو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتیی (مقاولات)دا گرتووە. شایانی باسە هەندێ لە عێراقییەکان (عەممان) وەک پەناگەیەکی کاتیی بەکاردەهێنن، لەوێوە لە دوور ئابووری عێراق بەڕێوە دەبەن، هەندێکی تریشیان ئەم هەلە وا سەیر دەکەن کە سەرەتای سەرهەڵدانی هێڵێکی ئابووری بەهێزە لە نێوان بەغداو عەممان‌دا.

بەڵام پاڵنەرەکان هەر چییەک بن، وڵاتی هەژاری ئوردن بە هەموو هێزێکی خۆی هەوڵ دەدا کە لەبەری ئەم پەیوەندییە دووقۆڵییە بخوات. (فارس حداد)ی بەڕێوەبەری (نووسینگەی بانکی نێودەوڵەتی عێراق) لە عەممان دەڵێ:

"ئەوەی راستی بێ عێراقییەکان کاتەکانیان زیاتر لە عەممان دەبەنە سەر نەک لە عێراق و بیستوومە حکومەتی ئوردن کارتی مانەوە یەکسەرو بێدواکەوتن دەداتە دەوڵەمەندە گەورەکان کەئەمەش لەلایەن عێراقییەکان قۆستراوەتەوە".

ئەوەی جێی باسە ئەو رۆڵەی حکومەتی ئوردن دەیگێڕێت لە دابینکردنی پەناگەی ئارام بۆ عێراقییەکان، رۆڵێکی چاوەڕوان نەکراو نیەو زانراوە. چونکە ئوردن دەرگایەکی گەورەی عێراقی دەگێڕا، پاش سەپاندنی ئابڵۆقەی ئابووری لە سەر عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پاش جەنگی عێراق و کوێت لە ساڵی ١٩٩١ دا. بەوەی کە رێگەی بەبازرگانی قاچاغ دەدا لەنێوان سنووری دوو وڵاتەکە، کە ئەمەش لەلایەن سەرمایەدارە عێراقییەکان قۆستراوەتەوە بۆ پاراستنی چالاکییە بازرگانییەکان لەم وڵاتەدا.

کۆمەڵەی خچێری بۆکار (مجموعه الخچیری للاعمال) کە یەکێک لە بەناوبانگترین و کۆنترین بنەماڵە عێراقییەکان بەڕێوەی دەبات، هەڵسا بە قاچاغ بردنی پێداویستی و کەلوپەلەکانی پیشەسازی پترۆکیمیاویەکان لەرێگەی بەندەری (عەقەبە)ی ئوردنی بەدانی بەرتیل بە لێپرسراوە ئوردنییەکان ئەمەش بە قسەی ئەسعەد الخچیری گەورەپیاوی عەشیرەتەکە.

پاش چەند مانگێکی نیمچە ئارام لە عێراق دوای رووخانی سەدام حوسێن وا دەرکەوت کە عێراق ئیدی هیچی تر پێویستی بە ئوردن نەماوە وەک پێگەیەکی ئابووری دەرەکی، بەڵام پاش تێپەڕبوونی دووساڵ لە نەمانی سەدام ئێستا دەوڵەمەندە عێراقییەکان بوونەتە دەست بژێری کەرتی تایبەتی بەشێوەیەک کە رۆڵێکی گرنگ لە ئابووری ئوردن دەگێڕن.

لە نووسینگەی خۆیدا لە گەرەکی عەبدون کە یەکێکە لە گەڕەکە بەناوبانگەکانی عەممان، مستەفا ئال بونیا هەڵدەستێ بە دابینکردنی پێداویستی بازاڕ لە دووری چەندەها کیلۆمەتر لەوڵاتەکەی.

ئال بونیا سەرۆکی بەشی کاروباری کشتوکاڵی لە کۆمپانیاکەیان خاوەنی ٦٥٠٠ فەرمانبەرە لە عێراق کە ئەم کۆمپانیایە تاڕادەیەک بچووکە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازانەی کە لە سەردەمی حوکمی سەدام بەکار دەهات بۆ کەم کردنەوەو دەورەدانی قازانج و دوورخستنەوەی چاوی چاودێران لەسەریان. شایانی باسە کۆمەڵەی ئال بونیا بەدەربوو لە ئابڵوقەی نەتەوەیەکگرتووەکان، چونکە کەلوپەلی کشتوکاڵی و خواردەمەنی بەدەربوو لە لیستی شتە قەدەغەکراوەکان.

خاوەنی ئەم کۆمپانیایە هەڵدەستێ بە پەیوەندی کردن بە سوپا بچکۆلەکەی لە عێراق لەرێگەی مۆبایل و نامەی ئەلکترۆنی و هەر دوو هەفتەیەک جارێک بەفرۆکە کەسێک سەرێک لە بەغدا دەدا. لەم بارەیەوە مستەفا ئال بونیا دەڵێ:

"راستە کۆمپانیاکە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆو رێک بەهۆی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان بەڕێوە دەچێت، بەڵام پێویستە لەگەڵ خەڵکەکەشدا بم".

جێی باسە کۆمپانیای ئال بونیاو منداڵەکانی چەند گەنجینە لە عەممان بەکاردەهێنن بۆ هەڵگرتنی کەلو پەلی کشتوکاڵی و یەدەگ، دوور لە هەر تێکدان و دزییەک لە عێراق و بەزۆری ئەم کۆمپانیایە ئەندازیارو بەڕێوەبەرەکانی لە بەغدا دەهێنێ بۆ راهێنانیان. خاوەنی کۆمپانیا پێیوایە کە کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی مەڕو ماڵات ژمارەیەکی خەڵک دەخاتە کار کەزیاترە لە هەر بوارێکی تر لەعێراقدا. بۆیە پێویستە ئەم لایەنە پەرەپێ بدرێ وەک میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و بە هۆی ئەمەشەوە کەم کردنەوەی هەواداری خەڵک بۆ چەکدارە عێراقییەکان. هەروەک داوا دەکا کە نرخی دیناری عێراقی بە شێوەیەکی زۆر بەرز بکرێتەوە تا جوتیارەکان بتوانن نرخی کەلو پەلە کشتوکاڵییەکان کەلەدەرەوە دەیهێنن دابین بکەن.

هەروەک مستەفا ئال بونیا دەڵێ: "ئابووری عێراق لە دووبەش پێکهاتووە، ئابوری نەوت و ئابووری خەڵک بۆیە پێویستە لە سەر حکومەتی عێراقی کە قەرز بداتە جوتیارەکان و پرسیار دەکا بۆچی ١٥٥ ملیار دۆلار لە بواری ئەمن و ئاسایش خەرج دەکەن لەکاتێکدا تۆ دەتوانی قازانجێکی زۆر بەدەست بهێنێ ئەگەر ئەم پارەیە لە بواری ئابووری خەرج بکرێ؟ پێیوایە کە ئەم بارە بارێکی کاتییەو لەوانەیە چەند مانگ یان ساڵێکی تری بوێ تا باری عێراق جێگیر دەبێتەوە.

بەڵام چەند عێراقییەکی تر هەن کەگەشبینترن بە ئوردن. لەوانەش تەلال قاعود، ئەندازیاری دەرچوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەندامێکی ناسراوی هۆزی (دلێم)ە کە هۆزێکی گەورەی سوننەیە لە ناوەڕاستی عێراقدا کە عەممانی کردۆتە بارەگایەکی هەمیشەیی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی لە هەردوو سنووری عێراق و ئوردن. کار دەکا لە پێناو راکێشانی بۆرییەکی نەوت لە نێوان شاری حەدیسە لە رۆژئاوای عێراق بۆ شاری (زرقا)ی ئوردنی، جگە لە دروستکردنی رێگایەکی ٣٠٠ کیلۆمەتری بۆ بەندەری (عەقەبە)و پاڵاوگایەک بۆ پاڵاوتنی نەوت لە ئوردن ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای (میتسۆی کۆرپۆرەیشن).

کۆمپانیاکەی تەلال قاعود کە ناوی (کۆمپانیای تەبوک)ە ساڵی رابردوو قازانجێکی بەدەست هێناکە گەیشتە ٣٥ ملیۆن دۆلار کە زیاترینیان لە بواری کاری بنیاتنان و وزە بوو لە عێراقدا. ئەم کۆمپانیایە فەرمانبەرەکانی کەلە ١٢٠ کەس پێکهاتوون هاتووچۆی پێدەکا لە نێوان بەغداو عەممان، بەشێوەیەک کە ئێستا بەنیازە فرۆکەیەکی بچووک بکرێت بۆ بەڕێوەبردن و گواستنەوەی کەلو پەلەکانی.

هەروەک کۆمپانیای ناوبراو بەنیازە هەڵبستێت بە پەرەپێدان و پێشخستنی زەوییەک کە ٥٠٠ هێکتار دەبێت بە دروستکردنی خانووی نیشتەجێکردن و باخچەو میوانخانەو هۆڵی ئۆپێراو مۆزەخانە بە گوژمەی (کلفە)ی سێ ملیۆن دۆلار.

هەروەک خاوەنی کۆمپانیا، تەلال عاقود دەڵێ: "پێمان خۆشە یەکێتییەکی هاشمی لەنێوان عێراق و ئوردن پێک بهێنرێ، بەوەی کە لەکاتی شەڕی سارد ئەم هاوپەیمانییە هاشمیە لەنێوان هەردوو وڵات پێک هێنرا.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە ئوردن مێژوویەکی هەیە لە بووژانەوەی بەهۆی بوونی پەناگەیەکی ئارام وکاتی. ئەوەبوو شانشینی هاشمیی ئوردنی بووژایەوە کاتێک پەنابەرە فەلەستینییەکان کەوتنە بوژانەوەی بازرگانی ئەم وڵاتە، پاش نیشتەجێبونیان لە ئوردن دوای شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکان. هەروەک شەپۆلی کرێکارە فەلەستینیەکان کەبوونە میوانی ئەم وڵاتە پاش هەڵاتنیان لەکوێت دوای شەڕی عێراق بۆ ئەم وڵاتە کەبووە بوژانەوەیەکی کاتی ئابووری وڵات کە هەر زوو پووکایەوە.

هەر بۆیەش تاعێراق بسووتێت و نائارام بێت. ئەوا ئوردن بەردەوام دەبێت لە بوژانەوە ئابوورییەکەی بەهۆی سەرمایەی ئەم دەوڵەمەندانە کە لەوانەیە هەر نەتوانن بگەڕێنەوە عێراق.■



نامەیەکی کراوە

بۆ بەڕێز کاک مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لە یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە

سڵاوی هونەرمەندانتان لێبێت

لەم کاتە مێژووییەی بزاڤی رزگاری خوازی گەلەکەمان بە تایبەتی سوور بوونی هەموو لایەنەکان و چین و توێژەکان بۆ چەسپاندنی مافە رەواکانی گەلەکەمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات و فرە حیزبی و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان و بەر قەرار کردنی ئاشتی و ئازادی و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و پیادە کردنی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستانی فیدراڵدا بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ هەموو گەلانی عێراق.

مەخابن لەم کاتەدا هەندێ رەفتاری دوور لە ئازادی راو بۆ چوون و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لەلایەن لقی یەکی پارتی و سەندیکای هونەرمەندان و پەروەردەی دهۆك بەرامبەر هەندێ لە ئەندامانی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان و هونەرمەندی دی کەژمارەیان پتر لە بیست هونەرمەندە کراوە و گوشاریان خراوەتە سەرو هەڕەشەیان لێ کراوە بەم شێوەی خوارەوە:

١. ئیستیقالەکردن لە ریزی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان(لەکاتێکدا یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ وە دامەزراوەو لەساڵی ١٩٩٣ بە پێی یاسای پەرلەمانی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی رەسمی هەیە).
٢. زەوی نادرێ بە هیچ هونەرمەندێك گەر نەچێتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.
٣. هەر هونەرمەندێك لە ریزی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان دا کار بکات یارمەتی رێزلێنانی پێ نادرێ .
٤. هەر هونەرمەندێك لە ریزی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان کار بکات فەرمانبەر یان مامۆستا بێت یان مووچەی دەبڕن یا نەقڵی شوێنێکی دووری دەکەن .
٥. هەندێ خێزان هەڕەشەیان لێ کراوە کە نابێ رێگا بە ئەندامانی خێزانەکانیان بدەن بە هیچ شێوەیەك هاریکاری یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بکەن.

دیارە ئەم هەموو رەفتارانە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی بیرو راو سەربەستی و دیموکراسیە.

ئێمە لەو بروایەداین کە بەڕێزتان لەم رووداوانە ئاگادار نین و هەرگیز پێتان قبوڵ ناکرێت بە تایبەتی کە بەڕێزتان زۆر راشکاوانە جەختتان لەسەر پاراستنی ئازادی خەڵکی کوردستان و ئازادی بیرو را کرد لە مەراسیمی سوێند خواردن لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم.

بۆیە ئەم نامە کراوەیە ئاراستەی جەنابتان دەکەین چونکە دڵنیاین بەڕێزتان بە هیچ شێوەیەك رێگە بە هیچ کەس و هیچ لایەنێك نادەن ئەو رەفتارانە پیادە بکەن ,بۆیە هونەرمەندان لەو بروایەدان وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان کارێکی جدی بۆ راگرتنی ئەو رەفتارانە دەکەن و ئەنجامدەرانی تووشی پرسینەوە دەکەن .

لە کۆتاییدا دووبارە سڵاوو رێزی هونەرمەندان قبوڵ بفەرموون و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

هەر شاد بن

ئەنجومەنی باڵا

یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان

٢٠٠٥/٨/٦

بەڵگەنامەکانی جاسوسیی ئیحسانی مەلا عەلی



بسم الله الرحمن الرحيم

١٥٣٨
٤/٢١

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري للغاية

يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

الرقم / ش٣ / ق١/ لقادسية صدام / ٢٦٩٢
التاريخ ٢٠ نيسان ١٩٨٨

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (ش٣)
الموضوع / معلومـــات

الخرائط . مهثاف . بنجوين . خورمال ١/١٠٠٠٠٠

علمنا من مصدرنا (خليل) مايلي :-

١. بتاريخ ١١ نيسان ٨٨ قام العدو الفارسي بجلب قوة كبيرة من البسيج والجيش بقدر عددها بحوالي (٧٠٠٠) سبعة الاف مسلح الى مناطق كولان (٠٥٣٥) ووادي سردوش (٩٧٣١) والقوة المذكورة أعلاه قدمت من القاطع الجنوبي ونصبوا الخيم بصورة مؤقتة لاماكنهم في المنطقتين المذكورتين أعلاه ومع القوة المشار اليها حوالي (٤٠) دبابة و (٥٠) ناقلة أشخاص مدرعة و (٢٠) شفل ومنع مسؤولي العدو الفارسي نزول أفراد القوة لاغراض التسوق .
٢. يقوم العدو الفارسي بفتح الطرق وتحسينها باتجاه قاطع قلعة دزه كما جلب العدو قوة كبيرة (لم يحدد عددها) الى المنطقة المذكورة .
٣. في نية العدو الفارسي القيام بتعرض على قطعاتنا في منطقتي بنجوين وقلعة دزه .
٤. بتاريخ ١١ نيسان ٨٨ تم عقد اجتماع في منطقة باوه بين مسؤولين

(١ - ٣)
سري للغاية

سري للغاية

من حرس الخميني يتقدمهم قائد فيلق ١ / [illegible] ومحمد حاج محمود كلخانه وشوكت حاج مشير وتم التطرق في الاجتماع الى مسألة احتلال دربندخان وكيفية الاستفادة من المخربين في التعرض على المنطقة المذكورة حيث تقرر دفع قوات من المخربين بالتسلل الى منطقة قره داغ وتم فعلاً تهيئة (٥٠٠) مخرب للغرض المذكور الا انهم لم يتمكنوا من العبور ويتواجدون حالياً في دولة ناو (٠١١٧) .

٥. قدمت فرقة من حرس خميني عن طريق بانه واستقرت في الوقت الحاضر في أطراف سياكويز (٧٢٦٢) وقسامديين (٧١٦٠) وكولسي (٧٤٦٠) وقامت عناصر الفرقة المذكورة بنصب الخيم في الوديان وتم تشكيل مفرزة خلفية لهم في كولسي علماً أن الفرقة المذكورة سبق وأن تم جلبها الى قاطع الشيخان خلال تعرض العدو الفارسي على قاطع حلبجة الا انها لم تشترك في التعرض المذكور .
٦. ركز العدو الفارسي تواجد كثيف لمدفعيته في مناطق كاني خياران (٩٥١٩) ودركي (٠٨٠٨) ودزلي (٠٤١٤) وتستخدم المدافع المذكورة في ضرب مناطق شهرزور والتأثير على طريق سيد صادق - حلبجة حيث يتحسب العدو الفارسي لقيام قطعاتنا بعمل يستهدف الوصول الى حلبجة .
٧. يتواجد في قصبة حلبجة قوة صغيرة من العدو الفارسي وبقية قواته في المنطقة أعلاه متوزعة على الجبال المحيطة بالقصبة وذلك خشية من ضربات العتاد الخاص .
٨. يقوم العدو الفارسي بالتحقيق مع كافة اهالي قضاء حلبجة للبحث عن المقاتلين لغرض ارسالهم الى معسكرات الأسرى .

(٢ - ٣)
سري للغاية

سري للغاية

٩. توترت العلاقة في الوقت الحاضر بين العدو الفارسي والمخربين ويقوم العدو بطرد عوائلهم من المدن الايرانية وقد توجهت اعداد من عوائل المخربين للسكن في منطقة شلير ووضعهم الحالي سيء جداً .

يرجى التفضل بالاطلاع .

العقيد الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

نسخة الى /-
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (م ٥ / مقر) - يرجى التفضل بالاطلاع .

(٣ - ٣)
سري للغاية

پەیامی پەیامنێران

دزێکی سەرسوڕهێنەر!

پ. پێنجوێن

١٣/١٢ی ئەم مانگە.. کاتژمێر ١:٣٠ی شەو دزێک دەچێتە سەر ماڵێک.. دواترو لەکاتی ئاشکرابوونیدا بۆ ماوەی بیست خولەک تەقە بەبەردەوامی کراوە.. ئەوەی جێی تێڕامانە؛ ئەم دزە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ویستویەتی کاری دزیەکەی جێبەجێ بکات و پێشتریش هەروابووە بەوەی کەخۆی رووت دەکاتەوەو بەبێ جل دەچێتە سەر ماڵان بۆ دزی! ئەم شێوە دزییە ماوەی دوو ساڵە لەپێنجوێندا بەردەوامی هەیە..

ئەم جۆرە دزییە لەکەسێکەوە زیادی کردووە بۆ چەند کەسێک و لەشەوێکدا لەچەند شوێنێکی جیاجیا روو دەدات. سەرچاوەیەک لەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پێنجوێن کەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، رایگەیاند: گومانلێکراوێک بەناوی (ع.م) دەستگیرکراوە.. بەڵام لەلایەن ناوچەی پارتی بەرگری لێدەکرێت کەخەڵکانێکی زۆری ناوچەکە گومانیان لەو کەسە هەیە.. بەهۆی ئەم کارانەوە دڵەراوکێیەکی زۆر لەلای خەڵک دروست بووە.. کەکاری کردۆتە سەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر بەرۆژ بخەون و بەشەویش پاسەوانی بکەن.■

داقوق بێ پۆلیسی هاتوچۆیە

پ. داقوق

ماوەی مانگێکە پۆلیسی قەزای داقوق بۆ جوانتر راگرتنی بازاری قەزاکە.. سەنەوی دەیان ئۆتومبیلیان بردووەو هەوای تایەکانیشیان بەتاڵکردووە! لەباتی ئەوەی سەنەویەکان بدەن بەبەرێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوک.. خۆیان بەنرخی (١٠) هەزار دینار دەیدەنەوە.. شایەنی باسە پۆلیسی داقوق ئەم کارە لەجیاتی پۆلیسی هاتوچۆ دەکەن!

پرسیارەکە لەوەدایە بۆچی تاکو ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە تیمەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، وەکو باقی تیمەکانی ترئەوانیش لەقەزای داقوق بەرەسمی دابمەزرێن و کارەکانی خۆیان وەک پۆلیسی هاتوچۆ جێبەجێ بکەن.■

نیهاد ترک :
جگەلە بواری هونەر هیچی تر نازانم

ئا: ڕۆمان عومەر



هونەرمەندی کوردستانی سوریا (نیهاد ترک) لەدایکبوی شاری (حەلەب)ە، ئەندامی سەندیکای هونەرە جوانەکانی سوریایە. گەرچی ئەم هونەرمەندە هیچ پەیمانگاو ناوەندێکی هونەری نەخوێندوە، بەڵام لەبواری هونەری شێوەکاریدا چالاکەو خاوەنی چەندین پێشەنگای تایبەتی و گشتیە لەناوەو دەرەوەی سوریا، لەوانە: پێشەنگای سەنتەری رۆشنبیری فەرەنسی دیمەشق (١٩٩٨)، ستۆدیۆی (فاتح مودەرس) لەخانەی مەدا لەدیمەشق (٢٠٠٤)، گەلەری شارەوانی دیاربەکر ٢٠٠٢-٢٠٠٤. لەبواری هونەری شێوەکاریداچەندین خەڵاتی وەرگرتوە.

هونەرمەند دسەبارەت بەبەشداریکردنی خۆی لە پێشانگای هونەرمەندانی کوردستانی سوریا، تورکیا، ئێران و کارکردنی تایبەتی خۆی دەڵێت: مەرج نیە هونەرمەند دەرچوی هیچ ناوەندێکی هونەری بێت، بەڵکو لەوە زیاتر خێزان ئەو ڕۆڵە دەبینێ، بۆنمونە هاندەری من براکەم بو کەکاری شێوەکاری دەکات لەئەڵمانیە، خوشکێکم نەحاتە، نیهاد ترک دەڵێت: جگەلە بواری هونەر هیچی تر نازانم ئێستا کەلەکوردستانی ئازادم زۆرخۆشحاڵم ئاستی هونەری شێوەکاری زۆر گەشەی کردووە، ئاستی هونەری شێوە کاری کوردستانی سوریا لەپێنج ساڵی رابردوودا لەژێر دەسەڵاتی لاوانی کوردایە با بەزمانی عەرەبیش بدوێن زمانی شێوەکاری بێلایەنە، هیوادارم بگەینە هونەرێکی کوردی یەکگرتوو بتوانین ئەم پێشانگایە بکەینە فیستیڤاڵێکی ساڵانەو کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکات. ئێمە لە سوریا حکومەتەکەمان دیموکراتی نییە، دەرکەوتنی هونەرمەندی کورد زۆر زەحمەتە لێرە لە کوردستان هەست بە ئاسودەیی دەکەین.■

ناونیشان و چەمکی ناونیشان

دیاری قەرەداغی

لە شیکردنەوەی چەمکەکانەوە تێدەگەیت کە هەندێک زاراوە هەڵگری خەسڵەتێکن کە تەواو پێچەوانەی ناونیشانەکەن، پێداگرتن لە سەر هەندێک زاراوە دەتخاتە بەردەم وەستانێک بۆ گفتوگۆ، دەتخاتە نێو بازنەیەک یان باشتر بڵێین هێڵێک بەدەورتدا دەکێشن کە هەندێکجار دەبێت لە نێو سنوورەکانی ئەو هێڵەوە بۆ دەرەوەی مانای زاراوەو دەستەواژەکان بگەڕێیت..

زەحمەتە نەبونی پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ناونیشان و چەمکی ناونیشان،زەحمەتە سەرەو لێژکردنەوەی زاراوەکان کە ئەگەر خۆی بەدیویکی تردا راڤەکرا ئیتر هیچ مانایەک بۆزاراوەکە نەمێنێتەوە.

لەمەوە دیارە کە زاراوە گەلێک هەن دژە ئاراستەی چەمکەکەین و هەمیشە کەوتونەتە ژێر دەیان پرسیارو گومان وگریمانەوە.

لە دنیای ئێمەدا گەلێک زاراوە لەسنوری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی دروست بووە..بەکار براوە ..هێنراوە ..خواستراوە..بڵاوبۆتەوە..بوونەتە ئاماژەو تێگەیشتن بۆ روویەک،بۆ لایەنێک،بەڵام بەڕاڤەکردنی هەریەک لەم ناونیشانانە تێدەگەیت تۆ لەبەردەم دووڕیانێکدایت،لەبەردەم کۆمەڵێک گرفت و دەیان پرسیارو سەرسوڕمان وگومانیت.

دەماوەدەم ئەم زاراوە هونەریانە بەکاربراون،زۆریان لە ڕێگای بەرنامەو تایتڵەکانی(tv) ڕاگەیاندنەکانەوە بەئەرشیف کراون،هەندێک لەو زاراوانە ئەوەندە لۆکالین کە بستێک لە خاکی خۆت ترازایت ئیترکەس لێت تێناگات.

من هەوڵدەدەم بە پێی کات و تواناو مەودای بیرکردنەوەم هەر جارەو تیشکی گومانێک یان پرسیارێک بخەمە سەر برێک لەو دەستەواژەو زاراوە بەربڵاوانەی کە ڕۆژانە بەکار دەبرێت..

(شیعری گۆرانی):

ئەو دەرفەتەی کە رەخساوە بۆ بڵاوبونی ئەم دەستەواژەیە،بەکەم گرتنی هەندێک لەو شاعیرو ئەدیبانەی کە بێئاگان لەدنیای گەورەی هونەری گۆرانی و مۆسیقا،ئەوەندە تێدەفکرن کەلەکاتی سانا بوونەوەی بەهای شیعر دەبێت دەقاو دەق بەبەری گۆرانییەکدا بکرێت...

لەم رەهەندەوە هەمیشە دەرگا ئاڵۆزەکانی وێنەی شیعرو خەیاڵە پێچاوپێچەکانی فکری شاعیر داخراو بووە لە بەردەم ئاوازێکدا،لەبەردەم خەیاڵەکانی ئاوازدانەرێکدا.

کەم بینی نوسەرانی شیعر بۆ جیهانی فرە ئاوازەکان،کەم دەستییە لەوێنەی شیعری.

کەم بەهایی تێکچڕژانی دەنگەکانی لای ئەم بەرەیە بە وەستانی ریتمەکانی شیعر کۆتایی دێت.

کە هەندێک دەقی شیعری دەخوێنیتەوە،ئەوەندەی هەست بە وەستاویی و جێگیری دەکەیت، بەو جۆرەی کەوا دەزانی لە بەردەم شتێکی بێگیانیت، هەمیشە هێڵی بینینی ئەو دەقانە یەک ئاڕاستەوە یەک گرتەیین،هەست بە گۆڕین و مونتاجی گرتەکان ناکەیت بێ ئاوڕدانەوە مل دەنێن، هەندێک نووسەرانی شیعر پێیان وایە قووڵی فکر لە شیعردا رەوایەو تەنکی فکریش ماڵی گۆرانییە، هەندێک شاعیر هەر بۆ خەرمان بەرکەتی، دەیان ناویان لە شیعرە سادەو بێماناکانیان ناوە شیعری گۆرانی، کەم دۆستی هەندێک شاعیر لەگەڵ چەمکی گەورەی گۆرانی وای کردووە کە هەمیشە پێناسی گۆرانی کورتوکوێر بکەنەوە بۆ ئەو ناونیشانەی کە ئێستا هەڵگرییەتی و بەربڵاو بووە.

> **لە بچوکترین نمونەشدا کە کاتێک گۆرانی بێژێک دەستەوسانە لە وتنی ئاوازێکی قورسی ئاوازدانەرێک، دەڵێت : (شیعرەکەی بۆ گۆرانی ناشێت.) یان کاتێک ئاوازدانەرێک توانای ئاوازدانانی زۆر سنوردار و دیاریکراوە بەناچاری جیاوازی دەکات لە شیعرەکان و خەتایەک دەخاتە ئەستۆی شیعر**

ئاخر پێناسی گۆرانی بۆ شیعرێکی فۆلکلۆری و میللی زۆر سادە ناکاتە هەمان پێناس بۆ دەقی گۆرانییەک کە بەهاوچەرخی لە دایک دەبێت، بۆ دەبێت شاعیرێک تێکستی گۆرانی (دوو سەر لەسەر سەرینە، ناسکۆڵەی نازەنینی.) بەڕووی هەموو دەق وتێکستەکانی دنیا هاوشێوانە پێناسە بکات،بۆ بەم پێودانگە ناونیشان لە شیعری تری گۆرانییەکان دەنرێت،بۆ دبێت ناو لەو هەستە سادەو ساکارانەی خۆتان بنرێت (شیعری گۆرانی)، کەچی لە دەقە گران بەهاکانی ترتان ئەم ناو نیشانە وونە؟؟ ئایا ئەمە بچوککردنەوەی پانتاییەکانی دنیای گۆرانی نییە؟ ئایا ئەمە تەسککردنەوەی مەودای ئاوازدانەران نییە بۆ هەڵبژاردنی دەقی شیعری شیاوتر بە دنیای بیرکردنەوەیان؟ ئایا ئەمە تێڕوانینێکی سەرپێیانە نییە بۆ رەهەندەکانی گۆرانی و ئەو خیتابەی لەسەرییەتی؟

ئەمانە کۆمەڵێک بەڵگەن کە ناونیشانێکی هەڵە دروست دەکەن بۆ شتێک کە دوورە لە چەمکەکەی.

لە لایەکی ترەوە بوونی ئەوفاکتەرە بۆ قوتکردنەوەی ئەم ناونیشانانە، ئەو برە هونەرمەندانەیە کە بە کەمترین کەرەسەی فکری و رۆشنبیری و تەنانەت دەنگخۆشیش دێنە ئەم بوارە دەرگابەرەڵاییە، جاکە تۆ تەفسیرت نەبێت بۆ ئەسلافت، نەبیتە پرسیارکەر و گومان لێکەربۆکارو میکانزمییەتی ئیشوکاریان، ئەو کات هیچی ترت بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی وەک توتی ئاسا هەڵگری ماناو شوێن پێ و کەرەسەو ناونیشانەکانی ئەوان بیت تا دەبیتە فۆتۆکۆپییەکی کرچوکاڵی پێشینەت،بۆ نمونە کە ئەوان وتیان:(رەسەن، مۆرک، شیعری گۆرانی، دابەشکردن، ئامادەکردن....تادوایی)بێ ئەوەی سەرە ئەلفێک لەم دەستەواژانە راڤە بکرێت ئەمانیش وای دەڵێنەوە ،دەخوێننەوە ،دەنوسننەوە.

لە بچوکترین نمونەشدا کە کاتێک گۆرانی بێژێک دەستەوسانە لە وتنی ئاوازێکی قورسی ئاوازدانەرێک، دەڵێت : (شیعرەکەی بۆ گۆرانی ناشێت.) یان کاتێک ئاوازدانەرێک توانای ئاوازدانانی زۆر سنووردار و دیاریکراوە،بەناچاری جیاوازی دەکات لە شیعرەکان و خەتایەک دەخاتە ئەستۆی شیعروئاسانەکە بەشیعری گۆرانی ناوزەد دەکات، هەندێکی تر ئاستی رۆشنبیری لەئاستێکی ئەوەندە کزدایە کە چێژی بۆ شیعرێکی هاوچەرخ ئامادە نییە، لەو کاتەی کە کۆمەڵێک دەقی شیعری دێتە بەردەمی، هەمیشە کڕیاری دەقە زۆر سادەو ساکارەکەیە، دەفەرموێت: (ئەمەیان بۆ گۆرانی دەشێت و ئەوانی تر ناشێت.)

هەر لەم قیاساتانەوە تەمومژێکی بۆ ئەم ناویشانانە دروستکردووە لەلای من، بۆیە ناکرێت ئەو دەقە جوانانەی کە فرە رەهەندو فرە بیرن لە دەرخستنی کێشە ئینسانییەکان وەلاوە بخرێن بە بیانووی ناونیشانێک کە ئەویش(شیعری گۆرانی)یە.■

موزیکزانە ناودارەکانی جیهان

ئا/ باران

١٩٠٢: گۆستاف ماهلەر؛ لەبەرلین سییەمین سیمفۆنیای پێشکەش دەکات.

١٩٠٣: شتراوس؛ سمفۆنیای(دوستیکا) پێشکەش دەکات، ئەم بەرهەمەی شتراوس، کاریگەریەکی گەورە لەسەر مامۆستایانی قوتابخانەی کلاسیکی نوێ جێ دەهێڵێت.

١٩٠٤: ماهلەر؛ لەکۆلۆن پێنجەمین سیمفۆنیای پێشکەش دەکات، بەڵام پێشوازیەکی ساردی لێ دەکرێت.

- کۆچی دوایی دفورجاک: دواهەمین نوێنەری قوتابخانەی کلاسیک و رۆمانتیک.

١٩٠٥: ریتشارد شتراوس لەگەڵ کەمانچەژەنی ناسراوی تشیکی، کارل هالبرج، کونشرتۆی کەمان لەگەڵ ئۆرکسترا، پێشکەش دەکات.

- شتراوس، (سالومی) پێشکەش دەکات.

- دیبوس بەرهەمە سیمفۆنیەکەی خۆی بەناوی (زەریا) پێشکەش دەکات.

١٩٠٦: ماهلەر: لەئیسن، شەشەمین سیمفۆنیای پێشکەش دەکات.

- لەدایک بوونی دیمتری شۆستاکۆفیتشن.

١٩٠٧: کۆرساتۆف؛ ئۆپێرای (چیرۆکی شارە ونەکەی کیتیچ) پێشکەش دەکات.

- فلۆرنت شمیت لەپاریس (تراژیدیای سالومی) پێشکەش دەکات.

١٩٠٨: ماهلەر؛ لەبراگ حەوتەمین سیمفۆنیای پێشکەش دەکات.

١٩٠٩: رمستی کوریاتۆف؛ لەمۆسکۆ؛ ئۆپێرای (کەڵەشێری زێڕین) پێشکەش دەکات.

- شتراوس: لەدرسدن ئۆپێرای (ئەلکترا) پێشکەش دەکات.

١٩١٠: بیلابارتوک: چوارینەیەکی ژیدار پێشکەش دەکات.

- ماهلەر: لەمیونخ؛ لەبەردەم پێنج سەدو سێ هەزار کەسدا: سیمفۆنیای هەشتەمی پێشکەش دەکات.

- سترافسکی: لەگەڵ تیپی بالیەی روسی بالێی (باڵندەی ئاگرین) پێشکەش دەکات.

١٩١١: کۆچی دوای گۆستاف ماهلەر.

- سترافنسکی لەپاریس لەگەڵ تیپی بالێی روسی، بەرهەمێکی تەلیعی لەژێر ناونیشانی (بتروشکا) پێشکەش دەکات.

- دیبوسی: دوا بەرهەمی خۆی، یاخود دوا بەرهەمی گەورەی خۆی بەناوی (شەهید سان سیباستیان) پێشکەش دەکات.

١٩١٢: برۆنۆ والتەر: لەڤییەنا نۆیەمین سیمفۆنیای پێشکەش دەکات، کە لوتکەی داهێنان و بیری فەلسەفی تیا بەرجەستە بووە.■

دەربڕینی هونەری

موعتەسەم ساڵەیی

وشەی هونەر بەو چالاکی و بەرهەمانە دەوترێت، کەلەلایەن دەستەی مرۆوە دادەهێنرێن لەبواری وێنەکێشان و داتاشین و بیناسازی و نواندن و گۆرانی و سەماو هەڵپەرکێ و ...هتد. هەردەم هونەرو ژیان هاوکێشەیەک پێکدەهێنن و هەر یەکەیان لەئاستی خۆیەوە کار لەوی تریان دەکات. بۆیە ژیان قەوارەی هونەر لەقۆناغو سەردەمێکی تایبەتدا دەست نیشان دەکات. لەهەمان کاتیشدا هونەر بەتارایەکی جوانکاری رەوتی ژیان و خواست و ئارەزوو هەست و نەستی مرۆ بەرجەستە دەکات.

لاتینیەکۆنەکان وشەی هونەریان دەدایە پاڵ هەموو کاروپیشەیەکی دەستکرد، کەکارامەیی تێدابکرایە وەک دروستکردنی شتومەک و کاروباری پیشەسازی و پەیکەرتاشی و نۆژداری.. لەچاخەکانی ناوەڕاستدا وشەی هونەر بۆ وەسفکاری دەستورو ڕێزمانی وژیربێژی وفەلەک ناسی وتەلەسمبازی بەکار دەهێنرا. ئەم پێناسەکردنەیش تا سەردەمی شکسپیر درێژەی کێشا.

لەنێو کۆمەڵی کوردەواری کۆندا داهێنان و چالاکی هونەری بەمانا باڵاکەی زۆر لاواز بووە. تابلۆکێشان و پەیکەرتاشی بەپێی پەیرەوکردنی ئاینی شتێکی حەرام و بەدێو و نەگریس بووە. ئەم دیاردەیەش هەموو نەتەوەکانی ناوچەکەی گرتبوەوە و بەتەنها پەیوەست نەبووە بەمیللەتی کوردەوە. سەرەرای ئەوەی کە گۆرانی و سەماو هەڵپەرکێش حەرام بووە، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە میللەتی کورد بخرێتە سەرباریکی ئەوتۆوە کەنەتوانێت بەهونەری گۆرانی و سەماو هەڵپەرکێ هەڵبسێت.. لەنێو میللەتی کورددا بەکارهێنانی وشەی هونەر لەئاستێکی تەسکدا بووە. بۆ نموونە گەر کەسێک بەکارو کردەوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵبستایە، ئەوا بەسەرسوڕمانەوە بەو چالاکی وکردەوەیە دەوترا: (بەخوا هونەرە!) یاخود (بەراستی هونەرە..!). بۆیە دەبینین لەهەندێ ناوچەدا وشەی (هونەر)یش بەکارهاتووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەسەردەمانی کۆندا وشەی (هونەر) لەنێو میللەتی کورددا، بۆ کردەوەی سەرسوڕهێنەر بەکارهاتووە، نەک بۆ (هونەر) بەماناکەی ئێستای. ئەوەی شایانی باسە وشەی (هونەرمەند) لەنێو میللەتی کورددا لەسەردەمانی زوودا بەکارنەهاتووە، بەڵکو وشەی (هونەرمەند)مان لەفارسەکانەوە وەرگرتووەو بەکاری دەهێنین. ئەم وشەیەیش بریتیە لە (ناوی بکەر) و لەسەر کێش و وەزنی چەند وشەیەکی تری فارسیە وەک: بەهرەمەند.. دانشمەند.. هۆشمەند.. گەرچی لەکوردیشدا وشەی (دەوڵەمەند) مان هەیە لەسەر هەمان کێش.. شاعیرە کلاسیکیە کوردەکانیشمان بەزۆری وشەی (فەن) یاخود (سەنعەت) یان بەکارهێناوە بەرامبەر بەهونەر. تاکو ئێستایش بەزمانی تورکی بەرامبەر بەهونەر وشەی (سەنعەت) لەزمانەکەیاندا بەکاردەهێنن.

لەنێو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەکەمی ئەو جۆرە بابەتانەمان دەکەوێتە پێش چاو کە لەبارەی هونەرەوە بدوێن.

مامۆستا (عبدالرزاق بیمار) لەژمارە (١٤١)ی گۆڤاری (رەنگین) دا لەنووسینێکدا، لەبارەی هونەرمەند (شەماڵ سائیب)ەوە دەدوێت و دەڵێت کە ئەو گۆرانی بێژە لەکۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا لەگۆڤاری (گەلاوێژ)ی پێشنیاز کردووەو بەکاری هێناوە. لەگۆڤاری (هیوا)دا گۆشەیەکی هونەریی بۆ تەرخان کرابوو..

لەم سەردەمەی ئێمەدا هونەر دوو لایەنی جیاوازی گرتۆتە خۆی. بەشی یەکەمیان پێی دەوترێت هونەری سودبەخش. لەبەرئەوەی ئەم تەرزە هونەرە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەژیانی مرۆوە هەیە، هەردەم تێکەڵ بەگوزەرانی رۆژانەوە دەبێت و مرۆ سوودی راستەوخۆیان لێوەردەگرێت وەک: کورسی و فەخفوری و دیکۆرو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە..

بەشی دووەم بریتیە لەو چالاکیە هونەریانەی کەسوودی راستەوخۆ بەئادەمیزاد نابەخشن، بەڵکو لەڕێگای دارشتنێکی جوانکاریەوە کاردەکەنە سەر بیرو هۆشی وەرگرو هەست و سۆزی دەبزوێنن.

بەم تەرزە هونەرە دەوترێت هونەری سادە یاخود هونەرە جوانەکان (fine art) بێگومان بەبیستنی پارچە مۆسیقایەک، یاخود بەبینینی تابلۆیەکی هونەری سودی راستەوخۆ وەرناگرین، بەڵکو ئەوکارە هونەریانە نێوەندێکی شیاو و لەباری گیانی و رۆحیمان بۆ دەرەخسێنن، بەرادەیەک پلە بەپلە بەپێی رەسەنایەتی و ئاستی ئەوکارە هونەریانە بەرەو جیهانی ئەندێشەو خەیاڵ بڵندمان دەکەنەوە.. بابەتی هونەری دوو لایەنی هەیەو کەهەر لایەنکێیان تەواوکەری ئەوی تریانە. ئەو دوو لایەنەیش بریتین لەڕوخسارو ناوەڕۆک یاخود شێوەو جەوهەر.. ئەم دوو لایەنە یەک دەگرن و بابەتی هونەری پێکدەهێنن.



لەکاتێکدا بەتەنیا بەتاکە لایەنکێیان بەرهەمی هونەری ناخولقێت. بەرهەمی هونەریی بەهادارو پایە بڵند لەئاکامی مارەبڕینی شێوەو ناوەڕۆک لەدایک دەبێت. دەربرینی هونەری لەو جۆرە کارە هونەریانەدا خەست دەبێتەوە، کەتۆوی نوێخوازی و تازە بابەتیان لەسەردەمێکی دیاریکراودا تێدا بەدی بکرێت. نوێخوازی ئەو ماناو واتایە دەبەخشێت کەبەرهەمێکی هونەری گیانی داهێنان لەناخیدا چەکەرەی کردبێت. ئەم داهێنانەیش دەبێت لەهەردوو بواری شێوەو ناوەڕۆدا خۆی بنوێنێت.

نهێنیی سەرکەوتنی بابەتی هونەری، لەو ناوەرۆکە دەگمەن و رەسەنەدا چڕ دەبێتەوە، کەهونەرمەند بەزیرەکی خۆی داویەتیە بەرنیگاو لەئاکامیشدا بەکارامەیی و دەست رەنگینیی هونەریی تایبەتیی خۆی خستوویەتیە نێو قاڵبێکی هونەری شایستەی دانسقەوە. گرنگ ئەوە نییە کەهەست بەدیاردەو کێشەیەک بکەیت و یەکسەر راستەوخۆ دەریببڕیت، بەڵکو گرنگی لەوەدا دەردەکەوێت کە لەنێو قاڵب و چوارچێوەیەکی هونەریدا دایڕێژیت.. هونەرمەندی سەرکەوتوو بەکەسێک دەوترێت، کەتوانای ئەوەی هەبێت قاڵبێکی شیاو و گونجاو بۆ کێشەو ململانێیەکی پەیوەست بەمرۆوە بدۆزێتەوە. مەرج نییە کەهونەرمەند بەتەنیا شتێک بڵێت یاخود دیاردەیەک پیشان بدات، بەڵکو مەرجی سەرەکی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە ئایا هونەرمەند چۆن و بەچ شێوازێک ئەو بابەتە لەلا گەلاڵە بووەی خۆی دەردەبرێت، بەرادەیەک کاری راستەوخۆ بکاتە سەر هەست و هۆش و ویژدانی وەرگری شارەزا..

گەلێک رەگەزی جیاجیا دەبنە بنەماو بنچینەیەکی پتەو بۆ گەڵاڵە بوونی بابەتی رەسەن لەلایەن هونەرمەندەوە.

لەمەیدانی هونەری شێوەکاردا رەنگ و هێڵ و لایەن و پانتاییەکان، بەرادەیەکی کاریگەر قەوارە و ناوەرۆک دەخەنەروو. بۆیە جاری وەها هەیە کەهونەرمەند بایەخی سەرەکی بەشێوازو جۆری بەکارهێنانی رەنگو دەدات، لەپێناوی دەربرینی ناوەرۆکێکی تایبەتی کە لەناخیدا گینگڵ دەخواتەوە. جاری ئەوتۆیش هەیە کەهێڵ بەهەموو وزەو پەلهاویشتن و سەرەتاتکێکانیەوە دەبێتە رەگەزێکی بنەرەتی لەپێناوی دەربرینی هونەریدا.

لەلای پەیکەرتاشیش مەسەلەکە بەجۆرێی تر دەکەوێتەوەو روخسارێکی جیاواز دەگرێتە خۆی. هەمیشە پەیوەندیەکانی لایەن و قەوارەو پانتاییەکان، بەنێوەندو بۆشاییەوە، وەک خاڵێکی گرنگ خۆی بەسەر پرۆژەو بەرهەمەکانی پەیکەرتاشدا دەسەپێنێت.

دەربڕینی هونەری لاستیک ئاسا، بەپێی بیروبۆچوونی هونەرمەندو سەردەمو، پێبەندی هونەرمەند بەرێبازێکی هونەریی تایبەتیەوە دێتە ئاراوە. بەتایبەتی گیانی سەردەمو رووحی رۆژگار بازنەی دەربرینی بابەتی هونەری بەدرێژایی مێژوو، دەستنیشان دەکات. لەم بارو دۆخ و حاڵەتەدا پێویستە لەسەر رەخنەگری هونەری کەگۆرانکاریەکانی سەردەمە جۆراوجۆرەکان رەچاو بکات، لەکاتی حوکمدان و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەریدا.■

بەجیهانیبوون و قەیرانی ڕەوایی و کارگێڕی تەناهی لەوڵاتانی روو لە گەشەدا

د. حسەین فروغی نیا

و: حامد مرادی

سەرەتا

دیاردەی بەجیهانیبوون کە لەم سەردەمەدا سەری هەڵداوەو بووەتە هۆی گۆڕانکاری لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی لەئاستی نێو نەتەوەییداو پەرەسەندنی ئەم رەوتەش بووەتە هۆی پێکهێنانی روبەروبونەوەو ململانێی سیاسی لەهەندێک وڵاتانی جیهاندا هەندێک پێیان وایە کە گرنگترین و بەرچاوترین لایەنی بەجیهانیبوون لایەنەئابوریەکەیەتی بەڵام بەپێچەوانە بەجیهانیبوون تەنیا لایەنی ئابوری لەخۆ ناگرێ، بەڵکو سەرەڕای لایەنی ئابوری هەموو لایەنەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێ: مارتین البرو (Martin aLbro) بەجیهانیبوون بەم شێوە پێناسە دەکات: بەجیهانیبوون رەوتێکە کە هەموو خەڵکی جیهان بەتێکڕا لەکۆمەڵگەیەکی گشتگیری جیهاندا پێکەوە گرێدەدات. ئەڵبەتە ناتوانین تەنیابەم پێناسەیە بەسەندە بکەین بەڵکو دەتوانین بۆ راڤەی ئەم چەمکە پێناسەی جۆراوجۆر بێنینەوە. بۆ وێنە ئامانوئل ریشتر (Rishter) بەم شێوە بەجیهانیبوون پێناسە دەکات: بەجیهانیبوون پێکهاتەی رایەڵکەیەکی گشتگیرە، رایەڵەیەک کە بەسەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵانەی کە پێشتر لەکۆمەڵەی جیهانی تەریک ببونەوە لەلێک بەستران و یەکیەتی جیهانی تێکەڵی کۆمەڵگەی جیهانی دەبنەوە.

وەرچەرخان و شۆڕشی ئەنفۆرماتیکی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم (١٩٩٠)بووەتە هۆی ئەوەی کە والایی مەجازی وەکو دیاردەیەکی کاریگەر لەمەڕ بیاڤەکانی ئابوری سیاسی سیستمی نێو نەتەوەیی جێگای سەرنج و بایەخ بێ.

لەم نێوانەدا دەسەڵاتی حکومەتەکان، زاڵ بوون و کاریگەرییان لەمەڕ هاوڵاتیانی خۆیان بەشێوەیەکی جیدی کەوتەقەیران وروبەروبونەوە. بەشێوەیەک کە چەمکی دەسەڵاتی ئابوری بەمەودا گرتن لەو واتاو ستافالی یەی خۆی بەپێکهاتەو چەمکی نوێ پێناسە کرا.

لەم نێوانەدا بەهۆی پەرەسەندنی بەپەلەو خێرای ئینترنێت و ڕایڵکەی جیهانی ئنفۆرماتیک کە وەکو گەورەترین و گشتگیرترین تکنۆلۆژی پەیوەندی ناسراوە و شوێن پێگەی بەرزی لەئاستی جیهاندا بەدەست هێناوە و بەهۆی کاریگەری و کارنامەی بوونی، دەسەڵاتی دەوڵەتەکانی لەبوارە جۆراو جۆرەکاندا خستۆتە مەترسی و هەرشەی لەنێو چونیان لێ دەکات. تەنانەت خێراییەکی زۆری بەدیموکراتیزە کردنی وڵاتان بەخشیوە. کەوابوو بەشێوەیەکی جیدی حکومەتە کانی روبەروی قەیران لەبیاڤە جۆراوجۆرەکاندا کردوتەوە کە دەتوانین ئاماژە بەهاتنە خوارەوەی کاریگەری و کۆنترۆڵی دەوڵەتەکانی لەمەڕ هاووڵاتیان، چونە سەرەوەی کاریگەری رەوتە جیهانی یەکان لەمەڕ دەسەڵات و سیستمی سیاسی وڵاتەکان، بێ توانایی و دەستەوەستان بوونی دەوڵەتەکان لەڕێک خستن و دارشتنی سیاسەتی دەرەوەیی و بەرنامەگەلی گەورەو درێژ خایەنی ئابوری، کەم بوونەوەی کۆنترۆڵیان لەمەڕ نیهادگەلی ماڵی و ئابوری و هەروەها کەم بوونەوەی رادەی چاودێرییان بەسەر سیستمی دراویی و کۆنترۆڵی چالاکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هتد بکەین. بەجیهانیبوون بووەتە هۆی ئاڵ و گۆڕ لەرەهەندە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی جیهانی و کردویەتی بەنیزام و سیستمێک کە لەسەرەوەی دەسەڵاتە نەتەوەیەکان دایە، بەچەشنێک کە نیزامی سونەتی بەتێپەڕ بوون و بەسەر چوونی کات و بەهۆی کارتێکردنی دیاردە جۆراوجۆرەکان زیاترلەجاران روبەرووی قەیران و شڵەژان بوەتەوە. ئەڵبەتە وادیارە کە ئابوری دەوڵەتە نەتەوەیەکانیش پلۆرالیستی بەشێکی هەرە گرینگە لەجیهانی سیاسەتدا. بەڵام لەدرێژماوەدا سیاسەتی جیهانی، شێوەی پلۆرالیستی بەخۆ دەگرێ و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەشکلدان و پێکهێنانی نەزمی نوێی جیهانی ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ.

بەجیهانیبوون روبەرووی ئەوگریمانە دەبێتەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەچوار چێوەیەکی دیاری کراوەو داخراودا دادەنێ و واڵایەکی سیاسی نوێی پێک هێناوە کە هەموو جیهان لەخۆ دەگرێ. هەر بۆیە لەوڵاتانی ڕوو لەگەشەدا گە دژایەتییەکی سرۆشتی لەنێوان پێکهاتەی یاسای رەسمی و واقیعەتی ئابوری سیاسی نێونەتەوەیی دەبیندرێت دەبێ یەکێکیان بەسەرەوەتر دابنرێ واتە یان دەسەڵاتی نەتەوەیی یان بازەرگانی نێو نەتەوەیی.

بەهاتنە ئارای بەجیهانیبوون رۆڵی سنورە جوگرافیاییەکان لەبڕیاردان و چالاکییەکانی ئابوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مرۆڤەکان گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی و لەم رەوتەدا بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتەکان زیاتر لەجاران لێک گرێدراوەو بووەتە شتێکی گشتگیرو جیهانی، واتە لەدنیای جیهانیزەدا چەمکی نەتەوەیی جێگەی خۆی داوەتە چەمکی نێونەتەوەیی و شوێنێکی هاوبەش بۆ هەموو وڵاتانی جیهان پێکهاتوە کە لەوێدا رۆژ بەرۆژ پێوەندیە نێو نەتەوەیەکان روو لەگەشەدایە. لەلایەکی دیکەوە بەهاتنە ئارای رەوتی بەجیهانیبوون تایبەتمەندی گەلی سەرەکی دەوڵەتی نەتەوەیی رو لەنێو چوونەتایبەت مەندگەلێک کە هەندێک لەنوسەران بەکاریگەری دەوڵەتەکان لەمەڕ سیاسەتی نێو خۆیی خود موختاری، قەوارەی دەسەڵات و رەوایی نێو خۆیی دەزانن. بەجیهانیبوونی ئابوری، بڕیارە نێوخۆییەکان لەمەڕ ئابوری لەبەرانبەر رەوتی بەجیهانیبوونی ئابوریدا هەڵ دەوەشێتەوە، هەروەها پەرەسەندنی دەسەڵاتی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بووەتە هۆی کەم کردنەوەی خودموختاری دەوڵەتەکان لەبواری کردەییدا، لەبواری قەوارەو دەسەڵاتەکانیشدا بەهۆی پەرەسەندنی رەوتی دیمۆکراتیزاسیۆن کە بەشێکە لەرەوتی بەجیهانیبوون کاریگەری و رۆڵی لەمەڕ هەموو وڵاتانی جیهان کەم و زۆر دەبیندرێ و ئیدی دەسەڵاتەکان ناتوانن ڕەوایی خۆیان جگە لەو قانون مەندی و دەسەڵاتە یاسایەی کە هاوتەریبی قانون مەندی جیهانی بێ وەر بگرن و پەیرەوی لەسیستەم و یاسای کۆن بکەن.



کە وابوو رەوتی بەجیهانیبوون دەسەڵاتی نەتەوەیی وڵاتەکان سنوردار دەکاتەوەو ناتوانن کە چەشنی رابردوو بەپێی سیستەم و پارادایمی پێشوو بجوڵێنەوە، هەر چەند کە لەبواری حقوقی و رواڵەتییەوە لەپانتایی دەسەڵاتی خۆیاندا بەهێزی سەرەکی و نیهایی دەناسرێن. لەڕاستیدا لە پەرەسەندنی رەوتی بەجیهانیبووندا دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەشێکی گرینگ لەتوانای، خود موختاری و دەسەڵاتی خۆیان لە دەس دەدەن و بەشێوەیەکی بێ وێنە روبەرووی بازارگەلی جیهانی، رێکخراوە بازرگانی یە ناوچەییەکان نیهادگەلی سیاسی نێونەتەوەیی و بزوتنەوە فیکریە گەشەسەندووەکان دەبنەوە، ئەڵبەت پێویست بەئاماژە کردنە کە کاریگەری رەوتی بەجیهانیبوون لەمەڕ توانایی و دەسەڵاتی وڵاتەکان لەشوێنە جیاوازەکانی جیهاندا جیاوازە. هەر بۆیە دەبێ شوێن و پێگەی وڵاتانی رو لەگەشە (لەوڵاتانی جیهانی سێهەم) لەم رەوتە، ببینینەوەو بکەوینە راڤەو هەڵسەنگاندنی. واقعیەت ئەوەیە کە بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشەیی، وڵاتانی روو لەگەشە لەگەڵ قەیرانی رەوایی بەرەوروون و ئەم کێشەیە روبەرووی کارگێڕی تەناهی ئەم ولاتانە بوەتەوەو توشی گێژاوەی کردوەتەوە. ئەو رژیمانەی کە رەوایی خۆیان بەپێی بەهاو نۆرمە سونەتیەکان وەرگرتووە، بەگەشەسەندنی رەوتی مودێرنیزاسیۆن و ئاڵۆزی کێشە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەورو دەبنەوە. لەلایەککی دیکەوە هەندێک لەرژیمەکان بەکەڵک وەرگرتن لەپێکهاتە پڕ شکۆو مەزنەکان و ئایدۆلۆژیای دیماگۆجیانە بەرهەڵستی قەیرانی رەوایی بونەتەوە کەئەم شێوە بەرە بەرە دەبێتە هۆی بەهێزبوونیان. هەر بۆیە رەوتی بەجیهانیبوون دەرەنجامی بەرچاوی لەمەڕ نیزامی سیاسی و قەوارەی نێو خۆیی دەسەڵاتی وڵاتانی روو لەگەشە هەیە. لە بەر ئەوەی کە بەهۆی هاتنەکایەی پێکهاتەو چەمکی نوێ لەئاستی جیهاندا ئیدی ئەم چەشنە دەسەڵاتانە ناتوانن کە بەپێی سیستمی سونەتی و پێشوو وڵامدەری پێویستی و ویستەکانی هاووڵاتیان بن و بەبێ گۆڕانکاری بنەرەتی لەقەوارەی سیاسی و ئابوری وڵاتیکدا پێک بێنن و دەرفەتی بەشداری سیاسی بۆ خەڵک پێک بێنن و ئاشکرایە کە ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی شڵەژان و شپرزەیی سیستمی دەسەڵاتەکەیان. کە وابوو راڤە کردنی ئەم بابەتە دەبێ لەپێشدا پێناسەو شرۆڤەی دوو چەمکی سەرەکی ئەم بابەتە واتە رەوایی و تەناهی بکەین و پاشان کاریگەریەکانی رەوتی بەجیهانیبوون لەمەڕ بنەماکانی رەوایی و تەناهی وڵاتانی روو لەگەشەدا شی بکەینەوە تاکو بتوانین ڕێگا چارەی پێویست بۆ هاو تەریب بوون و گونجان لەگەڵ ئەو قەوارە نوێیەی کە لە نەزمی نێو نەتەوەیی،سیستمی سیاسی و ئابوری نیزامی نێو نەتەوەیی روویداوە بدۆزینەوە.

"چەمکی رەوایی"

بەشێوەیکی گشتی لەمێژە کە کێشەی رەوایی نێو خۆیی حکومەتەکان، بووەتە سەرەکی ترین بیردۆزە سیاسیەکان. بیردۆزی لیبرالیسم کە مرۆڤەکان بەئازادو ژیر دەزانێ، چەمکی ئاڵۆزی ئیقتداری کردۆتە هەوێنی بیردۆزەکەی. رۆسۆ وتویەتی کە: ئەگەر مرۆڤەکان ئازاد هاتونەتە دنیا چ شتێک دەتوانێ ئەم ئازادیەیان لێ زەوت و سنوردار کات و چ بیانوێک هەیە بۆ سەپاندنی ئەو مەرج و یاسا دەستکردانە بەسەریاندا؟ ئەم پرسیارە بنەمای سەرەکی تئۆریەکانی رەواییە ئەڵبەتە رەوایی حکومەت لە رەهەندی نێو نەتەوەییەوە تا ماوەیەک لەمەو پێش بەو شێوەیەی کە دەبوایە جێگای سەرنج نەبوو. زۆربەی تئۆرییەکان بنەمای رەوایی حکومەت لەرەزامەندی ئەو خەڵکەی کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکرێ دەبیننەوە. رژێمێک کە پشتیوانی پێویستی نێو خۆیی نەبێ بەناچار بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی دەبێ لەهێزی زەبرو سەرکوت کەڵک وەرگرێ و ئەم چەشنە رژیمە رژێمیکی دیکتاتۆرە. مەبەستی رەوایەتی پاساو دانەوەی ئیقتدارە. چەشنی ئیقتداری یاسادانەرەکان بۆ دەرهێنانی دەستورە حقوقیەکان یان ئیقتداری دادگاکان بۆ دەرکردنی حوکم و دیاری کردنی سزا. ئیقتداری رەوا ئەو ئیقتدارەیە کە جێگای پەسەندە. تئۆریەکانی رەواییش بۆ رەواییدان بەدەسەڵات و ئیقتدار پشتیان بەستوە بەهەندێک فاکت چەشنی سونەت، قانونمەندی،دیموکراسی و هتد. ئەگەر دەسەڵات لەسەر بنەماکانی جێگای پەسەندو رەزایەکی خەڵک دانرابێ و بەرێوەبچێ بەدەسەڵاتێکی بەرحەق و رەوا پێناسە دەکرێ. بەڵام ئەوەی کە رادەی دەسەڵات چەندەو بەچ شێوەیەک دەسەڵات رەوایی خۆی وەردەگرێ کێشەیەکی ئاڵۆزو بێ دەرەنجامە بەشێوەیەک کە هەر یەک لە ماف زانەکان، فەیلەسوفانی ئەخلاق و سیاسەت و زانایانی کۆمەڵایەتی بەشێوازی جۆراوجۆر راڤەو شرۆڤەی ئەم کێشەیەیان کردووە.

چەمکی تەناهی

هەر لەجێی خۆیدا تەناهی وەدیهاتەیەکی هەستەکییە، واتە دەبێ بۆ بەدیهاتنی ئەم دیاردەیە متمانەو بروای تەواو لەبیروڕای خەڵکی، دەسەڵاتدارو بەرێوەبەرانی دەوڵەت پێک بێ کە تەناهی بۆ درێژەدان بەژیانێکی ئارام و دوور لە سەر ئێشە پێویستە، بەڵام دەست نیشان کردنی رادەی تەناهی پێویستی کۆمەڵگە، شتێکی دژوارو نامومکینە. بەشێوەیەک کە لەقورئانی پیرۆزیشدا سەرنجی تەناهی لەئاست و رەهەندی جۆراوجۆردا دراوە. ئەڵبەت هەر کات کە قورئانی پیرۆز باسی لەتەناهی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگە پێویستیەتی کردووە، دەست بەجێ هاوکات باسی لەپێوانەکانی پەرەپێدان بەتایبەتی بردنە سەری ئاستی بەرهەم هێنان، پەرەسەندنی پێوەندییەکان، پێشکەوتنی زانست و تکنۆلۆژی، دابین کردنی خانو، شارسازی و پێداویستییەکانی حەوانەوە و ئاسایش کردوە. لەراستیدا بنەچەی تەناهی لەگەڵ بنەچەی دەستەواژەی ئیمان و باوەر یەک دەگرێتەوە، بەڵام چەمکی نەزم و تەناهی لەپەیڤەکانی "ئاگۆستین" کە وێنەی بیرکردنەوەی مەسیحییە زیاتر بە چەمکی ئاشتی نزیکە. لەراستیدا ئایینی مەسیح پێکهێنانی تەناهی بەهاوتای پێکهێنانی ئاشتی و ئارامش دەزانێ. تەناهی پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرینگی چەمکی پانتایی نەتەوەییە. واتە ئەگەر لەشوێنێکی وڵاتدا کێشەی تەناهی و ئاڵۆزی هەبێ کاریگەری دەبێ لەمەڕ هەموو پێکهاتەکانی دیکەی وڵات. بۆ وێنە دەوڵەت ناتوانێ ئیدعای تەناهی بوونی وڵاتەکەی بکات بەڵام لە هەمانکاتدا پارێزگا، شار یان بەندەرێکی ئەو وڵاتە لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە داگیر کرابێ و یان لە مەترسی داگیر کردندا بێ. ئەگەر بمانەوێت کە تەناهی لەئاستی نێو نەتەوەیدا پێناسە بکەین دەبێ بڵێین کە تەناهی نەتەوەیی گەیشتن بە بارودۆخێکە کە وڵات لەمەترسی هێزەکی وکردەیی دەرەکی و نێو خۆیی و کاریگەری سیاسی و ئابوری، وڵاتانی بێگانە پارێزراوبێ و بێ دەستێوەردانی هێزی دەرەکی بەرەو پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دابین کردنی ئاسایشی تێکڕای خەڵک هەنگاوو هەڵگرێ. ئەگەر بمانەوێ کە رووەکەی دیکەی چەمکی تەناهی پێناسەو بەراورد بکەین، دەتوانین بێژین کە: ناتەناهی شێوە یان حاڵەتێکە کە نەزمو یەکگرتویی و ئارامشی کۆمەڵگە تێک دەدات" ■

کۆماری ڕق و قین!

پێشرەو حسێن

لەئێستادا، مێژووی مرۆڤایەتی پاش تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکان، بەرێڕەوێکدا گوزەر دەکات کە ناهەمواروپڕ لەتەنگەژەیە. ئەوەتا لەسەرتاسەری دونیا خەڵکی باسی دیموکراسی دەکەن، ئازادیی رەئیی دەربرین کە مافی سروشتی هەموو تاکێکە خەریکە دەگەرێندرێتەوە بۆ تاکەکان. هەر لەم قۆناغەشدا کە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەرگایان بەرووی ئامانجەکانی ئەو دونیا نوێیەدا کردۆتەوە، دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە دوو رێگە چارەیان لەبەردەم روبەروبوونەوەی ئەو دونیایەدا دەمێنێ:

١-یان دەبێ ملکەچی رای زۆرینەو جەماوەر بن.

٢-یان بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات دەست بدەنە توندو تیژی. کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێو ئەم گۆڕانکاریە ناوچەیی و جیهانیەدا پێگەیەکی هەستیاری داگیر کردووە و درەنگ یا زوو هەر دەبێت یەکێک لەو ڕێگە چارانە بگرێتە بەر. فۆرمی ئەو دەوڵەتەو بیرو بناغەی دامەزراندنی کۆمارێکی لەو جۆرە هەر لەئەزەلەوە لەسەر رق وکینەو توندو تیژیی لەبەرامبەر گەلانی ئێران و گەلی کورد بەتایبەتی دامەزراوە. زۆر جار دەستی دەزگا سیخوریی و ئەمنیەکانی ئەورژێمە بەخوێنی گەلانی ئێران سوور بووە ئەوەتا لەم چەند رۆژەی دوایدا لەشارە کوردنشینەکانی ئێران کەوتۆتە گیانی هاوڵاتیانی بێ چەک و بەبێ هیچ بەر پرسیاریەتیەک شەلاقی جەهلی لە ناوشانی خەڵکی راپەریو دەکوتی. ئێمە لە کاتێکدا ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکوم دەکەین لەهەمان کاتدا بیرەوەریمان دەمانباتەوە بۆ رۆژانی ژێر دەستەیی، رۆژانی تەوقی ئاسن وژوری کێبڵ و کارەباو تەعزیب، ئێمە دەمێ ساڵەدەزانین بەرچ نەفرەتێک کەوتووین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەمانەوێت جەخت لەسەر بیرو باوەڕمان بکەینەوەو بڵێین لەهەر شوێنێک خوێنێک بەناحەق بڕێژرێت ئێمەی گەلی کورد نیگەران و دڵ تەنگ دەکات، جا گەر ئەو کەسانە لەخوێن و ئێسقانی خۆمان بن برینەکان بەسوێتر دەبن. لێرەدا ئەوەی زیاتر جێگەی نیگەرانیە، بێدەنگی گەلی فارسە لەبەرامبەر ئەو تاوانانە، وەکو ئەوەی ئەوانیش وەکو حکومەتەکەیان ئێمە بەهاوڵاتی دەرجە سێ بزانن، لەهەر شوێنێک نووسەرێک هونەرمەندێک کەسێک رووبەڕوی توندو تیژی بووبێتەوە، گەلی کورد بێدەنگ نەبووە و ئەوەتا ئێستاش بە بەرچاوی هەموو ئێرانەوە دەوڵەتی ئێران گەلی کورد قەتڵ و عام دەکات و کەس دەنگی لێ دەرنایەت. هەر لێرەدا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەر کاتێک کوردی رۆژئاوا ناچار بووبێ پەنا بۆ سنورەکانی ئێران ببات، کە ئێستا ئێران بەشانازیەک بۆ دەوڵەتەکەی دەزانێت، هەر لەشارە کوردنشینەکان دەبونە هێلانەو مەنزڵگەیان.

لەم رۆژە شداکە سەقز لەخوێندا دەگەوزێ حەقمانە بچینە سەر جادەو شەقامەکان و هەر هیچ نەبێت هاوارای رق و بێزاریمان بەرامبەر بەتاوانباران دەربڕین و داوای سزادانی بکوژانی گەلی کورد بکەین. ئیتر لەپاش گڕ تێبەردانی سنە، چیمان بۆ دەمێنێتەوە گەر نەبینە هاوخەمی برینەکانی. لەپاش زیندانی کردنی زریبار ئیتر حەقیەتی سەرچنار بگری. لەدوای ئەوەی بەبەرچاوی خۆمانەوە بەدەستێک تەوقە لەگەڵ شیعەکانی ئێراق دەکەن بەدەستێکی تریان دەیانەوێت خەونی گەلێک لەچاڵ بنێن، کەلەژێر لمی بیابانەکانی عەرەبدا حەشارنەدرا، دەیانەوێت بەر بەهاوارێک بگرن کەئێستا هاواری سەرجەم مرۆڤێکی سەرزەویە.■

لە ڕۆژهەڵاتەوە

دادگایی ستافی هەفتە نامەی ئاسۆ

KurdistanMedia

دوا بەدوای داخستنی هەفتەنامەی ئاسۆ لە ١٣ی گەلاوێژداو دەستگیر کردنی حسەین ئەحمەدی نیاز خاوەن ئیمتیازی ئەم هەفتە نامەیە، رۆژی پێنج شەممە ٢٠ی گەلاوێژ جەلیل ئازادیخواز (سەر نوسەر)و سدیق مینایی (هەوالنێر) لەلایەن لقی ٤ی لێپرسینەوەی دادگای ئینقلابی شاری سنەوە بانگهێشتی دادگا کران. هێشتا تاوانەکانی ئەو دوو کەسە بەشێوەیەکی تۆکمە دیاری نەکراوە، بەڵام پێدەچێ هەڵوێستەکان و بابەتەکانی ئەم چەند ژمارەیەی دوایی ئاسۆ هۆکاری بانگکردنیان بێت.

پێویستە بوترێ حسەین ئەحمەدی نیاز بە کەفالەتی ٩٠ ملیۆن تمەن بەشێوەی کاتی ئازادکراوەو پاشماوەی لێپرسینەوەی جەلیل ئازادیخوازو سدیق مینایی هێڵراوەتەوە بۆ رۆژی شەممە.■

رێپێوانی مەزنی کوردەکان لەنەرویژ

نوسینی راپۆرت: عارف باوەجانی

رۆژی ٢٠٠٥/٨/١١ کۆمەڵێک لەکوردەکانی دانیشتووی نەرویژ کە ژمارەیان لە نێوان ٥٠٠ تا ٧٠٠کەس دەبوو، لەئۆسلۆی پێتەختی نەرویژ بۆ پشتیوانی لەراپەرینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ لەئێزگەی شەمەندەفەرەوە بۆ بەردەرکی پەرلەمان و لەوێشەوە بەرەو دەرکی وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ رێپێوانێکیان بەڕێوە برد. لەو رێپێوانەدا کە لەلایەن کۆمیتەی پشتیوانی لەخۆپیشاندانەکانەوە بەڕێوەچوو، نوێنەری زۆر حزب و رێکخراوی کوردی بەشدار بوون. هەروەها نوێنەری پارتی سۆسیال چەپی نەرویژی، نوێنەری پارتی کاری نەرویژی ونوێنەری هەڵبژاردەی ئالیانسی سووری نەرویژی بەوتاری خۆیان بەشداریان تێدا کرد، لەوتارەکانیاندا بەتێکڕا پشتیوانی خۆیان لە کوردەکانی نەرویژ دەربڕی، داوایان لەوڵاتی نەرویژ کرد کە بەرامبەر بەو هەموو تاوانانە بێدەنگ نەبن. لەو پرۆگرامەدا چەندین دروشم بەزمانەکانی کوردی و نەرویژی لەلایەن بەشدار بوانەوە وترایەوەو هەروەها دەیان وێنەو پلاکارت و ئاڵای کوردستان پیشاندران.■

نارەزایەتی دەربڕینی نوسەرانی ئێران

ناوەندی نوسەرانی ئێران بە بەیاننامەیەک، ئیدانەی توندو تیژییەکانی رژێمی ئێرانیان کردوە لەکوردستاندا. دەقی وەرگێردراوی بەیاننامەکە:

خەڵکی بەشەرەف و خۆراگری ئێران

وەک ئاگادارن لەم هەفتانەی دواییدا، لەچەند شاری پارێزگا کوردنشینەکاندا رووداوگەلێک روویداوە کە ژان و کەسەرێکی زۆری خستۆتە دڵی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز لەئێران و جیهاندا. لەم رووداوانەدا شاهیدی رووبەروو بوونەوەی خوێنین بووین لەگەڵ هاونیشتمانە کوردەکانمان کە بەرێپێوانگەلێکی هێمن و ئاشتیخوازانە، خواستە رەواکانی خۆیان دەربڕیوە. ناوەندی نووسەرانی ئێران، هەرچەشنە توندو تیژییەک بەنیسبەتی خەڵکی ئێرانەوە، لە هەر ناوچەیەکدا مەحکووم دەکات و بە زەرەرێکی نەتەوەیی دەزانێت. ناوەند بەپێی بنەما دیاریکراوەکانی خۆی، سوورە لەسەر داکۆکی لەئازادی فیکر، رادەربڕین، قەڵەم، دژایەتی سانسۆرو بەنیسبەتی راگرتنی دوو رۆژنامەو هەفتەنامەی ناوچەیی ئاسۆو ئاشتی نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێ. ناوەندی نوسەرانی ئێران خوازیاری دووبارە دەس بەکاربوونەوەی ئەو دوو بڵاو کراوە، راگرتنی خێرای هەر چەشنە توندو تیژیەک و هەروەها وەڵامدانەوە بەخواستەکانی هاونیشتمانە کوردەکانە کە ساڵەهایە لەزوڵم و دواکەوتویی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئازاریان کێشاوە.

ناوەندی نوسەرانی ئێران ١٣٨٤/٨/١٨

شەهید بوونی لاوێکی جوانرۆیی

بەپێی ئەوهەواڵەی کەلەماڵپەڕی کوردستان میدیا دابەزیوە، پاش خۆپیشاندانەکەی شاری جوانرۆ، ژمارەیەک لەگیراوەکان بەتوندی خراونەتە ژێر

KurdistanMedia

ئەشکەنجەو لاوێک بەناوی (فەرەیدون عەباسی) کوڕی حەسەن، کارمەندی تەلەفیزیۆن لەژێر ئەشکەنجەیەکی وەحشیانەدا گیانی لەدەست داوەو ناوی بەشانازییەوە لەریزی شەهیدەکانی کوردستاندا، تۆمارکرا. شایانی باسە ئەو لاوە هەتا دوا هەناسە بەدروشمی "بژی کوردستان" وەڵامی جەلادە بکوژەکانی خۆی داوەتەوە.■

پواز

هەر گرفتو هەر حکومەت!

هەرخەمەو ڕۆژانە دەردەکەوێتو دێتە سەر خەمەکانی تر، ئێمەی هاوڵاتیش ناچارین هەر بڵێین عەلەیکەسەلام وەرەحمەتوڵلاهی وەبەرەکاتو، بەخێربێن ماڵ ماڵی خۆتانەو دانیشن هیچ مەترسن، حکومەتی ئێمە هەرگیز قەڵاچۆتان ناکاتو ڕەنگە هەندێک لەپشتگیریتان نەکەونو یارمەتیتان بدەنو دەستگیرۆییتان بکەن، چونکە ئێوەی کێشە لەبەرژەوەندی هەندێک کەسدان کەهەرگیز بەپارەو پولی دنیا تێر نابنو کەوتونەتە بەرنامەڕێژی بۆ کارەکانیان، بۆ بەدەست هێنانی سەد ئەوەندەی زیاتر لەوەی کەخۆشیان بۆیان ئەژمار ناکرێتو هەزارو یەک ئیش دەکەن، میللەتیش خۆی چی دەکات کێشەی ئەوان نییە، ئەمڕۆ کە کێشەی بێ ئاوییونەبوونی کارەبا وای کردووە کەخەڵکی تەواو بێزار بکاتو بەهیچ شێوەیەک دڵی بەوڵاتەکەی نەسوتێت، بەهیچ شێوەیەک هەست بەلێپرسراوێتی نەکات، ئەمە لەلایەک، گرانیش لەلایەکی ترەوە بۆتە شا کێشەی خەڵکی بەتایبەت فەرمانبەرانو خەڵکی هەژار، خۆ ناڵێین چینی مام ناوەندو دەوڵەمەند لەم کێشەیە دورن، نەخێر ئەوانیش بەهەمان نرخو بەهەمان بارودۆخ ئاشنان، بەڵام هێندەی چینی هەژاروکەم دەست نەبۆتە برین لەلایان.

لەعێراقێکدا دەژین کەنەوتەکەی هەموو دنیا چاوی تێبڕیوەو یەکێکە لەدەوڵەمەندترین وڵاتەکان لەرووی سامانی نەوتەوە، بەڵام جێی داخە ئەم سامانە بەنرخە بۆتە سەرەخۆرە بۆ عێراقیەکانو بەتایبەت بۆ کوردستان، جگەلەمە بەرهەمی ئەو نەوتە ڕەشەی کەدەریدەهێنن زۆر بەدەگمەن بۆ خۆمانە، ئەوەتا لای خۆمان کێشەی نەوتو بەنزین گرفتێکەو چارەی بۆ دانەنراوە. بۆ نمونە باس لەبەنزین بکەین، دیسانەوە ئەزمەی ئەمیش هەر بەرۆکی هاوڵاتیان دەگرێتەوە، کەنرخەکانی هاتوچۆی گران کردووە، داخلیەکی تەکسی لەناوشاردا هەندێک جار دوو هەزار دینارە، باشە دۆعا دەکەین دەڵێین خوایە توشی دۆخی نائاساییمان نەکەیت، چونکە دەبێت بەناچاری سواری تەکسی ببینو ئیتر ئەو دۆخەش دەزانێت چەند داخلی پێویستە، نمونەی دووەمیش نەوتە، با کێشەکانی تر بخەینە لاوەو لەسەر ئەم ئەزمەیەیان بدوێین، من دەڵێم: تۆ بڵێی بەرپرسانی ئەم بەشە کەنەوت دابین دەکەن بۆ شارەکان دەوڵەمەند بووبێتنو بێزیان نەیەت تێکەڵی خەڵک ببنو نەچنە ناو موعاناتی هاوڵاتیانەوە؟ بۆ نا، بەڵێ وایە، چونکە ئەگەر تێکەڵ بونایە ئەوا دەیانزانی نەوت چەند پێویستەو بۆچی گران بێت؟ ئاخر ڕەوایە کەلەسەرەتاو ناوەڕاستی هاویندا یەک بەرمیل نەوت بە پەنجا هەزار دینار بێت؟ لەکوێش لەوڵاتێکی وەک لای خۆمان کەلە سەرمایەی نەوتدا کەم هاوتایە، ئەگەر خەڵکی داماو ئێستا نەوت نەکڕێت بۆ زستان، ئەی کەی بیکڕێت؟ خۆ لەزستاندا ئەوەندەی تر گران دەبێت، گریمان بەم هاوینە هاوڵاتیان نەوتیان نەکڕی، بیریان لەعەمبارکردنی نەکردەوە، ئێ خۆ هەر کاریگەری دەبێت، بۆ نمونە کاریگەری لەسەر نرخی نان دادەنێت، چونکە نانەواکان نەوت بەکاردێنن.

بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین بەدەم ئەم کێشەیەوە بێن، با چیتر وەکو کێشەکانی تر تورەیی خەڵک لەخۆیان دووبارەو چەند بارە نەکەنەوە، تا وەرزی سەرما نەهاتووە، کێشەکە چارەسەر بکەن، بەراستی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هێندە کێشەو موعانات زۆر بون، خەڵکی داماوو بێ دەسەڵات ناتوانن و نازانن ڕوبەڕوی کامیان ببنەوە دەڵێی (یاری یەک گوڵییە). هەموویان بۆ یەکلا ڕادەکەن یا بەجۆرێکی تر هەر هاوڵاتیەک بگریت هەموو کێشەکان بەکێشەی سەرەکی خۆی دەزانێت، ئەگەر حکومەت ئاوا لێبخوڕێت، ئەوا دڵنیام خراپی لێدەقەومێتو هەستی بەرپرسیارێتی لەلامان نامێنێت، ئەمەش لەڕووی ئابوریەوە شکستو لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر کاریگەری قورسو گرانی هەیە پێدەچێ ئەمە ڕەنگدانەوەی لەناو خێزانەکاندا دیارو ڕون بێت، چونکە بەخێوکەرانی خێزان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە هیلاک دەکاتو ڕەنگە دواجار توشی کێشەی خێزانیان بکاتەوە. خەڵکی ئێرە بەچ شتێک بڕواو متمانەیان بە حکومەتو دەسەڵات هەبێت گەر کێشەگەلێک لەئارادا بێتو چارەنەکرێت، دوا قسەو سەرنج بەدوو خاڵ دەخەمە ڕوو:

١- ئەوەی لەکوردستاندا بژی پێویستی بەچەند دڵو مێشکێک هەیە، هەتا بەرگەی ژیانو گوزەرانی سەختی ئێرە بگرێتو بتوانێت فریای کێشەکانی بکەوێت.

٢- خوایە حکومەتە سەرقاڵەکەمان لەگەڵی شەیتان بهێنیتەوە خوار تابیر لەهاوڵاتیان بکاتەوەو کێشەکانیان بۆ بنبڕ بکات، ئێوەش بڵێن (ئامین).■

سەردەشت حەمە ساڵح
Sardasht_h_s@yahoo.com

پەژارەی هاووڵاتی

- ■ بێنازی درەختەکان لەئەستۆی کێدایە..؟ (ئارەزوو)
- ■ سستی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان تورەیی هاوڵاتیانی لەدوایە (ئارام)
- ■ لەتەوێڵە بەکارهێنانی سەلاجە قەدەغەیە! (باڵامبۆ)
- ■ ئیمزا.. ڕۆتین.. حکومەت (هێدی)
- ■ بەشی زیادەڕەوی شارەوانی.. تکایە (سەرچناری)

■ ئارەزوو محەمەد

ماوەیەکە زۆرم باس لەوکەموکورتیانە کرد کەلەناو گەڕەکو بازاڕو شەقامو ئەو شوێنانەدا هەن کە بەرێکەوت یان هەمیشە هاتوچۆی پێدا دەکەم، بەڵام ئەوەی ئەمجارە حەز دەکەم باسی لێبکەم، بابەتێکە لەلایەک پەیوەندی بەبەڕێوەبەرایەتی ئاوەوە هەیەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بەکۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزو شارەوانی سلێمانیەوە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ماوەیەک بەر لەئێستا لەیەکێک لەکەناڵەکانی ڕادیۆوە گوێم لێبوو کەخەڵکی گلەییان دەکردو باسی ئەو باخچانەیان دەکرد کەشارەوانی سلێمانی دروستی کردووە لەگەڕەکو شوێنە گشتیەکاندا، کاتێک بەرپرسی تایبەت بەوکارە باسو ڕونکردنەوەی خۆیدا، ئاماژەشی بەوە کرد کەهەر کەسێک درەختێک ببڕێتەوە، سزا دەدرێت، هەر کەسێکیش بیەوێت سەوزایی لەماڵەکەیدا هەبێت بە سنگێکی فراوانەوە بەپێی ئەو ڕووبەرەی کەهەیەتی خۆمان درەختی دەدەینێ. من لێرەدا دەڵێم: گەلێک مەمنون بۆ ئەو هەڵوێستەتان، چونکە ئەگەر خۆمان درەختمان هەبێت یاخود ئێوە بمان دەنێ وەک دیاریەک، بەدڵنیاییەوە پێویست ناکات، چونکە ئەم بێ ئاوییەی کەشاری گرتۆتەوە تەنانەت ئەوەندە نییە کەبخورێتەوە چ جای ئەوەی کەبدرێت بەدرەختەکان، لێرەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کەگەر دەتانەوێت شارەکەمانو کۆڵانو ماڵەکانمان درەختەکانیان وشک نەبن ئاومان بۆ دابین بکەن.

بەویژدانتان سوێندتان دەدەم، گەر بەچاوی بەزەییەوە تەماشای داروردەختی ماڵەکانمان بکەین لەخۆمان زیاتر بەزەییمان پێیاندا نایەتەوە؟ چونکەگەر ئێمەی مرۆڤ خۆمان بدەینە پاڵ سێبەرێکو بەر موبەریدەو سپلێت خۆمان فێنک بکەینەوە ئەی ئەو درەختە بێنازانە چی بکەن؟

بۆیە لێرەوە ڕوو دەکەمە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزو پێیان دەڵێم: کوا هەڵوێستتان بەرامبەر بەو سەوزاییە بێنازەی ئەم شارە کەهەموو کەس لەشوێنو شارەکانی تر وا باسی لێوە دەکەن کەزۆر بایەخی پێدەدرێتو لەهیچی کەم نییە؟ بەڵام من ئەوکەسانەو زۆری تریش کەبڕوایان وایە دڵنیا دەکەمەوە کەئەو شارە نەک مرۆڤ، درەختەکانیشی زۆر بێنازن.

لەکۆتاییدا، بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەو کارە دەڵێین: توخوا کەمێک هەستتان بجوڵێت بەرامبەر بەسەوزایی درەختەکانی شار، چونکە ئەوان زمانیان نییە تا تێمان بگەیەنن کەتینونو ئاویان پێویستە.■

■ ئارام عوسمان

پرۆژەی خزمەتگوزاری بەشێکی گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەم دەڤەرەی ئێمە کەبەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان، پرۆسەی خزمەتگوزارییان پشتگوێ خستووە، بەڵام دوابەدوای ئەوەی دەسەڵاتی خۆماڵی لەم دەڤەرەدا دروست بووە هاوڵاتیان پشت ئەستور بەم حکومەتو دەسەڵاتە بووە تا بتوانن لەڕووی جێبەجێکردنی پرۆژەکان هەنگاوێکی نوێ بنێن.

جێی داخە بەئێستاشەوە گرفتێکی زۆر هەیە لەبەڕێوەچوونی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا، بەتایبەتی ئەو گەڕەکە نوێیانەی دروست دەکرێن ڕوبەڕوی گرفتی کەمی ئاوو کارەباو ئاوەڕۆ دەبنەوە، ئەمەش وادەکات هاوڵاتیان نیگەران بن بەرامبەر بەشێوازی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان.

ڕەنگە وەزارەتی شارەوانی وەکو پێویست نەیتوانیبێت بەشێوەیەکی خێراو بەپێی پێویستی هاوڵاتیان پرۆژەکان جێبەجێ بکات، ئەمیش چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە کەبریتین لە نەبوونی بەرنامەیەکی چڕوپڕ لەجێبەجێکردنی پرۆژەکاندا، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ سستی کۆمپانیاکان کەوەک پێویستو لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا پرۆژەکان جێبەجێ ناکەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سستی بەڕێوەچوونی پرۆژەکانو هاوڵاتیان نیگەرانو بێزار دەکەن.

لەزۆر ناوچەو بەتایبەت لەجێبەجێ کردنی پرۆژەی ناو گەڕەکەکانی شارو نوێکردنەوەی شەقامەکاندا، سستی بەڕێوەچونی کارەکانو پاشانیش تەواوکردنیان بەشێوازێکی خراپو نادروست، بەشی هەرەگەورەی تورەییو بێزاری خەڵک دروست دەکەنو ڕەنگە چاک نەکردنو ئەنجامدانی ئەوپرۆژانە گەلێک باشترین بۆ ئەوەی وەک ئەوەی دەیکەن خراپتر نەبنو هاوڵاتیان بێزار نەکەن.■

■ باڵامبۆ

تەوێڵە شارۆچکەیەکی سەوزی شاخاوییە کەوتۆتە سەر سنوری عێراق-ئێران، زیاتر لە هەزار ماڵی لێیە، واتە زیاتر لە هەزار خێزانی تیادا دەژی کەموکوڕی قوتابخانەو نەخۆشخانەیان نییەو چەندین دامودەزگاشی تێدایە لەوانە شارەوانی، پاسپۆرتو مانەوە، بنکەی پۆلیسو ئاسایش، کارەبا، کتێبخانەی گشتیو سەنتەری گەنجانو... هتد.

خەڵکی ئەم ناوچەیە خەڵکێکی ئیشکەرنو سەرقاڵن بەکارو کەسابەتەوە، بەڵام بێگومان بێ کێشەش نین، یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی کەمافی سەرەتاین لەو شارۆچکە جوانەدا کەهەیە کارەبایە، ئەم شارۆچکەیە تەنها بەیەک مولیدەی گەورە کارەبای دەدرێتێ کەکارەبای ئەو مولیدەیە (١٢٠٠) ئەمپێرە، واتە ماڵی ئەمپێرێکی بەردەکەوێت، باشە شارۆچکەیەک کەزیاد لەهەزار ماڵ ی تێدا بێت تەنها یەک مولیدە بەسە بۆئەوەی لەڕێگەیەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە سودی لێوەربگرن؟

هەموان دەزانین لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا ئەم کێشەیە هەیە، ئەی تاکەی وا بمێنێت؟ یەک ئەمپێر بەشی چی دەکات هیچ نەبێت با بەجۆرێک بێت کەسەلاجە بخاتەکار بۆ پێداویستیەکانی ناو ماڵ، ئەم گرفتەلەم ناوچەیە، وەکو ناوشارەکان نییە، چارەسەرکردنی ئاسانە، حکومەت دەتوانێت مولیدەیەکی گەورەتر یان مولیدەیەکی دیکە دابین بکاتو ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەمەش دڵی هەزار ماڵ خۆش دەکات، کەخوێندکارانیان لەشەوانداو لەوەرزی خوێندندا دەتوانن سودێکی ئەوتۆ لەوزەی کارەبا وەربگرنو لەساڵانی پێشتر سەرکەوتوتربن.

جا بۆیە بەناوی خەڵکی ئەم شارۆچکەیەوە، داوا لەحکومەتو بەرپرسان دەکەین وەک بەدەنگەوە هاتنیان بۆ کێشەکانی دیکە، ئەم کێشەیەشمان چارەسەر بکەن.■

■ هێدی گەلاڵی

لەمیدیاکانو ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا، ڕۆژانە لێرەو لەوێ باس لەدیاردەی گەندەڵیو کەمتەرخەمی لەئیشوکارەکانی وەزارەتەکانو کاروباری حکومەت دەکرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە لەزۆرینەی ئەو نوسینولێدوانانەدا باسی کەمتەرخەمی لێپرسراوانو دەسەڵاتدارە سنوردارەکان کراوە، نەک باڵاترین دەسەڵاتی حکومەت.

بەبڕوای هەر کەسێک کەمتەرخەمی کردن لەئیشوکارەکانو پشتگوێ خستنی ئەرکە هەنوکەییەکانی بەڕێوەبردنی کارەکان لەبڕیارداندا نییە، بەڵکو لەجێبەجێکردنیدایە، بۆ نمونە کاتێک سەرۆکی حکومەت بڕیارێکی پەیوەندیدار بەهاوڵاتیانو بژێوی خەڵک دەردەکات، بەهۆیەوە ڕۆژانە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران قەرەباڵغ دەبێت، بۆیە دەبێت حکومەت لەو کاتەدا خۆی بۆ وردەکاری بڕیارەکەو جێبەجێکردنی ئامادەکردبێتو خوێندنەوەیەکی واقیعیانەشی بۆ پراکتیزەکردنی هەبێتو گوێ لەداواکانی هاوڵاتیان بگرێت، نەک ڕۆژانە بەهۆی دواخستنی یان نەکردنی ئیمزای هاوڵاتیانو موراجعەکان خەڵکانێکی زۆر لەبەردەم ئەنجومەندا لەچاوەڕوانیدا بن. بۆیە دەکرێت لێرەوە بپرسین: ئاخۆ دەبێت باش بەڕێوەنەچوونی کاروبارەکانی هاوڵاتیان بەهۆی سەرقاڵی سەرۆکی حکومەتەوە بێت یان ئیلتزاماتی تری هەبێت کەبەهۆیەوە نەپەرژێتە سەر کارەکەیوکاتی نەبێت بۆ ئیمزاکان، یاخود کەمتەرخەمی ئاستە ئیداریەکانی خوارەوە؟ لەو سۆنگەیەوە دەڵێم: با لەهەفتەیەکدا ڕۆژێک دەست نیشان بکرێت بۆ تەواوکردنو ئیمزاکردنی سەرجەم مامەڵەو داواکانی هاوڵاتیان.

هاوڵاتیەک لەژووری پێشوازیو پرسگەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیراندا بۆی گێڕامەوە کەماوەی یەک مانگە هاتوچۆ دەکات تەنها بۆ یەک ئیمزا.. وتی: هەموو ڕۆژێک کەدێم بۆ ئێرە پۆلیسەکانی پرسگە هەر دەڵێن: جارێ تەواو نابێت، دە ڕۆژی تر سەربدەرەوە..! موراجعێک کەنەخۆش بوو دیار بوو لیژنەی پزیشکی تایبەت بەنوسراوێکی ڕەسمی باری تەندروستیو چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیان نوسیبوو کەپێویستی بە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەو وتی: ماوەی دوو مانگە تازە وا مامەڵەکەم کۆتایی دێت.

بۆیە جێی خۆیەتی لەدەزگایەکی سەرەکیو گەورەی وەک ئەنجومەنی وەزیراندا ڕۆتینی ئیمزاو ئیمزاکاریوکەمتەرخەمی نەهێڵرێت.■

■ سەرچناری

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە بەردەوامانەی دەدرێت بۆ جوانکاریو پێشخستنی شاری سلێمانی، کەچی لای هەندێک نەک هەر دیار نییەو بەدی ناکات، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی گوێ بەهیچ جوانکاریو لایەنێکی شارستانی نادات لەم شارەداو سەرقاڵی چنینەوەی (حاصلات)ی خۆیەتی، ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێبدەین لەم بابەتەدا، قۆرخ کردنی سەر شۆستەو قەراغی شەقامی شەست مەترییە لەلایەن هەندێک شوتی فرۆشو خەڵکی کاسبەوە، بۆنمونە کاتێک شوتی فرۆشێک دەیەوێت لەسەر شەقامی شەست مەتری شوتیەکەی دابنێت بۆ فرۆشتن، ڕاستە ئوتومبیلەکەی لەسەر خۆڵەکە دادەنێت، بەڵام شوتیەکە دێنێتە سەر شەقامەکەو شۆستە دروست کراوەکە، ئەمە تەنها لەشەقامی شەست مەتری نیەو بەس، بەڵکو لەزۆربەی شوێنی ئەم شارەدا بەناو بازاڕیشەوە زیادەڕەوییەکی زۆر هەیە لەلایەن دوکاندارو کەسانی هەلپەرستەوە کەبۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ڕێگەی هاتوچۆو مافی هاوڵاتیان زەوت دەکەن، لەکاتێکدا ئەو تەجاوەزکردنە پێچەوانەی هەموو یاسایەکە کەنەک تەنها لەکوردستاندا، بەڵکو لەجیهاندا، پاشان ئەو شەقامو شۆستەو شوێنە گشتیانەی باسمانکردو مافی هاوڵاتیانەو مافی ئەو کەسانە نییە کەبۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان لەهاولایانی زەوت دەکەن.

بۆیە پێویستە بەشی زیادەڕەوی لەشارەوانی سلێمانی هیمەتی باش بکات بۆ بەرگرتن لەدیاردەی زیادەڕۆیی، بەتایبەتی دەوروبەری ژێر پردەکەی ئەبو سەناو نزیک بەنزینخانەی شێخ ئەحمەد هیندی، بۆ دڵنیایی سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان پێویستە قەڵاچۆکردنی ئەم دیاردەیە، کەبەهۆی وەستانی ئوتومبیل لەسەر شەقامەکە چەندین کارەساتی هاتوچۆ ڕویداوەو زیانی گیانیشی لێکەوتۆتەوە.■

بیرۆکەی مافی مرۆڤ

ئەکسێل هێرمان
و.لەفارسییەوە: عەتا ناسر سەقزی

بەشی یەکەم

بە پێی فێرکاریی مافە سروشتییەکان، پێشینەی مافی مرۆڤ، بە ئەندازەی پێشینەی خودی مرۆڤایەتییە. بەرلەوەی مرۆڤەکان بەهۆی کارتێکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگا، مەزهەب، ئابووریو دەوڵەتەوە مافی سروشتییان سنووردار ببێت، مافی مرۆڤ بوونی هەبووەو بەم پێیە مافی مرۆڤ واقیعێکی زگماکییە.

لە گەڵ ئەوەی کە بنەمافیکرییەکانی مافی مرۆڤ بۆ ڕابردوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە بەڵام ڕاگەیاندنی فەرمی مافی مرۆڤ دیاردەیەکی کەم تا زۆر تازەو نوێیە. ڕاستییەکی گرنگتر ئەوەیە کە باسکردنو تێگەیشتن لە مافی مرۆڤ دەبێتە هۆی مشتومڕو ناکۆکی، چ جای ئەوەی حەقانییەتی مافی مرۆڤ بە ڕەسمی ناسرابێت. بەمشێوەیە مافی مرۆڤ نەک بە ناوی یاسایەکی سروشتی، بەڵکو بەر لە هەر شتێک وەک دیاردەیەکی مێژوویی، شتێکی گەشەکردوو، هەڵگری ئاڵوگۆڕ، زیانوەرگروقابیلی دەرککردنە. لەمڕووەوە دەبێت گەشەی مێژوویشی لە بەرچاو بگیرێت. لە دەرکی گەشە مێژووییەکەیدا ئەگەر بە دیدێکی پشکنینانەوە دەڕوانین، بەتایبەت بۆ بازنەکانی کلتوری خۆرئاواو ئەمەریکای باکوور، نابێتە هۆی ئەوەی کلتوورەکانیتر بەرز نەنرخێنین. بەڵام لە گەڵ پێشکەوتنی شکۆمەندانەی شارستانییەتی ڕۆژئاوادا بوو کە بیرۆکەی مافی مرۆڤ لە خۆرئاوا گەشەی کردو لە سەرانسەری جیهاندا پەرەی ئەسەند.

> **بە کارتێکردنی بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئەرەستۆو قوتابخانەی ڕەواقییەکان، بڕوایان بە ئەسڵی ئازادیویژدان بۆ تەواوی مرۆڤەکان بوو. بەڵام ئەم ئازادییەش بە مانای ئازادبوون بوو لە عەبدایەتی کردن بۆ خودا**

نرخوپایەی مرۆڤ لە چەرخی کۆنو سەدەی ناوەڕاستدا

بەگشتی چەرخی کۆن بە بێشکەی ئامانجی مرۆڤدۆستانە لە سەرزەمینی ڕۆژئاوادا دەزانن. ئەمەش لە خزمەتگوزاریی و دەسکەوتەکانی فەلسەفەی یۆنانە کە مرۆڤی وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە گۆڕەپانی بارگرژی لە گەڵ دەوڵەتوکۆمەڵگادا کەشف کرد. (لێرەدا دەبێت ئەوە لە بەر چاو بگرین کە لەوکاتەدا مەبەست لە ناوی مرۆڤ تەنیا پیاوان بوون). ئەفلاتونوئەرستۆ مرۆڤیانوەک بوونەوەرێک وەسف کرد کە خاوەنی نێعمەتی عەقڵەو بەختەوەری خۆیشی لە بەشداریکردن لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە. پێوەرونۆرمی هەر نیزامێکی سیاسی، دەبێت مافی سروشتی بێت، کە ئەمەش لە سروشتو جەوهەری مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر لەم پێوەندەشدا یاسا دروستکراوەکان، واتە ئەو مافانەی کەلەلایەن مرۆڤەوە دانراون، بوونیان هەیە. بەمجۆرەو بە شێوەیەکی بەرچاو، یەکسانکردنی مافی سروشتیو مافی دروستکراو، نابەرابەری مرۆڤەکانی لێکەوتەوە، هەر ئەمەش بووبە ئاراستەوبەڵگەدار کردنی دامەزراوەی کۆیلەداری. تەنانەت "سیسرۆ" بوونی کۆیلەداری بە حاشاهەڵنەگر دەزانێت، چونکە گوایە بڕێک لە کاروپیشەکان شیاوی هاوڵاتی ئازادنین.

سەرەتا لە فەلسەفەی ڕەواقییەکاندایە کە ئازادیو بەرابەری تەواوی مرۆڤەکان لە سەر بنەمای سروشتییان دەوترێتەوەو ڕەخنە لەو چەشنە مرۆڤە دەگیرێت کە ڕەنگدانەوەی هاوڵاتی ئازادی یۆنان یان ڕۆمی کۆنن. ڕەواقییەکان لە کرداردا لە پێکهاتەی کۆیلەداری دەستیان وەرنەدا، هەرچەن ئەوان هەستیان بەو قەیرانە بنەڕەتییە دەکرد کە لە ژێر دەسەڵاتی عەقڵوواقیعدا بوو، سەرەڕای ئەوەش تێدەکۆشان لە ڕێگای تەزکیەولەغاوکردنی مەیلو حەزە شەخسییەکانەوە ئەم قەیرانە بنەڕەتییە لە ناو ببەن، نەک لە ڕێگای گۆڕانی چالاکانەی جیهانەوە.

مەسیحییەت لە سەرەتای بوونیدا کۆشا تا پێوەندلە گەڵ بیرۆکەکانی ڕەواقییەکان بگرێت. لە تەوراتدا هاتووە کە خودا مرۆڤی لە شێوەی خۆی دروستکردووەو هەرئەم سەرچاوە خوداییەی مرۆڤە کە بنەمای ئازادیوبەرابەری تەواوی مرۆڤەکانە. سەرەڕای ئەوەش نرخی مرۆڤ لە ئایینی مەسیحیدا لەم ڕێگاوە دەگاتە لوتکەی پیرۆزبوونی خۆیو، خودا بە کوڕەکەی خۆی (عیسا) پەیکەرو قەوارەیەکی مرۆڤی دەبەخشێتو لێدەگەڕێت ئەو پەیکەرەش بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی بە سەر خاچەوە گیان بسپێرێت. ئەڵبەت بنەمای فیکری ئەم باوەڕەشوەک بیرۆکەی ڕەواقییەکان لە سەر ئەو خەیاڵە دامەزراوە کە جیهان دووبەشە، جیهانی خێرو جیهانی شەڕ. مرۆڤ بە تاوان کردن(١) لە خودا دوور کەوتووەتەوە، جیهانی زەمینی لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەتی خودایی نەهاتەوە لەم ڕووەوە ئەو مافی مرۆڤانەی کە لە ئەسڵی پەیڕەوی کردنی خوداوە سەرچاوەیان گرتبوو نەیاندەتوانی لە ژیانی زەمینی مرۆڤەکاندا بپشکوێن.

کاتێک مەسیحییەت لەکۆتایی چەرخی کۆندا بووبە دینێکی دەوڵەتی، لە گۆڕەپانی دەوڵەتیوکۆمەڵایەتیدا گومانو بۆچوونە کۆنو جێرمەنییەکانی (German) قبوڵ کرد. لەوانە، سیستمی زەمینداری لەسەر ئەساسی بەڵێنی دوولایەنە بوو، کە بەپێی ئەمە فەرمانڕەوا لە خزمەتگوزاریو یارمەتیواساڵەکانی(ڕەعیەت) خۆی سوودی وەردەگرتو لە بەرامبەریشدا پشتیوانیوپاراستنی ئەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانی. ئەم ئەسڵی بەڵێنو پەیمانە تەواوی ڕووەکانی هەرەمی سیستمی دەگرتەوە، تەنانەت تا خوارترین پلەش کە جێگای وەرزێرانی بەستراوە بە زەمین بوو. ئەو کەسەی لە ناو ئەم سیستمەدا بوایە دەیتوانی لە کاتی پێویستو بێ ئەوەی خەتای ببێت ئەگەر تووشی هەژاری هات، چاوەڕوانی پشتیوانیویارمەتی ئەربابەکەی بێت. بەم شێوەیە پەیمانی مافداریو ویژدانی مەسیحی ئاغا، بەگشتی بۆ هەژارترین ڕەعیەتیش گوزەرانو کەمترین پێداویستی ژیانی دابین دەکرد. سەرەڕای ئەوەش چینی باڵادەست کەمترین نەریتی مرۆڤیان بۆ ژێردەستەکانیان بە ڕەوادەزانی. لە لایەکی ترەوە بە یارمەتی کڵێسە ئەو بیرەیان ڕەواج دەداکە مرۆڤەکان لەژیانی ئەم جیهانەدا لە گەڵ یەکدا بەرامبەر نین. تا ساڵانێکی دوورو درێژ تەنیا بڕێکی کەم لە پیاوان بوون تا دەورەی چەرخی نوێش، لە ئازادی تاکەکەسیو سەربەخۆیی ئابووریی چێژیان وەردەگرت. ئەڵبەت لێرەدا بیرمەندانێکی بەبرشت بوونوەک توماس فەن ئاگین (Thomas von Aguin) (١٢٧٤-١٢٢٥) کە لە گۆڕەپانی زانستی ئیلاهیاتو بە کارتێکردنی بیرۆکە فەلسەفییەکانی ئەرەستۆو قوتابخانەی ڕەواقییەکان، بڕوایان بە ئەسڵی ئازادیویژدان بۆ تەواوی مرۆڤەکان بوو. بەڵام ئەم ئازادییەش بە مانای ئازادبوون بوو لە عەبدایەتی کردن بۆ خودا، کە ئەمەش لە چوارچێوەیەکدا دەهاتەدی کە کڵێسە بە هێڵوسنووربەندییەکی زۆرورد دیاری کردبوو، بۆکافرو خوانەناسەکان ئەو حوکمەیان سەلماندبوو کە "لە دەرەوەی کڵێسەوە ڕزگاریو پیرۆز بوون نیە". ئەم بنچو بنەمایە بە هیچ جۆرێک تەنیا بۆ دنیای ئاخیرەت نەبوو، بەڵکوکافران لە دنیای سەدەکانی ناوەڕاستدا مافی خاوەندارێتیو مافی ژیانیشیان نەبوو.

لەدایکبوونی دەوڵەتی مۆدێرن

لەسەدەی پانزەی زایینیدا بزوتنەوەی فیکری هیومانیزم دژی دەسەڵاتی بیرۆکەکانی کڵێسە لە تەواوی گۆڕەپانی ژیاندا دەستی دایە خەبات. ئەم بزوتنەوەیە تێدەکۆشا هونەرو زانست لە بەندی دیلییەتی کڵێسە ڕزگاربکات. هیواوئومێدی ئەم بزوتنەوەیە لەوەدا خۆی حەشاردابوو کە بە هۆی ڕێنیسانس یان لە دایکبوونەوەی نوێی دارایی کلتوری دەورانی کۆنو لە ڕێگای گەشەی بیری ئازادو بە پشت بەستن بە ئەزموونوعەقڵ، بتوانرێ بگەن بە پلەیەکی بەرزتر لە مرۆڤایەتی. قوتابخانەی هیومانیزموەک ڕێخوشکەرێکی بزوتنەوەی چاکسازی مەزهەب (ڕیفۆرماسیۆن) توانی، بونیادی کڵێسەی کۆنی پاپاکان بێنێتە لەرزین. بەم حاڵە ئەم ڕێگایە نەیتوانی بگات بە ئازادی ڕاستەوخۆی تاکە کەس لە دەسەڵاتی مەزهەبی_دەوڵەتی، چونکە ئەم بزوتنەوەیە تەنیا بۆ جەماعەتێکی بچووکی لایەنگرانی ئەندێشە، سنووردار کرابووەوە. بیری نوێی جیهانگەرا، ڕێگای خۆشکرد بۆ لە دایکبوونی دەوڵەتی بەهێزی مۆدێرن.

نیکۆلۆماکیاڤێلی (Nicolo Machiavelhi) بیرمەندی فلۆرانسی (١٤٦٩-١٥٢٧)، لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمداوانەی "عەقڵی دەوڵەتی" تۆمار کرد. ئەو بە لابردنی ڕووکەشە میتافیزیکییەکە دەوڵەت لەوەدا تەنیا دامەزراوەیەکی پێویستی ئەبینی کە ئەرکی دارشتنی نەزمێکی گونجاووپاراستنی مرۆڤەکان بوو لە بەرامبەر یەکدا. بەپشت بەستن بەم بنەمایە کە "ئامانج، ڕۆڵی هۆکاروکەرەسەکان ئاراستە دەکات"، فەرمانڕەواکان دەبێت لەکاتی ناچاریدا لە جێگای حەقومۆڕاڵ دەستبدەنە فێڵو زۆرلێکردن. زۆربەی پادشاو سیاسەتمەداران لەوکاتەوە تا بە ئێمڕۆ بڕیارو وانەکانی "عەقڵی دەوڵەتیان" کردوەتە بیانوییەک بۆ دەرکردنی وەرەقەی ڕێگەپێدانی ئازاد لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی ڕاست یان هەڵبەستراوی دەوڵەتی، لە هەر هەلومەرجێکدا چ لە دەرەوەو چ لە ناوەوەی وڵات.

پاش چەند دەیەیەکیتر مافناسی فەڕەنسی ژان بودین (Jean Bodin) بیرۆکەی سەربەخۆیی هێنایە ئاراوە. ئەوکە شاهیدی هەلومەرجی دژوارو شێواوی فەڕانسە لە شەڕەکانی هۆگێنۆتێن (Hugenotten) بوو، وەک ماکیاڤێلی ئاواتەخوازی دەوڵەتێک بووکە بە شێوازێکی بڕەوکارا توانای پاراستنی ئەمنییەتی کۆمەڵگای ببێت. ئەو سەربەخۆییەی کە ئەو تەنیا بە شیاوی پادشاکانی دەزانی، بەرزترین پلەی دەسەڵاتوهێز بوو لە حوکمڕانی بەسەر ژێر دەستەکاندا، کە لە هەر چەشنی بەڵێنێک بە سەرچاوەی هێزێکیتر بێنیازبوو.

"هێزی سەربەخۆی توندوتیژی" ئازاد بوو لەوەی کە هەر چەشنە بەڵێنێک بە یاسا ئازادەکان بدات. بەڵام پەیڕەو کردنی مافی خوداییوسروشتی بە ئەرکی خۆی دەزانی. لەمڕووەوە ئەرکی پاراستنی بنەمای سیستەمە مرۆییەکانیوەک دامەزراوەی خانەوادەو خاوەندارێتی لە ئەستۆ گرتبوو. بەمشێوەیە پاوانکردنی کرداری توندوتیژی بوو بە پێوەرێک بۆ مودێرنیتەوسەربەخۆیی دەوڵەتێک، لە دەستی فەرمانڕەوادا. بەڵام لە سەرەتادا بیرۆکەی "عەقڵی دەوڵەتی" و "دەسەڵاتی سەربەخۆ" بنەمای تیۆری حکومەتی ڕەهاگەریان پێکهاورد کە سەرەڕای دەزگای ئیداری، سوپاومەزهەبوئابووریی ودەزگای یاسادانانیشی بە حسابی کاروئەرکی دەوڵەت دادەنا.■

> **ئەفلاتونوئەرستۆ مرۆڤیانوەک بوونەوەرێک وەسف کرد کە خاوەنی نێعمەتی عەقڵەو بەختەوەری خۆیشی لە بەشداریکردن لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە**

مۆدێرنە وەک مەرجەعی باڵای ژیاری خۆرئاوا

هاشم ساڵح
لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد

ئەوەی لەم ڕۆژانەدا گوێبیستی قسەی خەڵکی بێت، یاخود ئەوەی تەماشای بەرنامە ڕوناکبیریەکانی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان بکات زۆرجار تووشی نیگەرانی دەبێت، چونکە لەوێدا تێکەڵکردنێکی زۆر هەیە، لەنێوان چەمکو زاراوەکاندا، هەروەها نەزانینێکی قورسیش هەیە بەرامبەر بەکەلتوری مۆدێرنەتیو ئەوەی کەلێیەوە بەرهەم هاتووە لەچوار سەدەی ڕابردوودا تا ئەمڕۆکە، زۆرجاریش مرۆڤ لەبەردەم هەموو ئەم ئاژاوەیەدا، کەفیکری عەرەبی گرتۆتەوە دەپرسێت: ئایا دەکرێ ڕووبەڕووی ئەویدی ببینەوە، بەشێوەیەکی نەگەتیڤ یاخود پۆزەتیڤ، بەبێ ئەوەی لەفۆرمە ڕاستەقینەکەیدا تێی گەشتبین؟

ئایا دەکرێ لەهەر جەنگێکدا سەرکەوتووبین گەر بێ ئاگابین بەعەقڵیەتی دوژمنەکەمان کە لەبەردەمماندا وەستاوە؟

خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات کەئەم بابەتە لەتێڕوانینی توندڕەوەکانمانەوە دەخەمەڕوو، واتە لەتێڕوانینی ئەوانەدا کە لەڕۆژئاواو ژیارییەکەی جگە لەدوژمنێک هیچی تر نابینێ، چونکە گەر لەتێڕوانینی عەقڵانیەکاندا بابەتەکەم بخستایەتەڕوو، ئەوا دەمگوت: ئایا دەشێ دیالۆگ لەگەڵ بەرامبەر "الاخر" دا بکەین، گەر ئێمە بێ ئاگابین بەو پەرەنسیپە فەلسەفیانەی کەئەویدی شارستانیەتەکەی خۆی لەسەر ڕاگرتووە؟

بەکورتی، ئەوەتا پێویستی بەمەعریفەیەکی ورد بەکۆمەڵێک شتی زۆر، وایلێهاتووە خۆیمان بەسەرا بسەپێنێ بەڵام بەرلەوەی بچمە ناو درێژە پێدانییەوە پێم خۆشە بڵێم ئەو ئاژاوە مەعنەویو مەعریفیەی کەئەمڕۆکە زاڵە بەسەر کەلتوری ئێمەدا لەیەکێک لەلایەنەکانییەوە بەڵگەی تەندروستیو سەلامەتییەو هەمووشی نەگەتیڤ نییە، چونکە بەلایەنی کەمەوە وامان لێهاتووە لەدەرگای کۆمەڵێک بابەت بدەین، کەئێمە بەتەنها چەند ساڵێک لەمەوبەر جەسارەتی ئەوەشمان نەدەکرد کەبچینە ناویانەوە بۆ نمونە بابەتی نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن، یاخود چاکسازی، یان دیالۆگ لەنێوان مەزهەبەکانی ئیسلامدان یان لەنێوان ئیسلامو مەسیحیەتدا، یاخود دیالۆگ لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا لەپێناو نەهێشتنی دووبەرەکیو جەنگی ناوخۆدا، هتد، بەڵکو هەندێ کەس وایان لێهاتووە کەقسە بکەن دەربارەی پێویستی دیالۆگ لەنێوان عەلمانیەکانو تەقلیدیەکاندا لەپێناو ڕوونکردنەوەی جێکەوتە فیکریەکاندا، یاخود هەتا لەپێناو دامەزراندنی نزیکایەتی لەنێوانیاندا، هەروەها لەواقعدا هەردوو بزاوتی تازەگەریوکەلەپورپێویستیان بەدیالۆگ هەیە لەگەڵ یەکتردا، بەبێ ئیدانەکردنو نەفرەت کردنە پێشینەکان، ئەمەش بەر لەگفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرامبەرە ڕۆژئاواییو ڕۆژهەڵاتیەکاندا.

لەبەرئەوەی کێشەکان زۆر گەورەو فراوان دەبنو لەڕێڕەوی خۆیان لادەدەن، گەر لێیان بێدەنگ بینو بیان چەپێنین، بەڵام کێشەکان بچوک دەبنەوەو پلە بەپلە نامێنن گەر دەرگاکانی دیالۆگمان دەربارەیان خستە سەرپشت، یاخود گەر ڕێگەماندا مشتومڕیان لەسەر بکەینو کارەکانمان بەناوی خۆیانەوە ناونا، لەوانەیە فاکتەری سەرکەوتنی ڕۆژئاوا، یاخود زاڵبوونی بەسەرماندا بگەڕێتەوە بۆ میتۆدە زانستییەکەی کەدەوەستێتە سەر شێوازە ڕاشکاوانەکەیو پەی بردنی بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کەڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام چونکە ئێمە بەردەوام لەکێشە ناوخۆییەکان دەترسین بەڵکو هەتا نکۆڵی لەبوونیشیان دەکەین، بەمەش خەیاڵ پڵاوین کەچارەسەرمان کردوون، گەرچی لەواقعدا کێشەکانمان گەورەو گەورەتر دەبن بەنهێنی، هەتا ڕۆژێک لەڕۆژان وەک بۆمبی تەوقیت کراو بەڕووماندا دەتەقنەوەو دواتریش تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێننو ئیدی نازانین چۆن کۆنترۆڵیان بکەین، هەروەها گەرمن شتێک لەڕۆژئاوا فێربووبم، ئەم شتەیەو بەشێوازی فەرەنسیەکان زۆر سەرسام بوو لەدەست نیشانکردنی ئەو گرفتانەدا کەڕووبەڕوویان دەبنەوە، چونکە ئەوان خێراو پێکەوە دژی گرفتەکە دەجەنگنو تەواوی وزەیان دەخەنەگەڕ بۆ قسەکردن لەسەر گرفتەکەو بەناوە ڕاشکاوەکەی خۆشی ناوی دەبەن، هەتا گەرمایەی شەرمیش بێت بۆیان، پاشان کۆڕو سیمیناری لەسەر ساز دەکەن، چ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، یاخود لەئێزگەکاندا، یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان.

هەروەها لەهەموو ڕوویەکەوە مشتومڕ لەسەر گرفتەکە دەکەن، هەتا دەگەنە دەستنیشانکردنو چارەسەرێکی گونجاو بۆی، بۆ نمونە چەند ساڵێک پێش ئێستا تێبینی ئەمەم کرد کاتێک ڕووبەڕووی گرفتی ڕەگەزپەرستی بونەوە، پاش ئەوەی کەبزووتنەوە ڕاستڕەو بەرگیرەکەی "جان مازی لوپێن" گەورەبوو وایلێهات کەهەڕەشە لەبەهای مرۆڤایەتیو دیموکراتییەکانی کۆمەڵی فەرەنسی بکات، هەر لەوکاتەدا فەرەنسیەکان لەهەموو جەسارەتێکەوە ڕووبەڕووی بوونەوەو ناچاریان کرد کەمیانڕەو بێت لەهەڵوێستەکانیدا، بەم پێیەی پەرگیری لەهەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە، نەک بەتەنها لەکۆمەڵە عەرەبیو ئیسلامیەکاندا، لەواقعدا مۆدێرنە وەک مەرجەعیەتێکی باڵا کەهەموو کۆمەڵە ئەوروپییەکانی گرتۆتەوە، ڕێگا بەمشتومڕو دیالۆگیش دەدات لەبەرئەوەی مۆدێرنە وەک مەرجەعیەتێکی ڕەهاو بێ هەڵە گوزارشتی لەخۆی نەکردووە، چونکە پرەنسیپی بنچینەیە بۆ مۆدێرنەتی ئەوەیە کەڕێگە دەدات بەگەڕانەوەی ڕەخنەگرانە لەسەرخودی خۆی هەرکاتێک مەودایەک لەمەعریفەدا ببڕێتو لەکوێدا ڕاستی پێکا بێتو لەکوێشدا هەڵەی کردبێتو چۆن دەکرێ هەڵەکان ڕاستبکاتەوەو سەرلەنوێ درێژە بەڕێڕەوەکەی بداتەوە.. هتد، لەوانەیە لەبەر ئەم فاکتەرەش بێت کە کۆمەڵە ئەوروپییەکان دینامیکی بنو بە بەردەوامیش پێشکەوتن مەیسەر کەن، بەڵکو توانیویانە ببنە ئیستعماری کۆمەڵەکانیشمان.

وەک یەکێک لەبیرمەندەکان دەڵێت: نەدەبووینە شوێنگەی ئیستیعمار، تەنیا لەبەرئەوە نەبێت کەخۆمان وشکو پەرژموودە بووینو شایستەی ئەوە بووین کەئیستیعمار بێتە ناومان، هەندێک لەڕووناکبیرانی عەرەب بانگەشە بۆ دامەزراندنی زانستی ڕۆژئاواناسی "الاستغراب" دەکەن لەبەرامبەر زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا، کەئەوروپییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا یاخود پێشتر دایانمەزراند، بیرۆکەی ڕۆژئاواناسی بریتییە لەبیرۆکەیەکی باشو ڕێپێدراو، بەمەرجێک ڕێککەوین لەسەر چەمکی زانستی ڕۆژئاواناسیو ئامانجەکانی.

چونکە گەر مەبەست لەم چەمکە ناسینو بەئاگابوون بێت لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی ژیاری ڕۆژئاوا پلە بەپلە هەر لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تا هەنووکە، ئەوا پێشوازی لێدەکەینو خۆشحاڵین، یاخود گەر مەبەست لەم چەمکە ڕەخنەگرتن بێت لەم تازەگەرییەو لەو ژیارییەی کەبەرهەمی مۆدێرنەیەو جیاکردنەوەی لایەنە نەگەتیڤەکانی لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی بێتو هەروەها لاسایی نەکردنەوەی بەشێوەیەکی کوێرانەی کۆپیکراو ئەوا دووبارە پێشوازی لێدەکەین.

> **پێش ئەوەی کەحوکم لەسەر لیبرالیزم یاخود عەلمانیەت یان دیموکراسی بدەیت بەشێوەیەکی نەگەتیڤ یاخود پۆزەتیڤ، پێویستە بەتەواوەتی بزانیت چین، بەڵام کەگوێ لەو مشتومڕە فیکریانە دەگرم، کە لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان پەخش دەکرێن هەست بەمەترسی دەکەم**

بەڵام گەر مەبەست لێی بەتاڵکردنەوەی ڕۆژئاوا بێت بەتەنها لەبەرئەوەی کەڕۆژئاوایەو بگووترێ هەموو ئەوەی کە لەڕۆژئاواوە بەرهەم دێت هەڵەو خراپە، یاخود ئیمپریالی ئیستیعماری سەرمایەدارییە، ئەوا لەو باوەڕەدا نیم ئەو پرۆژەیە زۆر بەکەڵکمان بێت یاخود لەقەیرانەکەما ڕزگارمان کات، بەپێچەوانەوە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت لەگێڕانەوەماندا بۆ دواوە، یاخود لەباشترین حاڵەتدا لەجێگەی خۆماندا خولمان پێ بخوات، پاشان زانستی ڕۆژئاوا ناسی بگۆڕێت بۆ زانستی نامۆبوونی ڕابردووگەرێتی بەپلەی ئیمتیاز، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو بەرئەنجامەیە کەپێی گەشتین، بەرلەوەی مشتومڕ لەسەر هەر شتێک بکەین، پێویستە بەشێوازێکی باش لەسەر ئەو شتە بزانیت، هەروەها پێش ئەوەی کەحوکم لەسەر لیبرالیزم یاخود عەلمانیەت یان دیموکراسی بدەیت بەشێوەیەکی نەگەتیڤ یاخود پۆزەتیڤ، پێویستە بەتەواوەتی بزانیت چین، بەڵام کەگوێ لەو مشتومڕە فیکریانە دەگرم، کە لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان پەخش دەکرێن هەست بەمەترسی دەکەم، چونکە ئەو زاراوانەو - گەلێک زاراوەی تریش، هەرگیز ڕوونو ئاشکرا نین لەناو هزری جەماوەری عەرەبیو هەتا لەهزری ئەو ئوستادانەشدا کەهەندێ جار لەوبەرنامانەدا بەشداری دەکەن، بەڵام جارێکی تر پێم خۆشە کەبەباشی لەهەڵوێستم تێبگەن، چونکە من ئیدانەی ئەم کەناڵانە ناکەمو هێرشیان ناکەمە سەر لەوەدا کەتایبەتە بەم خاڵەوە، بەڵکو پێم وایە تەنها خستنەڕووی ئەم بابەتە هەستیارانەی کەپێشتر قەدغە کرابوون، گوزارشت لەپێشکەوتنو هەنگاونانێکی گەورە دەکات بۆ پێشەوە، بەدڵنیاییەوە وا دیارە لەزۆر کاتدا ئەم پێشکەشکردنە ڕێگایەکی فراوانوهەڵە بێت، چونکە تەرکیز دەخاتە سەر کۆمەڵێ هەڵەی کۆمیدی دەربارەی ڕۆژئاواو ژیارییەکەی.

هەروەها پەی بەنەزانینێکی ئابڕووبەر دەبات دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنی مۆدێرنەو پەرەسەندنی بەدرێژایی سێ سەد ساڵ بەلایەنی کەمەوە، بەڵام ئەمە ئاساییە.. گرنگ ئەوەیە کەکارەکان بخەینەڕوو، گرنگ ئەوەیە گۆڕەپانی کەلتووری عەرەبی چارەسەر دەکرێت، کەزەمەنێکی دوورو درێژە لەسوڕی متبووندایەو ئایدۆلۆژیای دیماگۆگی کە لەسەر دروشمە قەبەو ژاوەژاوە کەرەکان وەستاوە کۆنترۆڵی کردووە، هەروەها دروشمەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە ئاسۆ دادەخەنو عەقڵو تێگەیشتنیش پەک دەخەن.

مۆدێرنە چییە؟. ئەو مەرجەعیەتە مەزنە چییە کەباڵا دەستە بەسەر ڕۆژئاوادا بەڵکو خەریکە دەست بگرێت بەسەر هەموو جیهاندا بەهۆی دینامیکیەتی ڕۆژئاواو هێزە تەکنەلۆژیو فیکریەکەوە؟ بەدڵنیایی ناکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە بەکۆمەڵێک وشەی دیاریکراو، چونکە ئەم شتە پێویستە ناوەندە عەرەبیەکانی لێکۆڵینەوە پێی هەڵسن کاتێک لەسەر بنچینەیەکی ڕاستو دروست گەشەبکەن، ئەمە پرۆژەی ئایندەیە پرۆژەی زانستی ڕۆژئاوا ناسییە، یاخود پرۆژەی عەرەبییە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوا، بەڵام دەشێ لەکۆتایی ئەم وتارەدا وشەیەکی بچووک دەربارەی ئەم بابەتە بڵێین:

شیمانەیە بڵێین مۆدێرنەتی بریتییە لەو وەرچەرخانە فیکرییەی کەلەڕۆژئاوادا بەدەست هات، بەتەنها لەناو ڕۆژئاوادا بەدرێژایی چوار سەدەی ڕابردو، مۆدێرنە تێڕوانینێکی نوێیە بۆ جیهان، تێڕوانینێک کە لەسەر دژایەتیکردنی تێڕوانینە کۆنەکەوە بۆ جیهان وەستاوە، هەروەها لەڕێگای ململانێیەکی دیالەکتیکانەی بونیادنەرەوە لەگەڵیدا ئەمە ژیارییەکی نوێیەو بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لەهەموو شارستانیەتە پێشینەکان کەمرۆڤایەتی ناسیوونی لەڕێڕەوی مێژووی دوورودرێژیدا، مۆدێرنەتی بەم مانایە یان ئەوەت هەیەو گشتگیرو هەمەکییە، یان ئەوەتا نییە، شیمانە نییە جیاکاری بکەین لەنێوان بوارەکانی مۆدێرنەتیدا، لەبواری سیاسیەوە بۆ زانستیو فەلسەفیو دواتر بۆ لایەنی پیشەسازی یاخود تەکنەلۆژی، بەڵکو هەتا نوێگەری شیعری یاخود ئەدەبیو هونەری، مۆدێرنە هەموو ئەمانەیە لەیەک کاتدا، گەرچی ئەم بوارانە جیاوازن لەلایەکتری، یاخود تارادەیەک بوارێکیان لەبوارێکی تریان جیاواز بێت، بەڵام هەموویان یەک دەستپێکن لەپێناو ئازادیو فەراهەم کردنی خودی مرۆڤایەتیدا لەسەر ڕووی ئەم زەوییە، ئایا پاڵەوانەکانی مۆدێرنە لەڕۆژئاوادا کێن؟ ئەم پاڵەوانانە لەچاکسازە دینییەکانو بلیمەتەکانی زانستو فەلسەفەن، هەر لەگالیلۆوە بۆ نیوتنو ئەنشتاین، لە "دیکارت"ەوە بۆ کانتو، هیگڵ، لەوێشەوە بۆ سەرجەم فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری.

بەڵام ئەوەی کەتایبەتە بەمۆدێرنەی سیاسییەوە کەبەرئەنجامی شۆڕشی ئینگلیزیو پاشان ئەمریکیو دواتریش فەرەنسییە، ئەوا ئێمە ناتوانین تێی بگەین، بەتەنها لەوکاتەدا نەبێ کەکرێی بدەینەوە بەو شۆڕشە فیکریەوە، کەڕاستەوخۆ بەر لەو شۆڕشانەدا ڕوویدا، واتە فەلسەفەی ڕۆشنگەری، هەروەها لەڕاستیدا هەموو سەرچاوەیەکی ئەو سەردەمانە پێویستی بەئەنسکۆ پیدیایەکی کامڵ هەیە بەزمانی عەرەبی لەپێناو تێگەیشتندا.■

سەرچاوە: ڕۆژنامەی الشرق الاوسط
ژمارە (٩١٨١) بەرواری ٢٠٠٤/١/١٧

پەناگەی مەرگ.. تەریق بوونەوەو خۆحەشاردان!

ئەوانەی بەشێک لەجەستەیان لەکار کەوتووە دوورەپەرێزن لەکۆمەڵ

ئا: دڵسۆز شێخ کریم، ئارەزوو محەمەد

بۆ بەسەرکردنەوەی هەموو تاکێک لەکۆمەڵو بۆئەوەی بزانرێت کەس فەرامۆش نەکراوە لەلای ئێمە ئارەزووی ئەوەمان کرد کەهەندێک کچو ژنان بەسەر بکەینەوە کەبەهۆی کارەساتەوە بەشێک لەتوانای جەستەییان ونکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەگۆشەگیر بن لەکۆمەڵو خۆیان حەشارداوە لەماڵەکانی خۆیانداو نایانەوێت چاویان بەکەس بکەوێت چ دۆست بێت یان ناحەز، جابەهۆی ترسەوەیە یان خەڵک تێیان ناگات یان... هتد، چونکە کۆمەڵی ئێمە تائێستا هەست بەکێشەی ئەم مرۆڤانە ناکات یان نایانەوێت لێیان تێبگات. لەگەڵ سوپاسو پێزانینمان بۆ چارەسازەرە سروشتیەکان کەیارمەتیان داین بۆئەوەی بتوانین لەنزیکەوە گفتوگۆ بکەین لەگەڵ چەند کچو ژنێک ئەویش بەرەزامەندی کەسەکان خۆیانو هەندێکیان بەهیچ شێوەیەک رازی نەبوون بچینە ماڵیان. ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی هەندێکیان کرد:

×بەچی وات لێهاتووە؟ کوێت لەکار کەوتوە؟ کەی؟ تا چەندت خوێندوەو پێشتر چ کارە بوویت؟

×ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟ بۆچی خۆت گۆشەگیر کردوە لەکۆمەڵ؟ چۆن کاری رۆژانەت ئەنجام دەدەیت؟ کێ یارمەتیت دەدات.؟ کچی یان شووت کردوە؟ مووچەی کەم ئەندامیت هەیە؟

- پەیمان لەشەکرەکە: من پێشتر لەکارگەی نانەقەیسی ئەهلی ئیشم دەکرد رۆژێک لەناکاو دەستم بوو بەمەکینەیەکەوە مەچەکی دەستی راستمی برد، تا پۆلی سێی ناوەندیم خوێندوەو کچم شووم نەکردوە هەرچەندە دەستی چەپم ماوە بەڵام لەو رۆژەوە کەوام لێهاتووە تائێستا لەڕووم نەهاتووە خۆم پیشانی دراوسێش بدەم چونکە پێم عەیبە مووچەی کەم ئەندامیشم هەیە، ئەترسم خەڵک پێم بڵێت گۆجە.

- شەرمن لەڕاپەڕین: من بەهۆی کیمیاوییەوە لەهەڵەبجە چاوم لەدەست داوە ئەو کاتە تەمەنم ١٧ ساڵ بوو من ژنم وە دوای رووداوەکە بەچەند ساڵێک شووم کردوەو مێردەکەشم چاوێکی باش نابینێتو خاوەنی دوو کچم بەڵام هاتووچۆی کەس ناکەم بەتایبەتی هاوسێکانم چونکە رۆژێک گوێم لێ بوو هاوسێیەکم بانگی کچەکەمی کرد شۆخەی شەرمنە کوێر، لەداخا ئەوە سێ ساڵە هەر نەچوومەتە دەرەوەو کەس یارمەتیم نادات و مووچەی کەم ئەندامیم هەیە

رۆژێک لەداخی نەبوونیو برسێتی خۆم خستە ژێر لۆریەکی بار هەڵگرەوە چونکە هەشت رۆژ بوو کەس لەماڵی ئێمە نانی نەخواردبوو کەشەش سەر خێزان بووین سێ خوشکو دوو براو نەنکم

جاران دەمتوانی کڵاش بچنمو ئیشی زەنگیانەشم دەکرد ئێستا ناتوانم بەداخەوە. و نەخوێندەوارم و زۆر ئاسایی کاری رۆژانەی ناو ماڵ ئەنجام دەدەم.

- سروە لەئازادی: تەمەنم ٢٥ ساڵەو پێنج ساڵ زیاترە بەهۆی دەعمی سەیارەوە هەردو قاچم لەدەست داوەو واتا ناتوانم خۆم راگرم لەسەری، کورسیشم نییە، سەرەتا دوو ساڵ هاتووچۆیی لای دکتۆرم کردووە بەڵام ئێستا نا چونکە هەموو دکتۆرەکان راستیان پێ نەوتم بەڵکو دەیان وت تەنها شەش مانگەو پاشان چاک دەبیتەوە مەسرەفی دنیایان بەباوکم کرد کارەباو عیلاج تەبیعی.. هتد هەموویان بۆ کردووم، سێ ساڵ دەبێت هاتووچۆی کەس ناکەمو هاوڕێکانیشم کەدێن بۆ لام بەدایکم دەڵێم جوابیان بکاتو بڵێت لێرە نییە، چونکە ئەوان وەک هەموو کچێکی لەش ساغ باسی پیاسەی بازاڕو مۆدیلی تازەی جانتاو پێڵاو دەکەن کەقسەم لەگەڵ دەکەن پێم دەڵێن بەخوا تۆ داماویت ..، پاش تۆزێک فرمێسک وتی: بەڵێ مووچەی بێ قاچیم هەیە، تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیم خوێندوەو واتا پێش ئەوەی بێ قاچ بم خوێندکار بووم ئێستا وازم لێهێناوە، حەزم دەکرد بخوێنم بەڵام ئاواو بەدارشەق لەماڵ بچمە دەرەوە مەحاڵە چونکە حەیام دەچێتو خەڵکی هەمووی دێنە سەیرم دەبمە گاڵتەجاڕی هەموویان! توخوا بابەس بێت ئیتر ناتوانم وەڵامی پرسیار بدەمەوە.

- هەڵاڵە لەهاوکاری: پاش هەناسەیەکی ساردوو قووڵ، ئەوە ١٠ ساڵ زیاترە پێش ئێستا رۆژێک لەداخی نەبوونیو برسێتی خۆم خستە ژێر لۆریەکی بار هەڵگرەوە چونکە هەشت رۆژ بوو کەس لەماڵی ئێمە نانی نەخواردبوو کەشەش سەر خێزان بووین سێ خوشکو دوو براو نەنکم، ئێستا قاچو دەستی لای چەپم ئیش ناکات، دایکو باوکم لەئاوارەیەکە پێکەوە ئەلغامیان پیاتەقیو کوژران، ئەوکاتە من ١٥ ساڵان دەبوومو کچی گەورەش بوم، جگە لەنەنکم هیچ کەسمان نییە، مووچەی باوکمان هەیە چونکە باوکم حەرەس بوو لەدائیرەو منیش ئێستا مووچەی کەم ئەندامیم هەیە، پێش رووداوەکە خوێندکار بووم لەپۆلی دووەمی ناوەندی بووم، بەس نەنکم یارمەتیمان دەدات ئەو لەخەستەخانە باجییەو تەمەنیشی زۆر گەورەیەو خوشکو براکانم خوێندکارن، من جگە لەئەندامی خێزانەکەم کەسی ترم خۆش ناوێتو متمانە بەکەسیش ناکەم چونکە خەڵک حەز بەناخۆشی خەڵکی تر دەکەنو دەترسێم بوختانم بۆ بکەن یان قسەم بۆ هەڵبەستن، لەبەر خاتری دادە (ە.ن) نەبێت قسەم بۆ نەدەکردن ئەم دادەیە رۆژ نا رۆژێک دێت بۆ لام و وەرزشم پێدەکات بەبێ پارەو تائێستاش زۆر ناتوانم کاری ئاسایی رۆژانەی خۆم ئەنجام بدەم بەبێ یارمەتی ماڵەوە.

پاشان رووومان کردە کەسە نزیکەکانی ئەم کچو ژنانە بەچاوی پڕ لەفرمێسکو ئاوەوە وتیان:

- دایکی پەیمان خان: بەخوا ئەوەندە کچێکی ئازاو ئیش کەر بوو هەر لەباس کردن نایەت کەچی لەدوای ئەو رووداوە نازانم.. بەدەم گێڕانەوەوە بەردەوام دەگریا، ئێستا هەتا بڵێی تورەیە لەهەموو شتێک بێزارە تەنانەت مووچەکەشی بەوەکالەت بۆ وەردەگرین، بۆ دکتۆری دەروونیمان نەبردووە.

- کاک ئەحمەدی مێردی شەرمن خان: راستە خێزانەکەم نابینا بووە کەمن هێناومەو ئێستا منیش لەگەڵ ئێوە زانیومەکەژنێکی دراوسێمان تانەی لێداوە ئەمەش هۆی گۆشەگیریەکەیەتی تەنانەت بەشەو حەوشە دەشوات یان جلوبەرگ هەڵدەخات بۆ وشک کردنەوە، پاش تۆزێک توورەبوون وتی: دکتۆری دەروونی بۆچییە؟ خۆ ژنەکەم شێت نییە؟!!.

- باوکی سروە خان: ئەوەی لەتوانام دا بووبێت کردوومە بۆی بێ درێغی بە بەردەوامی معالج تەبیعیم بۆ گرتووە بەکرێ تا یارمەتی بدەن زوو چاک بێتەوە، سروە هەتا بڵێیت کچێکی زیرەک بو لەخوێندنو هەمیشە یەکەم دەبوو و ئێستاش کە لەو ژوورە خۆی شاردۆتەوە بەردەوام کتێبی بۆ دەکڕمو دەیخوێنێتەوە بەڵام قسە لەگەڵ کەس ناکات بەس منو ئەم خوشکە بەڕێزە نەبێت کەوەرزشی پێدەکات چونکە متمانەمان پێدەکات، گۆشەگیرە بەپلەیەک کەقسە لەگەڵ دایکیشی دەکات مەگەر خوا بزانێت کەچەند ماندوو دەبێت بەدەستییەوە.

- نەنکی هەڵاڵە: هەڵاڵە کچێکی زۆر لەسەر خۆبوو بێ دەنگ بو نازانم شەیتان چۆن چووە بن کلێشەی و وای لەخۆی کرد، نەنە زۆر دەگریاو زۆر لەدڵی هەبوو، ئێستا بەردەوام هاوار دەکات قسە بەهەموومان دەڵێو شەرمان پێ دەفرۆشێت. نا نەم بردووە بۆ دکتۆری دەروونی چی بکەم؟!!.

ئەم ژنە خۆی نیشان نەداین بەڵکو لەپشتی پەنجەرەیەکەوە قسەی لەگەڵ کردینو پەردەشی دایا بوەوە، واتا دەموچاوی نیشان نەداین لەوەدەچوو باری دەروونی زۆر تەواو نەبێت.

- ئاواز لەئازادی: لەساڵی ٢٠٠٠ دا لەگەڵ مێردەکەم شەڕمان بوو لەسەر کچێک کەحەزی لێدەکرد، زۆر توورە بوومو بەبێ هۆشیو توورەیی ٥ لیتر نەوتم کرد بەخۆم داو خۆمم سوتاندو ئێستاش دەموچاومو سنگم و قاچێکم شێواوەو سەقەت بوومو مێردەکەم یەک ساڵ دوای خۆسوتاندنەکەم تەڵاقی دام بەڕێگایی دادگا سێ منداڵەکەی لێ سەندمەوە، ئێستا لەماڵی براکەم دەژیم لەساڵی ٢٠٠١ ەوە نەم هێشتووە کەس بم بینێت جگە لەئەندامانی خێزانی براکەم، جاران مامۆستای سەرەتایی بوومو ئێستا خانەنشینم، نەخێر سوتاویەکەم ناتوانرێت تەجمیل بکرێت، بەدەم هەنسکو فرمێسکەوە دەیووت چیم بەخۆم کرد ئەو کچە مێردەکەمو منداڵەکانیشی لێسەندم، زۆر پەشیمانم.. دەترسم خەڵک لێم بترسنو ئەگەر بمەوێت منداڵێک ماچ بکەم دەترسم لەترسی ناشرینیم نەخۆش بکەوێت.

-ساکار لە هەوارە بەرزە: من ساڵێکو هەشت مانگە ئارەزووی چونە دەرەوەو بینینی کەس ناکەم، نازانم بۆ؟ من قوربانی شەڕێکی نێوان دایکمو باوکم بووم کەئێستا لەیەکتر جیابوونەتەوە لەوەتەی من وام لێهاتووە باوکم لەڕووی نەهاتووە خۆیم پیشان بدات، شەوێک هەردووکیان بوو بەشەڕیانو باوکم میلی دەمانچەی هێنایەوە بۆ کوشتنی دایکم منیش خۆم خستەبەردەم دەمانچەکەو یەک گولە دای لەسنگی راستمو لەشانمەوە بەخواری دەرچوو ئەم رووداوە وای کرد کەباوکم لەدایکم جیاببێتەوەو منیش بەشی سەرەوەی شانم خوار بووەو مەمکی راستیشم براوەتەوە، نازانم هەرگیز ئەمە کرداری باوکم نەبووەو کێشەکەش ئەوەندەی نەدەهێنا حەڤدە ساڵە ئەوان هاوسەربوونو تەنها منیشیان هەیە واتا تاقانەم، چونکە لەدوای لەدایک بوونی من باوکم نەخۆش کەوتو ئیتر منداڵی نەبوو ودایکم بەهیچ شێوەیەک نارەزایی لەباوکم نەبووە. ساکار بەدەم گریانەوە دەیگوت توخوا کچان قەت شوونەکەن پیاوان هەموویان خراپن شێوەی گریانەکەی زۆر سەیر وسەرنج ڕاکێش بوو.

- دایکی ساکار خان: ساکار ڕاستی ووت و ئەمەش هەمووی نهێنی بوونو هیچ کەس تەنانەت لەکەسو کاریشم ئەمانەیان نەزانیوە، لەلای دادگاو پۆلیس گوتوومانە ساکار خۆی یاری بەدەمانچەکە کردووەو خۆی پێکاوە، ساکار خوێندکاری ناوەندی بوو، کچێکی زۆر هێمنو ئاقڵەو ئێستاش هەروایە، بەڵام زۆر لەدەنگی پیاو یان دەنگێکی گڕگەر بەر گوێی بکەوێت لەهۆش خۆی دەچێتو پاش هۆشهاتنەوەی دەست دەکات بەقژ رنینی خۆی، هەر لەبەرئەمەشە ناتوانم لەماڵ بیبەمە دەرەوە، هاوڕێیەتی کەس ناکات دەترسێت هاوڕێکانی گاڵتەبەباوکی بکەنو ناوەتۆرەی شانخواری بەسەردا بسەپێنن. لەبەرئەوە ناهێڵم کەسو کاریشم هاتووچۆم بکەن، بۆدکتۆری دەروونیم نەبردووە. سەیر لەوەدابوو ساکار زۆر ئاسایی گلەیی لە باوکی دەکرد کەچی دایکی دەڵێت تەنانەت لەباوکیشی دەترسێت.

-(ن.ش) لە سلێمانی تازە: هەشت ساڵ پێش ئێستا کارەبا نەبوو منیش تەبیعەتم زۆر عەمەلیە واتا حەز بەپاکوخاوێنی دەکەم بەهۆی جل شتنو گوشینی تووندەوە قۆلم دەماری بچڕاو پاشان هەستم بەسڕبوونێک دەکرد لەقۆڵمدا هەتا بەتەواوەتی لەکارکەوتو ئێستا زۆر شلە دەرزی پیادا بکە هەستی پێناکەم، حەزناکەم میوانیش بمبینێت، دەترسم پێم بڵێن گوناحیت یان .... دەستی کرد بەگریانو وتی تەواو ئیتر قسەناکەم.

تا ئێستا حکومەتو وەزارەتی تەندروستی بیریان لەوە نەکردۆتەوە کەیانەیەک یان نەخۆشخانەیەک هەبێت ئەم جۆرە کەسانە بگرێتە خۆیو کەسانی پسپۆری چارەسەری سروشتیو ئامێری تایبەت بەوەرزشی تێدا بێت، وەک کەسوکاری نەخۆشەکان دەڵێن با حکومەت بەزەیی بەئێمەدا بێتەوەو نەک تەنها یارمەتی مادیی نەخۆشەکانمان بدات، بەڵکو پێویستمان بەیارمەتی تریش هەیە کەتەنها لەتوانای حکومەتدایە. ئێمەش دەڵێین حکومەتی هەرێم ئەگەر بێتو ئاوڕێک لەمانە بداتەوە کارێکی زۆرباش دەکاتو ئازارو نارەحەتیو ئەو خەمو قسەو قسەلۆکانەی کە لەسنگی ئەم کەسانە کۆبوەتەوە کەمدەکاتەوە، هیواداریشین بەپەلە کاریان بۆ بکرێت.■

چیم بەخۆم کرد ئەو کچە مێردەکەمو منداڵەکانیشی لیسەندم، زۆر پەشیمانم.. دەترسم خەڵک لێم بترسنو ئەگەر بمەوێت منداڵێک ماچ بکەم دەترسم لەترسی ناشرینیم نەخۆش بکەوێت

جارێکی تر سەرهەڵدانەوەی کۆچ!

ئا: کۆچەر کەریم حەمە

ئاسۆ: هەرچەندە کە لەدائیرەشم بەڵام ئەو بڕە پارەی وەریدەگرم بەشی چی دەکات؟

مەحمود: سەدام حسێن لەسەر تەخت لابراو، سەرۆکی عێراقو کوردستانیش لەخۆمانە، کەچی وەزعی خەڵکی هەروەک خۆی وایە

کاوان: بڕوام بەخوێندنی کوردستان نەماوە، چونکە ئاشکرایە کەخوێندن چی بەسەرهاتوە

-ئاشکرایە لەچەند ساڵی رابووردو بەهۆی درێژە کێشانی شەڕی براکوژیو گرانیو ئەو نەهامەتییەی کە یەخەو بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتەوە.

شاری دەربەندیخان یەکێک بوو لەو شارانەی کەزۆرترین کەسی رووی کردە دەرەوەی وڵات شتێکی سەیرە کەئەگەر لەخێزانێک کەسێکیان لەدەرەوە نەبێت چونکە هەر خێزانێک چەند کەسێکیان لەدەرەوەیە. وە هەر گەنجێکیش دەدوێنی کەچۆن لێرە ماویت؟ وەڵامی ئەوەیە کە چەند جارێک سنورداش کراوە، وە بەچەند ساڵێک شاری دەربەندیخان ئێجگار سیمای چۆڵەوانی پێوە دیاربوو بەڵام بەنزیک بوونەوەی جەنگی ئازادی عێراق خەڵکی چاوەڕوانی ئەوە بوون کەوەزعی عێراقو کوردستان بەرەو باشی بچێت، لەم ماوەیەدا کەس بیری لەکۆچ کردن نەکردەوە.

بەڵام دوای ئەو ماوەیە وا جارێکی تر لاوانی شاری دەربەندیخان پەنا دەبەنە بەر کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لەدوای ئازادی عێراق باری گوزەرانی خەڵکی و لاوان هەر سەختو نالەبارەو لاوان نیگەرانن لەوەی کەبتوانن بەخۆشی بژین.

بۆیە لەنزیکەوە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کۆمەڵێک لەو گەنجانە کرد لەشاری دەربەندیخان کە ئامادەی سەفەرکردنن بۆ دەرەوەی وڵات ئەویش بەڕێگەی قاچاخ لەگفتوگۆیەکدا وتیان:-

×ئاسۆ نامیق مەحمود - دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی:

- من تەمەنم ٢٨ ساڵەو بیرم لەوە کردۆتەوە کەبڕواناکەم بتوانم هەرگیز ژیانێک بۆ خۆم بەخۆشی بگوزەرێنم، هەرچەندە کە لەدائیرەشم بەڵام ئەو بڕە پارەی وەریدەگرم بەشی چی دەکات؟ نە دەتوانی ماڵێک دروست بکەی، نە دەتوانی خێزانێک دروست بکەی تەنها فریای ئەوە دەکەوم کەهەموو مانگێک ٩٠٠ دینار بەکرێی خانوو بدەم. وە بۆیە سەفەر دەکەم دڵنیام کەحکومەت بەباشی بیر لەچارەسەرکردنی گرفتەکان ناکاتەوە.

×گەنجێک نەیویست ناوی بڵێ - خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان:

- من هیچ کاتێک پەشیمان نیم لەوەی کە کۆچ دەکەم، چونکە تەمەنم ٢٧ ساڵەو هەتا ئێستا خاوەنی هیچ شتێک نیمو ئەو بڕە پارەی کەبەئیش کردن پەیدای دەکەم بەشێوەیەکی زۆر زۆر رەزیلانە سەرفی دەکەم بۆ خۆمو دوو خوشکم کە ئەوان خوێندکاری ناوەندین، بەڵام کەبیرم کردەوە زانیم کە ئەوان بێنە پەیمانگاو زانکۆ ناتوانن بەئاسایی بژین، چونکە خێزانێکی زۆر دەست کورتینو باوکمان نەخۆشە، وەپارەی عیلاج بۆ باوکیشم زاواکەمان بۆی سەرف دەکات. وە بۆیە بڕیاریشم دا کە کۆچ بکەم بۆئەوەی خۆمو ماڵەوە لەو دەست کورتییە رزگار بکەم.

وە پارەی ڕێگاش پشتم بەو زەوییە بەستوە کە هی شەهیدانە بوو کەبرایەکم لەشەڕی براکوژی شەهید کرا. وەهەرگیز گوێم لەوە نییە کەلەوێ مافی پەنابەرێتیم دەدرێتێ یان .. نا، وە ئەمەش سێهەم جارمەکە لەڕێگا دەدەم.

×مەحمود محەمەد عەلی - پیشەی دوکاندار:

-بۆچی سەفەر نەکەم؟ تازە من چاوەڕێی چی بکەم؟ ئەوا ئازادی عێراق تەواو بوو، سەدام حسێن لەسەر تەخت لابراو، سەرۆکی عێراقو کوردستانیش لەخۆمانە، کەچی وەزعی خەڵکی هەروەک خۆی وایە، ئیتر چی ماوە چاوەڕێی بکەین؟

من تەمەنم ٣٧ ساڵەو دەسگیرانیشم هەیە کە دوو ساڵو چەند مانگێکە دیاریم کردووە بەڵام ناتوانم بیگوێزمەوە چونکە نە مووچەم هەیە ، نە خانووم هەیە، خۆت دەزانی کرێی خانوو چەند گرانە. بەڵام کەبیرم کردەوە بڕیارم داکەسەفەر بکەم باشترە ئەگەر لەئەوروپا مافی پەنابەرێتیم نەدرێتێ چونکە وەک جاران خەڵکی جەواز وەرناگرن.

×کاوان حسام الدین - خوێندکاری ئامادەیی:

- لەئەنجامی چەند بیرکردنەوەیەک بڕیارم دا کە کۆچ بکەم چونکە بۆم دەرکەوت کە دەبێت لەکوردستاندا هەمیشە خەڵکی خزمەتی حکومەت بکەن وە هەرگیز حکومەت خزمەتی خەڵک ناکات، چونکە دزیو گەندەڵی ناهێڵێت بیر لەخەڵک بکەنەوە، وە دەزانم کە ئەم وڵاتە بۆکەسی وەک من ناشێت تەنها بۆ کەسوکاری کاربەدەستەکان باشە وە بۆ ئەوان جێگەیەکی زۆر شیاوە.

وە لەهەمان کاتدا بڕوام بەخوێندنی کوردستان نەماوە، چونکە ئاشکرایەکەخوێندن چی بەسەرهاتوە، تەمەنم ٢٢ ساڵە هەر لەئێستەوە توشی خەفەتو لەبیرچوونەوە بووم باشتر وایە بڕۆم لەوێ بخوێنم باشترەو هیچ گوێم لەمافی پەنابەرێتی نییە.

×کەسێکی تر نەیویست ناوی خۆی بڵێ وتی:

- من بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کەی ژن بێنم؟ چونکە تەمەنم ٤١ ساڵە کەژنم هێنا، بۆ نزیکەی دوو ساڵە بەیەکەوەین، چونکە حەرەس بوومو ماوەیەک خانووی کرێم گرت بە ٨٠٠ دینار بارودۆخمان زۆر نالەبار بوو، دوای ماوەیەک خاوەن خانووەکە کرێکەی پێکردین بە ١٠٠٠ دینار، دوای ماوەیەکی تر وتی خانووەکەم بۆ چۆڵ بکە چونکە مانگی ١٤٠٠ دینارم بۆ دەکات، کەویستم خانوویەکی تر پەیدا بکەم بەڵام دەستم نەکەوت ئەگەر هەبوایە نرخەکەی گران بوو.

بۆیە بڕیارم دا کە کۆچ بکەم باشترە، بۆیە خێزانم ناردەوە بۆ ماڵ باوکمو بڕیارە کەئاڵتونەکانیو هەندێ کەلوپەلی ناو ماڵ بفرۆشم بۆ پارەی ڕێگا. وە ناشزانم کەدوارۆژم چی بەسەر دێت.. چونکە دەرەوە وەک جاران مافی پەنابەرێتی نادات.■

چیتر من شاعیر نیم.. چونکە چیدی من شێت نیم

تاهیر عەبدولواحید

هەر لەو گوزارشتەی سەرەوە دەتوانین ئەزمونی گەورەی شاعیری فەرەنسی (ئارسەر رامبۆ) چڕبکەینەوە لەدوانەی شیعرو ژیاندا.

ئا لێرەدایە تەلیسمو کەمەندکێش کردنی نەوە بەدوایەکداهاتووەکانی بواری ئەدەب، بۆ نێو ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە، وتائێستاش ئەوهێزو کاریگەریە هەر بەردەوامە.. ئەفسانەی رامبۆ تا ئەم سەردەمەش جوانی خۆی لەدەست نەداوە، سەرباری ئەوەی لێشاوێکی گەورە کتێبو وتاری لەسەر نووسراوە، شتێک لەنێو کەسایەتی رامبۆو شیعرەکانیدا یاخییە لەتەفسیرکردن، پێدەچێت بەرائەتێکی رەها کەرەنگی داوەتەوە لەشیعرەکانیدا هۆکاری ئەوئالۆزیویاخی بوونە بێت، بەڵام بریا رامبۆ بۆ چەند ساڵێکی تریش لەو شێتییە بەردەوام بوایە، هەرچەندە تەمەنی شیعری ئەم شاعیرە لە (٤ تا ٥) ساڵ تێپەڕی نەکرد، کەچی سەرباری ئەوەش هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆشی لەسەربێ خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووەو دەکات.. چی دەگوزەرا ئەگەر رامبۆ (٤ تا ٥) ساڵی دیکەش بەوشێتییەوە بمایەتەوە.. بێگومان چەند قەسیدەیەکی تری دەخستە سەر شیعر کەزۆر بەکەمی دنیای شیعرو ئەدەب و بەخۆیەوە بینیێ.. بریا بەو خێراییە نەهاتایەتەوە هۆشی خۆی. ئەوکاتێ بەئاگاهاتەوە لەخۆی ولەبارستایی ئەوسەرکێشیو شێتیەی کەتێی کەوتبو لەگەڵ (ڤیرلین)ی هاوڕێیو رەنگدانەوەی ویرانکاریەکانی هەست پێکرد لەسەر ژیانی هێدی هێدی بەئاگاهاتەوەو هەست کردنی بەبەرپرسیارێتی تیا دروست بوو. دواجار بووە کەسێکی پێگەیشتو، ئەم کۆتاییە سەرەتای لەدەست دانی بەرائەتە حەقیقیەکان بوو، شیعر لای ئەو کۆتایی پێهات. ژیانێکی تازەی هەڵبژارد کە لەسەر کۆتو بەندی مادیو بیرکردنەوە لەداهاتووی کەسایەتیو دابینکردنی بژێوی وەستا بوو. مەبەست تیایدا کۆکردنەوەی پارەو زێڕ بوو.، ئەوها شیعر لای رامبۆ کۆتایی هات بۆئەوەی ژیان دەست بەکارەکانی خۆی بکات شێتی کۆتایی پێ هات تا ئەژماردە ناعەقلانیەکان جێگەی بگرێتەوە، بەڵام ئایا ئەو ژیانە تازەیەی دووهەمیش کە دەنگی شیعر تیایدا خەفە بوون سەرکێشییەکی شێتانەی تر نەبوو؟ ئایا گەڕان نەبوو لەدوی خودو نادیار لەڕێگەی سەرکێشییە نوێیەکانیەوە، لەپانتاییە جیاجیاکانی سەر زەوی؟ لەئەندۆنیساوە بۆ عەدەنو دواتر بۆ وڵاتانی تری عەرەبی؟ بەواتایەکی تر رامبۆ بەشێوەیەکی شیعری ژیانە تازەکەی بەڕێ نەدەکرد لەکاتێکدا وازی لەنوسینی شیعر هێنا بوو هەموو جارێک پێگەیەکی جوگرافی تازەی دەدۆزییەوە، بەڵام ئاخۆ نەیدەویست بزانێ لەپشت ئەو جوگرافیا تازانەوە چی خۆی حەشارداوە؟ بەم شێوەیە رامبۆ بەدوای نادیاردا وێڵ بوو. بەدوای ئەو ئاسۆیەی کە لەئاسۆدا نەبێ کۆتایی نایەت.

تا دواجار پێیەکانی خیانەتیان لێکردوو خستیان، رامبۆ بەدوای سەرسامیو داخورپان دادەگەڕا. لەدووی بەرائەتێکی رەها وێڵ بوو لەم جیهانەدا.. هەرگیز لەگەڕان تەواو نەدەبوو، ئەو ئارەزوی رەهایی دەکرد. رەهایی ژیانو بوون، ئارەزوبون لە (رەهایی) ئاکامێکی حەتمی هەیە. ئەویش باوەشکردنە بەمەرگدا. مەرگ ئەو رەهاییەیە کەهیچ رەهاییەکی تری بەدوادا نایەت. کۆتایی ڕێگاو ژووانی کۆتاییە. مەرگ ئەو نادیارە گەورە تاکەیە کەچاوەڕوانی هەموو مرۆڤێک دەکات.. شیعریش بەواتایەک وەستاندن یان دواخستنی چرکەساتی مەرگە.. هونەریان ئەفراندن بەشێوەیەکی گشتی ئەوە کە لەتوانایدایە زۆرانبازی لەگەڵ قەدەری مەرگ دا بکاتو رووبەڕووی ببێتەوە. چونکە شیعر وەک کایەیەکی ئەفراندن لەدوای مەرگیش هەر بەردەوامە. بەتایبەت گەر لەئاستی شیعرەکانی رامبۆو بۆ دلێرو هوڵدرلین دابێت.. لەو بۆچوونە جوانانەی لەسەر رامبۆ نووسراوە، (ئیف بۆنفوا) دەڵێت: (رامبۆ سەرباری ئەو بارودۆخە خراپەو بەرتەسکی ژیانیو باری هەژاری هێشتا رازی نەبوو بەوەی کەرۆحی خۆی بفرۆشێ. پێی لەسەر ئازادیەکی رەهاو ئازاد دادەگرتو وەک ئاسۆی بوون تێی دەڕوانی).

ئاسۆیەک ژیان بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی تیا نەبوو. فەرهەنگی (ئازادیەکی ئازاد) داهێنانی رامبۆ خۆی بوو. ناکرێ بیرمان بچێ کاتێ رامبۆ لەنامەیەکیدا بۆ (ئیزامباری) مامۆستای دەنووسێ: (تا ئێستاش پێ دادەگرم لەسەر هەڵبژاردنی ئازادیەکی ئازاد، خۆمی پێوە دەلکێنمو لەئامێزی دەگرم)، (ئیف بونفوا)یش لەدرێژەی وتەکانی لەسەر رامبۆ دەڵێت: (گەورەیی رامبۆ لەوەدایە کەئەوکەمە ئازادیەی لەسەردەمو ژینگەی ئەودا بونی هەبوو رەتی کردەوە. بۆئەوەی ببێتە شاهید حاڵێک لەسەر خراپکردنی مرۆڤەکان لەبووندا، بۆئەوەی کەداوای لێ بکات لەخراپی باری مەعنەویەوە خۆی بگوێزێتەوە بۆ سەنگەرگرتنی تراژیدیانە لەرەهایی، سەرباری بڕیاردانو پێداگرتنیو سوربونی لەسەر ئەو بڕیارە ئەمانە وا لەشیعرەکانی دەکەن کۆمەڵە شیعرێکی ئازادو رەها بن لەمێژوی زمانی فەرەنسیدا، دواتریش دەبێتە یەکێک لەجوانترین بەرهەمە ئەدەبیەکان لەنێو ئەو زمانەدا، رامبۆ ئەوەی رەت کردەوە کەقایل بێت بەو کەمە ئازادیەی کەلە (شارفیل) هەیبو، کەجێی چاو هەڵهێنانی خۆی بوو. ئەوەی رەت کردەوە کەئەویش وەک دانیشتوانی ئەو شارە ژیان بەسەربەرێ، بۆیە دەستی دایە سەرسەختی لەپانتاییە بەرفراوانەکانی جیهاندا. ئەویش وەک گەڕان لەدووی (ئازادیەکی ئازاد)یان (ئازادی رەها) لەواقیعدا. بەڵام هەموو دەزانین (ئازادی رەها) شتێکی ترسناکەوکۆتاییەکەی مەرگە. رامبۆ بەدوای فەنابوونی خۆی دەگەڕا بێ ئەوەی هەستی پێ بکات. ئامادیەی ئەوەشی تێدا بوو کەسەرکێشی بەهەموو ژیانیەوە بکات لەپێناو چرکەساتی ئازادی، یان چرکەساتی ئەفراندنی شیعری، ئەو ئەیویست ئەوە ببینێ کەئەوانی دی نەیاندەبینی، ئامادەش بوو باجی ئەوە بداتو دواتر باجێکی گرانیشی دا، بەڵام ئاکام ئەو قەسیدانە بوون کەبۆ هەتایی دەمێننەوە. رامبۆ ژیانی دۆڕاند. بەڵام شیعری بردەوە، لەو دەمەدا ئەوەی دەبینی کەنەدەبینرا، ئەو روناکی بینیەوە بۆ خۆی. هەر ئەو روناکیەش وەک پەروانە جوانەکانی وەرزی بەهاران سوتاندی، مانای شیعر هیچ نیە بەبێ بەرائەتێکی رەها. بەبێ راستگۆییەکی رەها، بۆچی زۆر لەشاعیرەکان دەست لەنووسین هەڵناگرن لەکاتێکدا کەکەمترین ئاستی بەرائەتیان تیا لەدەست داوە سوپاس.. سوپاس، بۆ تۆ (ئارسەر رامبۆ)، تۆ وانەیەکی گەورەت پێ بەخشین بۆ رامکردنی شیعر، بۆ خۆشەویستنو رێزگرتن لەشیعر. بێ دەنگیەکەشت زۆر لەشیعر روونتر بوو، سەبارەت بەتیوری (دونیا بینین) ئیف بونفوا- دەڵێت:

مەبەستی رامبۆ لەو نادیارە چییە کەدەیەوێ بیبینێتەوە؟. یان بیدۆزێتەوە. نادیارێک کەسەرجەم تیوری شیعری خۆی لەسەر بونیاد دەنێ. ئەو بەئاشکرا پێمان دەڵێت.. پێویستە لەسەر شاعیر (دنیابین) بێت، خۆی بکاتە کەسایەتیەکی (جیهان بین)، شاعیر ناتوانێ بگاتە ئەوئاستەگەر هەستەکانی خۆی نەهەژێنێ. بزواندێکی گەورەو دوورودرێژو عەقڵێنراو لەیەک کاتدا، پێویستە شاعیر هەموو جۆرەکانی خۆشەویستیو ئازارچەشتنو شێتی ئەزموون بکات..

سوپاس، بۆ تۆ (ئارسەر رامبۆ)، تۆ وانەیەکی گەورەت پێ بەخشین بۆ رامکردنی شیعر، بۆ خۆشەویستنو رێزگرتن لەشیعر. بێ دەنگیەکەشت زۆر لەشیعر روونتر بوو

بەم هۆیەوە بو رامبۆ بەگەیشتنی بۆپاریس چووە نێو ئەزمون گەلێی هەستیو جەستەیی وەک خواردنەوەو سێکسو تەنانەت مادە بێهۆشکەرەکانیش. ژیانێکی ئەزموونی سەیر.. ئەزمونێکی تا ئەوپەڕ توند بۆئەوەی بزانێت تاچ ئاستێک دەتوانێت لەگەڵ خۆی رێ بکات.. بۆئەوەی کۆمەڵێک شتی تازە ببینێت لەڕێی ئەو هەژاندنە هەستییانەوە بەڵام ئەفسوس.. باجێکی قورسی ئەو ژیانە پڕ لەتورەییەی دا. کەبەتەقەلێکردنی لەلایەن (ڤیرلین)ەوە کۆتایی هاتو ئەمەشی لەدیوانە بەناوبانگەکەی (وەرزێک لەدۆزەخ)دا تۆمارکرد. دوای ئەوە لەگەڵ ژیانی نێو دەهالیزەکانی هەستو شیعر دابڕا، بەشێوەیەک بەتەواوی ئەو قۆناغەی ژیانی تایبەت بەخۆی رەت دەکردەوە. رقی لەشیعرەکانی خۆی دەبووەو بەکۆمەڵێک تڕۆهاتی منالانە گوازرشتی لێدەکردن کەشایەنی بیرهێنانەوەتن.. ئەمانە هەمووی لەوکاتانەدا بوون کە (عەقڵ)ی هێنایەوەو بەرخۆیو بووە بازرگانێکی گەورە لەعەدەنو هیچ خەونێکی نەمابوو جگە لەکۆکردنەوەی پارەو زێڕو رازی کردنی دایکیو خێزانەکەی، لەمەشەوە دەیوست پێیان بڵێ کەرامبۆ کەسێکە توانای سەرکەوتنی هەیە لەژیانداو لەدابین کردنی داهاتوو. بەڵام ئەو نادیارە چی بوو کەدەیویست ببینێ؟ ئایا مەبەستی دۆزینەوەی جوگرافیایەکی تازەیە لەجیهاندا، ئایا ئەو باوەڕی بەبوونی جیهانێکی تر هەبوو جگە لەو جیهانەی لەبەرچاوی هەموماندایە و ئەو ویستبێتی؟ لەڕێگەی زمانی شیعری تازەوە، یان هەژاندنی شێتانەی هەستەکانیەوە پێی بگات، بێگومان ئەو وەک هەموو ئەفرێنەرە گەورەکانی دنیاو دوچاری هەڵوەسەوزیندە خەونەکانو شتە بەهێزەکان هاتبوو.. گەر ئەمانە هەمووی نەبونایە نەی دەتوانی بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی شیعر کە کاریگەری تەلیسماوی لەسەر خوێنەرەکانی دروست کرد، ئەو کەسێکی نەهلیستی بوو.. باوەڕی بەهیچ بونەوەرێکی ترو جیهانێکی تر نەبوو دوای ئەم ژیانە.. ئەو بەتەنها پەیوەندی تازەی دەدۆزیەوە کەچاوە ئاساییەکان نەیاندەبینی. ئەو لەڕێگەی زمانی شیعری تازەو وروژاندنو هەژاندنی شێتییەوە کەپەیوەندی لوجیکی نێوان شتەکانی هەڵدەوەشاندەوە پێیان دەگەیشت. بۆ نمونە دەڵێت: (من خۆم لەگەڵ تراویلکە سادەکان راهێناوە).. زۆر بەئاسانی من لەجێگەی کارگەیەک، مزگەوتێکم دەبینی، قوتابخانەی کۆمەڵێک دەهۆڵ بوون کە لەپێشین دروست کرابوون.. کۆمەڵێک گالیسکە بەکۆڵانەکانی ئاسماندا گوزەریان دەکرد. ژورێک لەوپەڕی دەریاچەیەک دابوو. ئالێرەدا نوێگەری لەشیعری رامبۆدا خۆی حەشاردا بوو، دواتریش شاعیرانی دوای خۆی سودمەندبوون لێی. ئەوبۆیە هەستەکانی خۆی هەژانو سەرکێشی بەتەرکیبەی سایکۆلۆژی خۆیەوە کرد تاشتی تازە لەنێو ژیانو دونیای ئەفراندنی شیعریدا بدۆزێتەوە. تا ئەو شتانە ببینێتەوە کە لەحاڵەتە سروشتییەکاندا زەینی نەیدەبینین بۆئەوەی ژیانێکی تازە بەشتەکان ببەخشێتەوەو لەرەوتێکی تردا رێکیان بخاتەوە. بەڵام ئەم پرۆسەیە گەلێک ترسناکە!

زۆرجار بەرەو شێتی تەواو دەڕوات.کاتێک کەرامبۆ سەرچڵی کرد تاسنورە دورەکانو هەستی بەو ترسناکیە گەورەیە کرد، پاشگەزبۆوەو بێ دەنگی هەڵبژارد. بەڵام لەقۆناغەکانی سەرسەختی دا بەشێکی زۆر جوانی لەقەسیدەکانی شیعری فەرەنسیو جیهانی نووسی هەربۆیە پرۆسەی هەژاندنی هەستەکان کارێکی هەروا ئاسانو گەمژانە نییە. یان مەبەستگەراییەکە تیایدا خودی خۆی نیە. بەڵکو مەبەست ئامانجێکی ترە کەتێی دەپەڕێنێ، پێش (رامبۆ)ش شاعیری گەورەی فەرەنسی (بودلێر) ئەزمونی کردوزانی تاچ سنورێک لەتوانایدایە بڕوات و چۆن و لەچ شوێنێکی دیاریکراودا پێویستە بوەستێ. دەنا بروسکەی جیهانبینی لێی دەداتو دەی سوتێنێو بۆ هەتایە دەیباتە باری شێت بوون..■

لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٩١، رامبۆی شاعیر، بەنەخۆشی شێرپەنجەوە گەڕایەوە بۆ ئەوروپا، پاش چەند مانگێک دوای ئەم گەڕانەوەیە دواجار (رامبۆ) لەسەر جێگە ماڵئاوایی لەژیان کرد. بەمەش چیرۆکی گەڕیدەیەکو شاعیرێک کۆتایی هات ئەم دوو وتارە، باس لەژیانو گەڕیدەیی و یاخیبوونی رامبۆ دەکەن، کە بەپێویستمان زانی لەم مانگەدا بڵاوی بکەینەوە.

ئەزمونی شیعری کورتخایەنو داهێنانی سەرمەدی لای ئارسەر رامبۆ

ئاری محەمەد

گەر ڕێژەی ژیانی ئارسەر رامبۆ (١٨٥٤-١٨٩١) وەک رێڕەوی ژیانی دەیان مرۆڤی بلیمەتو داهێنەری سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپا نا ئاسایی بێت، ئەوا ئێمە بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی لەشیعرەکانی، پێویستمان بەتێگەیشتن هەیە لەسەرلەبەری ئەزموونی ژیانی رامبۆی مرۆڤ و یاخی. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کەئێمە بۆ لێکدانەوەو راڤەکردنی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەشێوەیەکی سەرەکی پەنا بەرینە بەر چۆنیەتی شێوازی ژیانە سەرکێشو گەڕۆک ئاساکەی رامبۆ، واتە ناکرێ بۆ خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پەنابیرینە بەر رەگەزەکانی دەرەوەی دەق وەک (ساڵو شوێنی لەدایک بوون، کاریگەری رووداوەکان لەسەر ژیانی.. هتد). بەڵکو ئێمە مەبەستمان لەو دەربڕینەی سەرەوە ئەوەیە کەبڵێین جۆرە لێکچوونێک بەدی دەکرێ لەنێوان شێوازی ژیانی رامبۆی مرۆڤ و ئەزموونە شیعرییە کورتخایەنەکەیدا، کە دەکرێ بەتەواوکەری یەکتریان بزانین. "هاشم سالح" لەوتارێکی ئەدەبی دا دەنوسێت(١) : "ئەزمونی شیعر نوسین لای رامبۆ لەچوار یان پێنج ساڵ زیاتر نییە". بەڵام رامبۆ لەو ئەزموونە کورتخایەنەدا توانی بەجۆرێک سەرنجی رەخنەگرو خوێنەرانی شیعر لەتەواوی دنیادا بەلای شیعرەکانیدا رابکێشێت، کەتا هەنوکەش ئەفسونی شیعرەکانی ئەو بەردەوامەو خامۆش نەبووە. گەرچی تائێستا گەلێ کتێب و وتار لەسەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەلایەن رەخنەگرانەوە نوسراون، بەڵام هێشتا لەئەزموونی شیعری رامبۆدا شتێک بەدی دەکرێت کەلێکدانەوەو راڤەکردنی ئەستەمە. گەر بەزمانی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی "هۆڵدەرلین" بدوێین رەنگە ئەو شتە بەرائەتی رەها، یاخود پاکیەتی رەسەن بێت، لەبەرئەوەی "هۆڵدەرلین" لەیەکێک لەنامەکانیدا بۆ دایکی ساڵی ١٧٩٩ (٢) دەڵێت: "شیعر نوسین باشترین کارێکە کەچانسی هەبێت لەبەرائەتو پاکیەتی دا". "مارتن هایدگەر" لەوتاری "هۆڵدەرلین و ماهیەتی شیعردا" دەپرسێت: (٣) بەڵام بۆچی شیعر باشترین کارێکە کەچانسی هەبێت لەپاکیەتی دا؟ هایدگەر لەوەڵامدا دەڵێت: چونکە شیعر شێوازێکە لەشێوازەکانی یاریکردن، کەبەبێ چڕان و بە بەردەوامی جیهانە تایبەتیەکەی خۆی لەڕێگای وێنەوە دا دەهێنێ، پاشان لەچوارچێوەی ئەو شتانەدا خۆی نوقم دەکات لەسەر بونیادی خەیاڵ و فەنتازیا دادەمەزرێن، لێرەوە شیعر خاڵی دەبێتەوە لەهەر خراپەیەک. لەئەزموونی شیعری کورتخایەنی رامبۆو پاشان لەشێوازی ژیانی مرۆڤانەی ئەودا، تارادەیەک پەی بەحەقیقەتی لێکدانەوەکەی هایدەگەر دەبرێت، چونکە رامبۆ پاش ئەزموونی پێنج ساڵەی نوسینی شیعر بێدار دەبێتەوەو پەی بەقەوارەی ئەو سەرکێشیە شێتانەیەو پەرچەکردارە تێکشکێنەرەکانی دەبات لەسەر ژیانی، کەزۆرجار لەپاریسو لەگەڵ "ڤێرلین"ی شاعیرو هاوڕێیدا دەستی دا بوویە، واتە بەتەواوەتی پاش نوسینی شیعری "ماڵئاوایی" کە کۆتایی قەسیدە دورو درێژەکەی "وەرزێک لەدۆزەخ" پێک دەهێنێتو زۆربەی رەخنەگران و مێژوونوسانی ئەدەبی رامبۆ بەدواهەمین شیعری رامبۆی دادەنێن، پێیان وایە رامبۆ لەدوای نوسینی شیعری "ماڵ ئاوا" وازی لەنوسینی شیعر هێناوە(٤). بەدەربڕینێکی تر دەکرێ بڵێین کاتێک رامبۆ واز لەنوسینی شیعر دەهێنێت، بەرائەتە رەسەنەکەی لەدەست دەداتو سەردەمێکی تازە لەژیانی دەست پێدەکات، کەتیایدا رامبۆ هەست بەبەرپرسیارییەتی دەکات لەبەرامبەرکردەوەکانیداو ئیدی غەمی سەرەکی ئەو لەم سەردەمەدا دابین کردنی ژیانی تایبەتی خۆیەتیو، هەست بەکۆتایی هاتنی ژیانی فیکری خۆی دەکات. لێرەوە بۆئەوەی ژیان بەمانا ئاساییەکەی لای رامبۆ دەست پێ بکات، دەبوو ئەزموونی شیعری ئەو کۆتایی پێ بێت، با لەم بارەیەوە گوێ لەبەشێک لەشیعری "ماڵئاوا" بگرین. کەدواهەمین شیعری رامبۆیەو لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا نوسیویەتی، باگوێ لەونائومێدیە قووڵە بگرین کەچۆک بەبیرکردنەوەو سەرەمی نوسینی شیعردا دەدات لەلای شاعیرێکی نۆزدە ساڵەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی رۆژئاوا:

هەموو جەژنەکانم
خولقاند، هەموو
سەرکەوتنەکان، هەموو
کارەساتەکان هەوڵمدا گوڵی
نوێ، هەسارەی نوێ، غەریزەی
نوێ، زمانی تازە دابهێنم،
وامزانی خاوەنی دەسەڵاتە لەرادە
بەدەرەکانم، بەڵام!
دەبێ ئەندێشەو بیرەوەرییەکانم بنێمە
ژێر خاک!(٥)..

لێرەوە بۆئەوەی ژیان بەمانا ئاساییەکەی لای رامبۆ دەست پێ بکات، دەبوو ئەزموونی شیعری ئەو کۆتایی پێ بێت

بەڵام ئایا گەریدەیی رامبۆ لەئەوروپاوە بۆ ئەندۆنیسیاو بۆ عەدەن و حەبەشەو.. هتد، ئەزمونی گەرانی گەریدەیەک نییە بەدوای نادیاردا، پاش دەسبەرداربوون لەنوسینی شیعر؟ بەدڵنیاییەوە لەوەڵامدا دەکرێ بڵێین بەڵێ، چونکە رامبۆ پاش دەسبەرداربوون لەنوسینی شیعریش، هەر ژیانێکی شاعیرانە ژیا، گەر بزانین ئەو لەهەر گەرانێکیدا وایەدەزانی ناوچەیەکی جوگرافی نوێ کەشف دەکات. لێرەوە رامبۆ لەهەردوو ئەزموونەکەدا، واتە هەم لەئەزموونی نوسینی شیعرو، هەم لەئەزموونی ژیانیدا دوای دەسبەرداربوون لەشیعر بەردەوام بەدوای نادیاردا دەگەڕێ، تا ئەو چرکەساتەی کەپێکانی خیانەتی لێ دەکەن و لەپێ دەیکەوێت لەکۆتاییشدا تێک دەشکێت و دەمرێت و تەرمەکەشی دەبەنەوە بۆ فەرەنساو کاتێکیش دەیبەن بۆ گۆڕستان جگە لەدایک و خوشکەکەی و دووگۆڕهەڵکەن کەسی دیکەی بەدواوە نییە.■

پەراوێزەکان:

١-ئارسەر رامبۆ و شێتییەتی، هاشم سالح، و/دلێر محەمەد، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٣٠٩).

٢-هلدرلین و ماهیە الشعر، مارتن هایدگر، ت: خواد کامل، ص ١٤٠.

٣-هەمان سەرچاوەی پێشوول ١٤١.

٤-هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک.

٥-رامبو، حیاتە وشعرە، ت: خلیل الخوري، بغداد گ ٢ سنە ١٩٨٢ ص ٢٣٢.

دیالۆگێکی کراوەی کەناڵی کوردسات لەمەڕ دەستور لەگەڵ مەلا بەختیار

لەگەرمەی دیالۆگەکانی دەستورو شەڕی دەستوردا، کەناڵی کوردسات لەلایەن جەمال حسێن چاوپێکەوتنێکی تێرو تەسەلی لەگەڵ مەلا بەختیار، سەرنووسەری رۆژنامەی چاودێردا کردووە، ئاستو ئاڕاستەی گفتوگۆکان، ئەمجارەیان زیاد لەجاران کراوە بووەو ئەمیش بەسەر کێشەو خاڵە کۆکو ناکۆکەکانی دەستور لەنێوان سەرجەم هێزە سیاسیەکانی عێراق دا بەتایبەتیش کاک بەختیار، لەلیژەکانی ئەم دواییەی دەستوردا، ئامادەیەکی دیارو بەرچاوی هەبووە، چ لەگفتوگۆکانی ناوخۆدا چ ئەو گفوگۆیانەی لەبەغدا لەسەر دەستور ئامادە دەکرا، بۆیە لەبەر گرنگی ئەم چاوپێکەوتنە، بەباشمان زانی ئێمەش لەرۆژنامەکەماندا دووبارەی بکەینەوە.



کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار با لە خاڵە ناکۆکەکانەوە دەست پێ بکەین، کە ئێوە لەگەڵ چەند برادەرێک چونە بەغدا لەلیژنەی پشتیوانیکردنی دەستور بۆ پێشەشکردنی پێشنیارو داواکاریەکانی کورد، بۆ دارشتنەوەی دەستور، بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەی کە لەبەغدان، با لەوەوە دەست پێ بکەین کە ناکۆکیەکان تۆ لەو چوارچێوەیەدا هەستت پێکرد، سەرەتا لەگەڵ لایەنو پێکهاتە شیعەکان، کە زۆرینەن، لەپەرلەمانو لەناوکۆمەڵی عێراقیدا، لەچی بوون ئەوخاڵانەی ئێوەو ئەوان ناکۆک بوون لەسەری؟

مەلا بەختیار: زۆر سوپاس بۆ بەرنامەکە، هیوادارم ئەم جۆرە بەرنامانە لەم دوو هەفتەیەدا بەڕاستی ئەتوانم بڵێم ئەبێ رۆژانە بکرێ، چونکە ئەگەر لەپانزەی مانگ دەستور تەواو بێو ببرێتە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، بێگومان هەموو هاوڵاتیەکی کورد، چارەنووسی ئەبەسترێتەوە بەو دەستورەوە، دەستور چارەنووسی رەنگە سەرکەوتنی ئایندەمان دیاری بکات، بۆیە رۆژانە بایەخدان بەدەستور، بەبەندەکانی دەستور، بەناکۆکیەکان، بەکۆکیەکان، بەهەموو ئەو شتانەی کە لەدەستوردا هەیە، کەچارەنووسی گەلەکەمان، عێراق، کوردستان، هەموو تاکێکی کۆمەڵی پێوە بەستراوە، زۆر زۆر گرنگە، بۆئەوەی وشیاری دەستوری بەهێز بکەین، گەلەکەشمانو کۆمەڵەکەشمان بۆ هەموو ئەگەرەکانی نوسین یان نەنوسین رێکەوتن یا رێنەکەوتنی دەستور خۆمان ئامادە بکەین، من دیسان ئەیڵێم، چەند جارێکیش وتومە، پێویستە ئێمە لەسەر نووسینی دەستوور پێویستە هیچ شتێ لەهاوڵاتی نەشارینەوە، ئەگەر لەهەر شتێکدا حزبە سیاسیەکانو دەسەڵاتە سیاسیەکان بۆیان هەبێ شتێ پاشەکەوت بکەنو بشارنەوە، شەفافیەتی تەواویان نەبێ ئەوە لەنووسینی دەستور پرۆسەی چۆنیەتی مشتوماڵ کردنی دەستور، هەق وایە وردو درشتی ئەومەسەلانە بۆ هاوڵاتی رون بکەنەوە، ئەمە زۆر گرنگە، سەبارەت بەپرسیارەکەشت لەڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی لەدنیادا پەیوەندی بەستراتیجی دیموکراتی، ستراتیژی نوسینی دەستورێکی دیموکراتی راستەقینە، ئەوەیە ئێمە لەگەڵ شیعەو سونە ناکۆکین، هەموو ئەو شتانەی حکومەتە دیموکراتیو نادیموکراتیەکان، وەکو شتی گشتی لەدەستورا قبوڵیان کردووە لەگەڵ ئەوانە کۆکین ئێستا، هەقیقەتی مەسەلەکە ئەمەیە، چیە ئەوانەی پەیوەندیان بەستراتیجێکی دیموکراتیەوە هەیە:

یەکەم: مافی چارەنووسی ئێمە، ئەوان قبوڵیان نییە، کەئێمە بڵێین کورد بۆی هەیە مافی چارەنوسی خۆی بسەلمێنێ،

دوو: سنوری کوردستان ئەوان ئەڵێن ئێوە بۆتان نیە سنوری کوردستان دیاری بکەن، ئەبێ لیژنەیەک دابنێن، تەحقیق بکەین لەهەموو ئەوانەی کە ئێوە ئەڵێن سنوری کوردستان،

سێیەم: وتومانە، دوای هەشت ساڵ ئەبێ ئەگەر ئێمە دڵنیا نەبین لەم رێکەوتنو دەستورەی کە لەگەڵ پێکهێنانەوەی عێراقدا پێک دێینەوە، مافمان هەبێ، مافی چارەنوسمان دیاری بکەینەوە، ئەوە ئەوان قبوڵی ناکەن، کەمافی چارەنووس، بنچینەیەکی گرنگی مەسەلە دیموکراتیەکانی دنیایە، مەسەلەی داهاتی هەرێمەکان کەئایا مۆڵکیتی داهاتی هەرێمەکان هی کێ بێ، بێگومان ئەرز لەکوێ بێ، نەوتو کانزاکان لەکوێ بەرهەم بێ، مولکی ئەو میللەتەیەکە خاوەنی ئەو ئەرزەیە، وەکو چۆن فەلاح خاوەن کێڵگەیە، بازرگان خاوەن دوکانی خۆیەتی، باخەوان خاوەن باخی خۆیەتی، میللەتانیش خاوەن ئەرزی خۆیانن، خاوەنی نەوتی خۆیانن، خاوەنی شتی خۆیانن، کە لەهەموو دنیادا لەسەر ئەمە ناکۆکن، لەسەر پێکهێنانەوەی سوپای عێراق کە ئەگەر پێکهێنانەوەیەکی مەترسی دار هەیە لەئایندەدا، سوپا یەک بگرێتەوە، داموو دەزگاکانی یەک بگرنەوە، پڕ چەک بکرێنەوە، ئەم سوپایە بکەوێتەوە دەست هێزێک لەهێزەکان کە وەکو چۆن ئێستا مافە دیموکراتیەکان ناسەلمێنێت، دوایی نەیسەلمێنێو سوپاشی بۆ بەکاربهێنێ، ترسناکە ئەگەر سوپا نەخەیتە چوارچێوەیەکی دەستوری مەدەنی رێکەوە، لەسەر ئەوە لەگەڵ ئێمە ناکۆکن، لەسەر ئیتحادی ئیختیاری ناکۆکن لەگەڵ ئێمە، ئیتحادی ئیختیاری یانی سەرپشک بین لەیەکگرتن لەوڵاتی عێراقدا، ئیتحادی ئیختیاری یانی شتێک نیە داهێنراوی کورد بێ، شتێکە کە لەهەموو میللەتانی دنیا ئیتحادی ئیختیاری چەسپێنراوە، لەسەر ئەوە لەگەڵمان ناکۆکن، لەسەر مەسەلەی دینو دەوڵەت، جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت، بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەواندا دوو دیدو دوو فەلسەفەی جیاوازمان هەیە، بۆ ساغکردنەوەی پەیوەندیەکانی دینو دەوڵەت، ئەمە جگە لەوەی کەئێستا شتی تریش هاتۆتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دینو دەوڵەت بەشێوەیەک جیاکراوەتەوە یان مەسەلەی دین بەشێوەیەک شۆر کراوەتەوە کە هەموو لایەکمان هاوسەنگ پێی رازی بووین، ئێستا ئەوان ئەیانەوێ بڵێن ئاینی ئیسلام سەرچاوەی هەموو یاسا رێژیەکان بێت، جگە لەوەش مەرجەعیەتی شیعە یان هێناوەتە پێشەوە، عەقەباتی موقەدەسەیان هێناوەتە پێشەوە زۆرینەی شیعەیان لەعێراقدا هێناوەتە پێشەوە، کەپێمان وایە کاتێک باس لەمەرجەعیەتی شیعە ئەکەیت، رۆڵی ئیرشادی هەبێ، رۆڵی سەربەخۆی هەبێ، هیچ دەسەڵاتێک، هیچ دەزگایەک توانای دەستکاریکردنی مەرجەعیەتی نەبێت، ئەوا مانای وایە دەسەڵاتی چوارەم هاتۆتە پێشەوە، دەسەڵاتی تەنفیزی، تەشریعی، داوەری ئینجا دەسەڵاتی مەرجەعیش هاتۆتە پێشەوە کە ئەمانە هەمووی ناکۆکن، بەڕاستی ناگونجێت لەگەڵ داخوازییە بنچینەییەکانی دیموکراتی ئێمە.

کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار ناکۆکیەکان زۆر زۆرن، تۆ زۆر بەگشتی باست کرد، ئەگەر وردیان بکەیەوە، هەریەکێ لەوانە خۆی لەڕاستیدا بەرنامەیەک هەڵدەگرێ، بەڵام لێرە پرسیارێک دێتە پێشەوە، شیعە، هێزە شیعەکان، بەر لەڕوخانی بەعس لەئۆپۆزسیۆندا بوون، بەپێچەوانەی زۆرینەی سوونە، ئێوە لەگەڵ ئەواندا هەمیشە لەتەماسدا بوون، گفتوگۆ هەبووە، رێکەوتن هەبووە، پێت وا نیە ئەوە بەشێکی ئەو هەموو ناکۆکیانە پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە پێشتر کاتێک شیعە لەئۆپۆزسیۆندا بووە، سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو خاڵانەی لەگەڵ یەکلایی نەکردۆتەوە، دواخراوە، ئێستا بەشێوەیەکی زەقتر، بارێکی تر لەهەلومەرجێکی مەترسیداریشدا هاتۆتە پێشەوە.

مەلا بەختیار: نا وا نیە، هەقیقەت ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا بوون، لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا بوون، مەسەلەکانمان لەگەڵیاندا یەکلا کردونەتەوە، مەسەلەی فیدراڵ، مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی تەعریب، مەسەلەی سنوری کوردستان هەموو ئەمانە لەکۆنگرەکان قسەمان لەسەر کردووەو رێکەوتنمان لەسەر کردووەو بەدیکۆمێنتیش هەیە هەمووشی بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی رێکەوتن نامەیەکی دووقۆڵی لەنێوان (ی.ن.ک) و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیدا هەیە، کە هەموو ئەم شتانەی من قسەم لەسەر کرد لەرێکەوتن نامە دوو قۆڵیەکەدا هەیە، هەموو ئەم شتانەی من پێشتر قسەم لەسەر کرد لەرێکەوتنە دوو قۆڵیەکە هەیە، بەکەرکوک و مەسەلەی مادەی (٥٨) یشەوە، قسەمان لەسەر کردووە، ئەوە رێکەوتن نامەیەکی ستراتیژی لەنێوانمان بووە، ئەوە نیەکە ئێمە لەپێش ئۆپۆزسیۆن، پێش روخانی سەدام، لەکاتی ئۆپۆزسیۆن ئەمەمان نەکردووە مەسەلەکە ئەوەیە لەدوای هاتنە سەر حوکمو روخانی رژێم بەرژەوەندیەکانو دەسەڵات، بەرژەوەندیەکانی تر کەئێستا خەریکە دێتە پێشەوە، ئەو کارلێکەریەی کە لەنێوان هێزەکانی ناوخۆو لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمیو بەرژەوەندییە تایبەتیەکان کەهاتۆتە پێشەوە، ئەمانەن ئاڵوگۆڕیان لەهەڵوێستەکانو لەسیاسەتەکانو لەداخوازیەکان دروست کردووە، رووبەڕووی ئێمەیان ئەکەنەوە بۆ نموونە ئەوترێت کورد لەرۆژنامەی ناحەزی عەرەبی ئەوترێت، کورد سەقفی داخوازیەکانی زیاد کردووە، ئێمە ئەڵێین بەپێچەوانەوە تەنها کورد سەقفی داخوازیەکانی زیاد نەکردووە، هەمان ئەو داخوازیانەی لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا ئێمە داوامان کردووە، هەمان ئەو داخوازیانە داوا ئەکەین بەڵام فۆرمیلاکەی یاسایی ئەکەین، یانی سیاغەکەی داخوازیەکانی ئێمە، لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سیاغەیەکی سیاسی بوو ئێستا سیاغەکە دەبێ بکەی بەسیاغەیەکی یاسایی، بەپێچەوانەوە ئەوە شیعەن داخوازیەکانی خۆیان زیاد ئەکەن، کوا لەئۆپۆزسیۆنی عێراقی شیعە باسی مەرجەعیەتی کردووە، کوا لەئۆپۆزسیۆنی عێراقی شیعە وتویەتی دەبێ دان بەبەزۆرینەی شیە لەعێراقدا بنرێت، کوا شیعە لەئۆپۆزسیۆنی عێراقی باسی عەتەباتی موقەدەسەی کردووە، کوا لەکۆنگرەیەک لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی شیعە تەنیا فیدراڵیەتی خواروشی تەرح نەکردووە، ئەوە فیدراڵیەتی خواروشی تەرح کرد ئێمە قبوڵمانە، کوا لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی شیعە وتویەتی فارسیش نەتەوەیەکن لەعێراق، کوا شتی وا هەبووە، ئەمانە هەمووی زیادکردنی سەقفی داخوازی شیعە، تایفی، پێکهاتەکانی خوارون لەڕوانگەی شیعەوە ئەوان زیادیان کردووە، ئینجا ئەمانەوێ ئێمە بخەنە ژێرباری پرسیارەوە، بڵێین کوردە سەقفی داخوازیەکانی زیاد کردووە، وەرن با لیژنەیەکی تەحقیقی دابنێین بزانین ئێمەین سەقفی داخوازیەکانی خۆمان زیاد کردووە یاخود شیعەن سەقفی داخوازیەکانی خۆیان بەرامبەری سەردەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی زیاد کردووە نەک یەک بەرامبەر، دە بەرامبەری زیادیان کردووە، لەناوی دەوڵەتی عێراقەوە گۆڕیویانە تا ئەگاتە ناوەڕۆکەکەی زیاتر لەپانزە بەندیان هێناوەتە پێشەوە، کە لەهیچ کۆنگرەیەک لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کەمن تەنها لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی صەلاحەدینا نەبووم، یانی بەس لەو کۆنگرەیە ئامادە نەبووم، کۆنگرەی ڤینا تیابووم کۆنگرەی نیۆرک تیا بووم، لەکۆنگرەی لەندەن بووم هەموو ئەو کۆنگرانەی کەگیراوە لەدەرەوەی وڵات تیا بووم ئاگام لەهەموو دیکۆمێنتەکان هەیە، ئاگام لەهەموو تەرحەکانیان هەیە، ئەوان لەکۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەبەرئەوەی کە لەرۆژئاوا گیراون، لەبەرئەوەی ئەیانزانی ئەمریکا رۆڵی هەیە لەو کۆنگرانە، ئەوان زۆر داخوازیەکانیان کەم بوون.

کەدێتە سەر شتە تایبەتیەکان، کە لەکەلتوری سیاسی عێراقدا نامۆیەو، مەسەلەی دیموکراتیە، مەسەلەی مافی چارەنوسە، مەسەلەی سامانی هەرێمەکانە، مەسەلەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، مەسەلەی چۆنیەتی پێکهێنانەوەی وەزارەتەکانە، لەسەر ئەمانە، کەشتی تازەن، هەموو تێزی تازەن، لەسەر ئەمانە نەک لەسەدا هەشتای تەواو نەبووە، لەسەدا هەشتیشی تەواو نەبووە

کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار لەناکۆکیدا، جیاوازیەک هەیە لەنێوان شیعەو سوننە، بەواتایەکی تر دەمەوێ قسە لەسەر داکۆکیەکانمان لەگەڵ سوننە، ئەو ناکۆکیانەی کە لەگەڵ شیعە نیمانە یا لەگەڵ شیعە هەمانە، لەگەڵ سوننە جیاوازیەکی هەیە یا لەڕاستیدا ناکۆکیەکان هەمووی دەگرێتەوە؟

مەلا بەختیار: دیارە شیعەو سوننە دوو مەزهەبو دوو جیهان بینی جیاوازن، بۆ دنیای سیاسەتو مەزهەب لەسەردەمی ئومەویەکانو عەباسیەکانەوە تائێستا، ئەتوانم بڵێم دوو مەزهەبی نەکلۆکن بەیەکەوە نەکلۆکن لەناو یەک دەوڵەت، نەکلۆکن لەناو یەک دەستور، نەکلۆکن لەناو ئۆپۆزسیۆن، نەکلۆکن لەناو یەک حزب، نەکلۆکن لەناو یەک شار، نەکولێن ئەمانە بەیەکەوە، یانی ئەو ناکۆکی هەمە لایەنەی لەسیرەوە بۆ پیاز لەنێوان ئەم دوو لایەنە هەیە کەئینسان لەگەڵیان دائەنیشێ قابیلی تەسەور نیە.

کەناڵی کوردسات: بەڵام کۆکن بەرامبەر بەکورد؟

مەلا بەختیار: نەو لەبەرامبەر بەکوردیش کۆک نین ئەوان، لەبەرامبەر بەکورد دوو دیدی جیاواز ئەبینین، یەکەم مەجلیسی ئەعلا با بڵێین شیعەکان فیدراڵیەتیان لەکوردستان قبوڵە، بەمەرجێک فیدراڵیەتی خواروش بسەلمێنرێ بەپێی ئەو پارێزگایانەی ئەوان داوایان کردووە، یانی جاران ئەوان نەیان ئەوت ئێمە فیدراڵیەتمان لەکوردستان قبوڵە لەکاتی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، فیدراڵیەتی کوردستانمان قبوڵە بەپێچەوانەوە لەکۆنگرەی ڤیەنا رەفزیان کرد، لەکۆنگرەی صەلاحەدین بەناچاری قبوڵیان کرد، وتیان بەشەرتێ لەئایندەدا خەڵکی عێراق راپرسی بکەین، لەکۆنگرەی لەندەن قبوڵیان کرد بەناچاری تۆزێ کراوەتر قبوڵیان کرد، ئێستا هاتوون زانیویانە تیزی فیدراڵ، تەرحی فیدراڵ، من لەو کۆبونەوەیە رووبەڕو پێم وتن وتم زۆر خۆشحاڵین کە ئێستا ئێوە فیدراڵ قبوڵ ئەکەن، لەکاتێکداکە ئێوە جاران فیدراڵتان قبوڵ نەئەکرد، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە کورد دەمێکە پێشبینی کردووە، کە عێراق چۆن دێتەوە ئەگەر سەدام بڕوخێ، ئێستا کردویانە بەمەرج ئەڵێن نابێ عێراق لەیەک فیدراڵ پێک بێت، خواروش ببێتە فیدراڵ کەئەشڵێن خواروو ناشڵێن سێ پارێزگا ببێ بەفیدراڵ، وەکو لەکوردستان هەیە، دەڵێن ئەبێ دە پارێزگا ببێ بەفیدراڵ، چونکە بەرژەوەندیەکەیان وایە، خۆیان کە بەرژەوەندیەکەیان کەئەخوازێ ئەڵێن دە پارێزگا لەخواروو بۆی هەیە ببێ بەیەک فیدراڵ، بەڵام کەکوردستانیەتی کەرکوک قبوڵ ناکەن، ئەڵێن لەکوردستانا تەنها سێ پارێزگا بڕیار دراوە ببێ بەفیدراڵ، بەڵام نابێ ببێ بەچوار، ئەوەی ئێمە نایەڵین یەک دانە زیاد بکرێ، هی خۆیان حەوت زیاد ئەکات. لەگەڵ سوننە لەچیدا ناکۆکین، سوننە ئەڵێن بەس تایبەتمەندیەتی کوردستانمان قبوڵە، کە بەبڕوای من بەشی زۆری سوننە بەناچاری ئەمە قبوڵ ئەکات، چونکە ناتوانێ شەڕی هەموو لایەنەکان بکات، شەڕی ئەمریکا بکات، شەڕی بەریتانیا بکات شەڕی شیعە بکات، شەڕی حزبە علمانیەکان بکات، شەڕی کوردیش بکات، خۆشیان بەشێک لەسونەکان لەژێر کاریگەری پاشماوەکانی سیاسەتی بەعسی رابردوون، بەعس حوکمی زاتی سەلماندووە، ناکرێ ئەمان بڵێن هیچ ناسەلمێنین، کە قسە ئەکەن زۆرجار دەرئەپەڕێ لەدەمیانا ئەڵێن ناوچەی حوکمی زاتی، شمالنا عراق حبیب، لەقسەکانیانا ئەمە دەرئەپەڕێنن، ئەمان ئەڵێن ئێمە تایبەتمەندی کوردستانمان قبوڵە، بەڵام بۆ خوارو هەرگیز قبوڵی ناکەین ناکۆکیەکە لێرەیە، ئەویان شیعەکە فیدراڵیەتی خواروو و فیدراڵیەتی کوردستان بەیەکەوە قبوڵ ئەکات، ئەمیان کوردستان قبوڵ ئەکاتو ئەوی تریان قبوڵ ناکات، هەڵبەتە سونەکان دەبێ بزانین جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، حزبی ئیسلامی عێراقی نەرم ترو عەقلانی ترە لەتەرحەکانیان، جوانتر قسە ئەکات بەڵام ئەوانی تر لەخراپترین بەعسیەوە تیایانە هەتا گەورەترین ناسیۆنالیزمی عەرەبی.

کەناڵی کوردسات: بەڵام ترسی سونەکان لەوەدایە کەمەرجەعێکی دیاری کراویان نیە، حزبی ئیسلامی بۆ نمونە کەتۆ باست کرد عەقلانیترینیانە بەڵام حزبی ئیسلامی ناتوانێ ببێتە وتەبێژی رەسمی بەناوی هەموو سونەوە قسە بکات؟

مەلا بەختیار: سوننە باوەڕی بەمەرجەعیەتی دینی نیە، من بەش بەحاڵی خۆم پێم خۆشە مەرجەعیەتی سیاسیان هەبێ، چونکە مەرجەعیەتی سیاسیان هەبێ تۆ ئەزانی قسە لەگەڵ کێ ئەکەی، کەنەبێ، هەریەکێ لەئاشێ ئەکات، ئەم بابەتە کێشەیەکی گەورەیە، ئەگینا تۆ خۆت ئەزانی شارەزای لەمەسەلەی دینی، ئەوان پێیان وایە، مادام ئەڵێی سوننە، لەسونەتی پێغەمبەرەوە هەتا ئەگاتە ئێستا خۆیان بەخەلیفەی شەرعی بزوتنەوەی ئیسلامیو دینی ئیسلام و پێویستیان بەمەرجەع نیە، بەڵام لەباری سیاسیەوە تازە بابەتەکە وای لێهاتووە ئەبێ مەرجەعیەکی سیاسیان هەبێ، کە تۆ بزانی کێ نوێنەری سیاسی ئەوانە، کێ بڕیار بەدەستی ئەمانە، کێ سەر گەورەی ئەمانە، کێشەکە ئەوەیە خۆیان لەگەڵ خۆیانا توشی کێشەی گەورە ئەبن، لەدانیشتنێکدا کەدائەنیشین ناکۆکیەکان لەناویانا ئەوەندە توندە، بەقۆنەرە لەیەکیان داوە، نەک بەقسەی توند هەر بەقۆنەرە لەیەکیان داوە، وەرە تۆ لەگەڵ ئەمە چۆن ئەتوانی گفتوگۆ بکەی لەباتی زمانی دیالۆگ، قۆنەرە بەکاربهێنن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان، جا لەگەڵ ئێمە قسە بکەن ئەگەر ئاربیجیان هەبێ یەکسەر ئاربیجیمان پێوە ئەنێن.

کەناڵی کوردسات: ئەو هەموو ئاڵۆزیەی تۆ باسی دەکەی لەسەر دەستور، هەموو ئەو ناکۆکیانە لەلایەک، شیعە لەلایەک سوننە لەلایەک، کوردو سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەناو شیعەدا هەمان رەوتو بۆچونی جیاوازی هەیە کە لەناو سوننە رەوتو بۆچونی جیاواز هەیە، تۆ پێت وایە کورد پێویستە ئەو شێوە یاریەی کەئێستا دەیکات، بۆئەوەی سەرکەوتو بێ لەدەستوردا زۆرترین پشکی بەرکەوێ، چارەنوسو داهاتووی خۆی دابین بکات، پێت وایە ئەدائی سەرکردایەتی سیاسی کورد باش بووە، تائێستا لەکاتێک ئەو هەموو ئاڵۆزیو ناکۆکیە هەیە؟

مەلا بەختیار: پێم وایە زۆر زۆر باش بووە، تۆ لەناو ئەو هەموو ناکۆکیە بتوانی سەنگی خۆت رابگری لەگفتوگۆکانی نوسینی دەستور هاوسەنگیش لەبەرامبەرەکەتا وەربگری، جگە لەوەش تەنازول نەکەی لەمافە بنچینەییەکانی خۆت، بەرامبەر ئەو هەموو فشارانەی کە هەیە لەگەڵتا، بەپێچەوانەوە ئەوان هەر پێویستیان بەتۆ بێ، بۆئەوەی بەڕاستی نوسینی دەستور تەواو بێ ئەوە مەعنای ئەوەیە، ئەدایەکی باشمان هەیە، زۆر زۆر گرنگە لەبەرامبەر ئەو هەموو ناکۆکیە، لەبەرامبەر ئەو هەموو فشارە، لەبەرامبەر ئەو هەموو ئەقلیەتە، ئێستا ئێمە لەسەر هەموو مافە بنچینەییە دیموکراتیەکان ناکۆکین لەگەڵیانا، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا توانیومانە لەگەڵیانا هەڵبکەین تائێستا، ئاخر هەڵکردن لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکیانە بەڕاستی خۆی لەخۆیدا زیرەکیەک و توانایەکی زۆر عەجیبی ئەوێ، زۆر خۆشە تۆ ئێستا پرسیار لەمن ئەکەی من وەڵامت ئەدەمەوە، زۆر شتێکی ئاساییە بۆ نموونە بینەرێکی ئازیز ئەبیستێ جەمال قسە ئەکات مەلا بەختیار وەڵام ئەداتەوە، بەڵام وەرنە ناو کۆبونەوەکان، وەرنە ناو مشتومڕەکانی لیژنەی دەستوری، وەرنە سەر ئەوەی کەبزانن ئەم جیاوازیە زۆرە هەریەکە بەڕەقی قسە ئەکات هەریەکە بەڕەقی رەتت ئەداتەوە، ئەبێ رەدی بدەیتەوە، بۆت ناسەلمێنێ ئەبێ بۆی بسەلمێنی، سێ چوار مانگە ئەم هەویرە هەر ئاوی مشتومڕ هەڵئەکێشێ جا لەگەڵ ئەوەشدا وادەی یەکی مانگ تەواو بوو دەستوریش تەواو نەبوو.

کەناڵی کوردسات: دوای ئەو هەموو ناکۆکیانەی ئاماژەی پێ ئەکەی، بینەرانیش ئاگادارێتی بەجۆرێک لەجۆرەکانی، ئێستا رونتر ئەبێتەوە بەلایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ئەبیستین دەوترێ دەستور لەسەدا هەشتای تەواو بووە، هەندێ خاڵی گرنگ تیایدا تەواو بووە، لەکاتێکدا بەنیسبەت ئێمە وەکو کورد بەپێی ئەو رونکردنەوانەی تۆ، ئێمە هیچ شتێکمان تەواو نەکردووە لەگەڵیانا، ئەم تەرسیحاتە تا چەند راستە؟

مەلا بەختیار: راستە، لەسەدا هەشتای پرانسیپە گشتیەکانی تەواو بووە.

کەناڵی کوردسات: مەبەست لەپرانسیپی گشتی چییە؟

مەلا بەختیار: پرانسیپی گشتی، بۆ نموونە هاوڵاتی مافی نەخورێ واجباتی چییە، دەسەڵاتەکان لەیەک جیابکرێنەوە، ئیدارەکان چۆن بێ، پارێزگا چۆن بێ، ئەمانە لەسەدا هەشتای شتە گشتییەکانن، بەڵام کەدێتە سەر شتە تایبەتیەکان، کە لەکەلتوری سیاسی عێراقدا نامۆیەو، مەسەلەی دیموکراتیە، مەسەلەی مافی چارەنوسە، مەسەلەی سامانی هەرێمەکانە، مەسەلەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە، مەسەلەی چۆنیەتی پێکهێنانەوەی وەزارەتەکانە، لەسەر ئەمانە، کە شتی تازەن، هەموو تێزی تازەن، لەسەر ئەمانە نەک لەسەدا هەشتای تەواو نەبووە، لەسەدا هەشتیشی تەواو نەبووە.

کەناڵی کوردسات: رۆڵی ئەمریکاو هاوپەیمانان، لەگەلی رۆژئاوا لەو گفتوگۆیانە چۆن دەردەکەوێ؟

مەلا بەختیار: ئەمریکاو هاوپەیمانان پێیان خۆشە لەکاتی خۆیدا دەستور تەواو بێو پێیان وایە، دەستور دەستەبەرێکی زۆر گرنگە بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنەکانی پرۆسەی دیموکراسی لەعێراقدا، ئەمە جگە لەوەی کەئەمریکا پەیمانێکی داوە بەوڵاتانی عەرەبی، بەدنیا، بەعێراق، کە لەکاتی خۆیدا دەستور ئەنوسرێ کەدەستوری نووسی سەربەخۆیی ئەدات بەعێراق، ئەو مەبەستی نیە عێراق داگیر بکات، مەبەستی نیە لەعێراق نەچێتە دەرەوە، زۆری لا مەبەستە زووتر ئەم پەیامە لەکاتی خۆیدا تەواو ببێ، بەڕای گشتی دنیا، بەئەنجومەنی ئاسایشو نەتەوە یەکگرتووەکان بڵێ من نەم وت، ئیشەکەم هەتا ئەورۆیە، ئەگەر بزانن خەڵکی عێراق، حکومەتی عێراق با بەئێمە بڵێ عێراقیش بەجێ بهێڵن، وا عێراق بەجێ ئەهێڵین، چونکە عێراق بوو بەخاوەنی دەستورێکی تازە، ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کەدەبێ لەپانزەی مانگ تەواو ببێ.

کەناڵی کوردسات: ئەگەر ئەو ستراتیژە رۆژئاواو ئەمریکا بەتایبەتی، لەپانزەی مانگ دەبێ دەستور تەواو بێ، پێویستی بەوە بوو کورد تەنازول لەهەندێ خاڵی ستراتیژی بکات، پێت وایە کورد تا چەند ئەوە ئەکات؟

مەلا بەختیار: هەندێ هێڵی سورمان داناوە، کەئەمە ئیمکانی تەنازول نیە، ئێمە قسەمان بەرامبەر هاوپەیمانان نیە، هاوپەیمان نایەن بڵێن من لایەنی نوسەری دەستورم لەگەڵتانا، وەرن ئەمەم بۆ قبوڵ بکەن ئەمەم بۆ قبوڵ مەکەن، ئەو دێت تەکلیف ئەکات، ئەو نایەت بڵێ ئەمە قبوڵ ناکەی وا ئەکەم، ئەوە قبوڵ بکەی وا ئەکەم شتی وا ناوترێ لەزمانی گفتوگۆدا، لەگەڵمانا، کە ئەدوێت وەکو چەترێک، وەکو لایەنێک لەلایەنەکانی هاوکێشە سیاسیەکان، کە ئێستا هەیە بێگومان بەپێی یاسا ئەوان هەقیان هەیە قسە لەئەمن بکەن، قسە لەسەر ئەوە بکەن کەدەستور چ پەیوەندیەکی بەئەمنیەت هەیە، ئەم بەپێی یاسا ئەیکەن، ئێمە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان کەمافەکانمان ناسەلمێنن، ئێمە هێڵی سورمان هەیە لەگەڵیان، بێگومان ئەو هێڵە سورە پێویست بکات بەهاوپەیمانیش دەڵێین، ئەمە هێڵی سورەو ئێمە ناتوانین تەنازولی لێ بکەین.

کەناڵی کوردسات: بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کێشەی کەرکوک، هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق جگە لەکوردو هاوڵاتیانی کوردستان، جگە لەوە هەموویان پێیان داگرت لەوەی کە کەرکوک نابێ بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە بووە خاڵێک لەخاڵەکانی کۆتایی، کوردیش پێی داگرت لەسەرئەوەی کەنەخێر دەبێ بەشێک بێت لەهەرێمی کوردستان لەو بارودۆخەدا پێت وا نیە ئەمریکا ناچار دەبێ بۆئەوەی داوا لەکورد بکات تەنازول لەو خاڵە بکات، ئەگەر ئەوە رووی دا، پێت وایە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد چۆن دەبێ؟

مەلا بەختیار: جارێ هیچ لایەک بەئەمریکاو بەریتانیاشەوە، ناتوانن بڵێن مادەی (٥٨) نابێ جێبەجێ بکرێ چونکە مادەی (٥٨) ئیلزامی جێبەجێکردنی تیایە، لیژنەی بۆ دانراوە، پارەی بۆ تەرخان کراوە، تازە لەدوای شەش بۆ حەوت مانگ، تۆزێ پارەی بۆ تەرخان کراوە، ئێمە پەیمانمان لەئەمریکاو بەریتانیاو سەرۆکی عێراقی پێشوو سەرۆک وەزیرانی عێراقی پێشوو سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو، پەیمانمان وەرگرتووە کەمادەی (٥٨) جێبەجێ بکرێ.

کەناڵی کوردسات: بەڵام هەر جێبەجێ نەکراوە؟

مەلا بەختیار: جێبەجێنەکراوە ئەمە جۆرێکە لەفێڵ، لەئیرادەی گەلی ئێمە، ئەکرێ لەداخوازی گەلی ئێمە ئەکرێ، لەهەقیقەتدا یەکەمین فێڵی گەورەیە کە لەیاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق ئەکرێ، بۆ قۆناغی گواستنەوە، ئەوەڵ فێڵی زەق کە ترسناکە هەم بۆ یاسا هەم بەرامبەر بەکورد ئەوەیە، کەمادەی (٥٨) هەر دوا ئەخرێ، دوێنێش بەڕێز سەفیری ئەمریکا زاڵمای خەلیل زاد قسەیەکی کرد، لە کەرکوک ئەڵێ عەرەبە هاوردەکان ئەوەی ئەڕواتەوە یارمەتی ئەدرێتە ئەوەی ناڕواتەوە بەزۆر دەرناکرێ، لەهەقیقەتدا ئەمە پێچەوانەی مادەی (٥٨) بوو، ئێمە پێمان سەیر بوو ئەو گفتوگۆیە چونکە لەکاتێکدا سەفیری ئەمریکی پێش ئەو نیگرۆپۆنتی نامەی رەسمی بەناوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمرکیاوە داوە، بەسەرکردایەتی سیاسی کورد لەکاتی سەفەری جەنابی مام جەلالو بەڕێز نێچرڤان بارزانی کەوتویەتی ئێمە پابەندین بەجێبەجێکردنی مادەی (٥٨) وە مادەی (٥٨) ئەڵێ هەموو ئاوارەکانی کەرکوک، دەبێ بگەڕێنەوەو قەرەبوو بکرێن، هەموو هێنراوەکانی عەرەب بۆ کەرکوک، بۆ ناوچە تەعریب کراوەکان، دەبێ بگێڕێنەوە قەرەبوو بکرێن.

کەناڵی کوردسات: باشە کاک بەختیار ئەو تەسریحەی زاڵمای خەلیل زاد، ئەو رایە تۆخ ناکاتەوە بۆئەوەی کەرەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانان لەکاتێکداکە کێشەی کەرکوک بەتەواوەتی زەق بووەوە، عەرەب تەنازولی نەکرد لەوەی کەنەیەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەو ئاڕاستەیە فشار بکات بەدیلی ئەوەی ئەوەتا زاڵمای خەلیل زاد لەکەرکوک ئەو تەسریحەی داوە؟

مەلا بەختیار: بێگومان ئەو ئەگەرە هەیە لەدنیای سیاسەتدا، دەبێ لەوە قورستریش چاوەڕێ بکەیت، بەڵام ئایا ئێمەی کورد چی ئەکەین ئێمەی کورد ئەوەمان قبوڵە یا قبوڵ نیە، سەرکردایەتی سیاسی کورد هەتا دوێنێ کۆبونەوەی هاوبەشمان هەبووە، بڕیارمان داوە ئێمە سورین لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، سورین لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) بەبێ کەموکوڕی، سورین لەسەرئەوەی بەهاوپەیمانان بڵێین ئەوە مافێکی مێژوویی ئێمەیە، ناکرێ ئەو مافە مێژووییەی ئێمە بەڕاستی دەستی بەدەستیمان پێ بکرێ، لەکۆبونەوەیەک لەکۆبونەوەکان، لەگەڵ بەڕێز سەفیری بەریتانیا، لەمانگی رابردوودا جەنابی مام جەلال لەسەر ئەو بابەتە بەهەمان شێوە کەبەڕێز زاڵمای خەلیل زاد، قسەی کردووە، سەفیری بەریتانیاش بەهەمان شێوە قسەی کردووە، ئیتر مام جەلال بەتوندی رەتی داوەتەوە وتویەتی ساڵی ١٩٢٤ ئێوە جارێکیان سیاسەتی خۆتانتان بەسەردا سەپاندین، جارێکی تر قەد قبوڵی ناکەین، سیاسەتی خۆتان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، چونکە ئێمە سورین لەسەر ئەوەی مادەی (٥٨) جێبەجێ بکرێ، بەڵێنتان داوینێتێ کە کەرکوکیش بەشێکە لەکوردستان، ئەمە هەزاران دیکۆمێنتو کتێبی مێژوویی.

کەناڵی کوردسات: ئەگەر لەو خاڵە ستراتیژیانە کە وەکو تۆو زۆرێک لەسەرکردایەتی سیاسی کورد جەختی لەسەر ئەکەنەوە کەهێڵی سورە کورد تەنازولی تیادا ناکات، ناشکرێ تەنازولی تیا بکرێ، کە لەڕاستیدا ئەوە داخوازی ئێوە نیە، ئێوە وەکو نوێنەری خەڵک، تەمسیلی ئەو حاڵەتە دەکەن، داخوازی هەموو کوردەوارییە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر عەرەب واتە شیعەو سونە، هاوپەیمانانو لایەنەکان تەسلیمی ئەوە نەبوون رێگا چارەی تر چییە؟ یانی ئەگەر بەدیالۆگ نەتوانرا بەئەنجام بگات؟

مەلا بەختیار: لەڕاستیدا ئەوە یەکێکە لەکێشە گەورەکان، یانی من باوەڕم وایە، هەموو کوردێک ئێستا شەوانە رەنگە دەیان خەوی ناخۆش بەو بارودۆخەوە ببینێ، کەئەم ترسە هاتۆتە پێشەوە فشار هەیە لەسەر کورد، بەداخەوە جارێکی تر بۆئەوەی مافەکانی هەمووی وەرنەگرێ، ئێمە قەد چاوەڕوانمان نەئەکرد شیعە بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکات لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، سونە بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکات لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، هەتا بزوتنەوەی ویفاق کە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین ئەوانیش بوونی مادەی (٥٨)و جێبەجێ کردنەکەیان لا گرنگ بوو، یانی ئێمە جگە لەحزبی شیوعی عێراق، د. ئەحمەد چەلەبی، محسن عبدالحمیدی، سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقی، دانی بەوەدا ناوە لەئەنجومەنی حوکما کە کەرکوک کوردستان بووە، خۆی خەڵکی ناوچەی کەرکوکە، جگە لەچەند کەسێکی تر، لەڕاستیدا ئێمە نەمان بیستووە هەموو حزبە هاوپەیمانەکانی ئێمە کەبەدرێژایی بیست وپێنج ساڵی رابردوو، ئێمە کەمان نەکردووە بۆیان چاوەڕێمان نەئەکرد لەدوای روخانی رژێم، ئێمە لەسەر مەسەلەی کەرکوک بخەنە ئەم گیرو گازە لەکاتێکدا ئەگەر کەرکوک بەراورد بکەی بەبەسرا، کە هەرنەوتی نیە، پێشبینی ئەکرێ پێنج تا دە ساڵی ئایندە چۆڕێ نەوت لەکەرکوک نەمێنێ، لەکاتێکدا بەسرا تا سەد ساڵی تریەدەکی نەوتی خۆی هەیە، شیعە بۆ بۆی هەبێ هەرێم دروست بکات، بەسرا بخاتە ناو هەرێم، دەستیش بەسەر سامانی بەسرەدا بگرێ، کە لەکاتێکدا گەورەترین یەدەکی نەوتی عێراق ئێستا، لەبەسراو دەوروبەری بەسرا هەیە. لەکاتێدا ئێمە کەرکوک دوای ئەوەی هەموو نەوتەکەیان هەڵلوشی هەمویان حەرام کرد نەک حەڵاڵ کرد، هەمویان برد، ئینجا ئێستا بەوشکیش ئەمانەوێت بماندەنەوە کەچی نامانەنەوە، ئێمە وێناندنی ئەوەمان نەئەکرد. ئەگەر بێتە سەر ئەوەی کەهەموو لایەنەکان، گەلەکۆمەکیمان لێ بکەن، سور بن لەسەر ئەوەی کە کەرکوک نەدرێتەوە بەکوردستان، لەڕاستیدا ئێمە دەبێ هەموو رێگاکانی شەرعی بەردەمی خۆمان بگرینە بەر شکات بگەیەنینە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکانو مەجلیسی ئەمنو شکات بگەیەنینە هەموو داموودەزگاکانی دەوڵەتان، بیگەیەنینە مەحکەمەی دەولی، خۆمان بگەیەنینە کۆنگرەی ئیسلامی، زانکۆی دوەلی عەرەبی لەهەموو دەرگایەک بدەین، هەر رێگایەک لەڕێگاکان سەرکردایەتی سیاسیو پەرلەمانی کوردستان بەباشی زانی هەر رێگایەک لەڕێگاکان کوردەکانی دەرەوە، کوردی ناو وڵات، شارەکانی تر، هەر رێگایەکی تر بەرەوا بزانین بیگرینە بەر، هەرگیزاو هەرگیز سەرکردایەتی سیاسی کورد ناکرێو ناکرێ، رۆژێ لەرۆژان بۆ هیچ هێزێک لەهێزەکانی دنیاو عێراقی بسەلمێنێ کەکەرکوک کوردستان نیە، ئەمە خۆکوژییە بەڕاستی.



هەر رێگایەک لەڕێگاکان سەرکردایەتی سیاسیو پەرلەمانی کوردستان بەباشی زانی هەر رێگایەک لەڕێگاکان کوردەکانی دەرەوە، کوردی ناو وڵات، شارەکانی تر، هەر رێگایەکی تر بەرەوا بزانین بیگرینە بەر، هەرگیزاو هەرگیز سەرکردایەتی سیاسی کورد ناکرێو ناکرێ، رۆژێ لەرۆژان بۆ هیچ هێزێک لەهێزەکانی دنیاو عێراقی بسەلمێنێ کە کەرکوک کوردستان نیە، ئەمە خۆکوژییە بەڕاستی

کەناڵی کوردسات: ئەگەرێک لەو ئەگەرانە، یان رێگا چارەیەک لەوانەی کەتۆ باست نەکردو، باس کراوە. ئەوەیە کە کورد پاشەکشە بکات لەحکومەتی عێراق؟

مەلا بەختیار: ئەویش رێگایەکە، سێ پارێزگاکە بۆمان هەیە ڤیتۆ بەکاربهێنین، پاشەکشە بکەین، لەحکومەت، بەشداری هەڵبژاردن نەکەین، زۆر رێگامان لەبەردەمدایە.

کەناڵی کوردسات: تۆ پێت وایە ئەو رێگایانەی تر، ئەوەمان پێ دەبەخشێ، کە بەگفتوگۆو دیالۆگ نەمانتوانی لەگەڵ عەرەبی سونەو شیعە پێی بگەین؟

مەلا بەختیار: هەموو رێگایەک کاریگەری خۆی هەیە، هەموو ئەو رێگایانەی پەیوەندیان بەپێکهێنانەوەی عێراق هەیە، مەسەلەی ڤیتۆ، سێ پارێزگا برگەی (ج) لەمادەی (٥) هەقی ئەوەمان ئەداتێ بەڕاستی ئێمە سێ پارێزگاکە ڤیتۆ لەسەر هەر بڕیارێک لەبڕیارەکان بدەین، هەڵی بوەشێنینەوە لەبەرئەوە سەپاندن نیە.

کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار هەڵکەوتەی کورد، یان قەدەری کورد، وایە وەکو رستە باوەکە ئەوەیە کە لەناو دەوڵەتی عێراقی دابێ بەحوکمی کۆمەڵێ هۆکار، بەڵام مانەوە لەناو سنوری دەوڵەتی عێراقیدا بەبێ بەدیهێنانی ئامانجو داخوازیەکانی کورد، مانەوەیەکی ترسناکەو مەترسی دارە، رەنگە ئەو رابردووە تاڵەی کە هەمان بووە، دوبارە ببێتەوە، لەناو کوردا ئاڕاستەیەک هەیە قسە لەسەر مەسەلەی سەربەخۆییو مەسەلەی جیابونەوە ئەکات، قسەم لەسەر ئەوە نیە ئەو رایە تاچەند نائەقڵانیە، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە پێت وا نیە ئەو رایانە وردە وردە شەرعیەت وەردەگرێ، بۆئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردیش خەیارێکی ئاوای لەبەردەمدا بێ ئەگەر لەداهاتوی عێراقدا نەیتوانی داهاتوی سیاسی کوردەواری دابین بکات، پێویستە بیر لەرێگا چارەیەکی تر بکاتەوە؟

مەلا بەختیار: یەکەم پێم وا بێ ئەو داخوازیە کەتومت داخوازیەکی ئەقڵانیە، نەک نائەقڵانی، زۆرجار بەداخەوە ئەقڵانیەت گوێی لێناگیرێ بۆ نموونە: زۆرجار لۆژیک لەگەڵ واقعدا ناکۆکە، بۆچی کورد بۆی نەبێ دەوڵەتی هەبێ، بۆ واقعی نیە، ئەگەر بێیتە سەر لۆژیک، بەلۆژیک واقع لێک بدەیتەوە، بۆ نموونە: سونەکانی عێراق بۆ پشگیری کشمیر ئەکەن ببێت بەدەوڵەت، سونەکانی عێراق بۆ پشگیری شیشان ئەکەن، بۆ سونەکانی عێراق پشگیری میللەتانی موسڵمانی بەجارانی یەکێتی سۆڤیەتو یوگسلاڤیاو چکسلۆڤاکیاو لەوپەڕی دنیا بۆ ئەوپەڕی دنیا ئەکەن ببن بەدەوڵەت، بۆ لەکشمیرو شیشان لەکورد زۆرتر نزیکە، مێژوویەکی دوورو درێژمان لەگەڵی هەیە، خزمەتێکی یەکجار زۆرمان کردوون، هەرچی ئەوان توانیویانە کوردیان ئیستغلال کردووە، بۆ هەموو ئامانجە ستراتیژەکانی خۆیان چ لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەکان، هەرچی توانیویانە لەئێمەیان بردووە، ئێمەیان چەوساندۆتەوە لەنەوتەوە هەتا جەرگی ئێمەیان بردووە، ئێستا پاداشتی ئەوە ئەوەیە کشمیر هەقی هەبێ، دەوڵەتی هەبێ، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی دەوڵەت بکەین، ئەمە ترسێکی یەکجار گەورەیە، لەسەر عەرەب، بۆ ترسە لەسەر عەرەب، عەرەب بۆ خۆی جاران یەک دەسەڵاتی ئیسلامی هەبوو، خەلیفەی هەبووە، ئێستا بیست و یەک دەوڵەتی عەرەبی هەیە، بۆ خۆی بۆی هەبێ بیستو یەک دەوڵەتی عەرەبی دروست بکات، کوردی بەدبەخت نەتەوەیەک کە دوایین نەتەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیە بۆی نەبێ فیدراڵیەکی مەعقولی خۆی داوا بکات، ئەگەر هاتە سەرئەوەی ئێمە چارمان لەبەردەم نەمێنێ بزوتنەوەیەکی ریفراندۆمی سیاسی، جەماوەری، بتوانێ ئەو بڕیارە بدات، نەک بزوتنەوەیەکی ریفراندۆم کەئێستا بزوتنەوەیەکی ریفراندۆمی روناکبیرانو نوخبەو هەندێ لەخەڵکی ترو رێکخراوەکانو شتێک هەیە بەناوی بزوتنەوەی ریفراندۆم، زۆر زۆریش باشە کەهەیە، دوایی ئەگەر ئەمە چار نەبوو، ریفراندۆمێکی نەتەوەیی، ریفراندۆمێکی میللی گەورە لەکوردستانا، دوا رێگای راستەقینەی چارەنووسی گەلان بگرینە بەر، کە مەسەلەی گەل خۆیەتی چارەنوسی خۆی دیاری بکات، من لەکۆبونەوەیەک ئەم جارە لەبەغدا بەشداریم کرد لەکۆنفرانسێکی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەشداریم کرد، لەسەر مەسەلەی فیدراڵ، باسی ئەوەیان کرد ئەبێ فیدراڵ وابێو وابێ مەجالی منیشیان دا، قسە بکەم هەستام قسەم کرد وتم ئێوە بەچ هەقی ئەڵێن، ئەبێ فیدراڵ وابێو وابێ، ئێوە مافی چارەنوسی ئێمە دیاری ئەکەن، ئێمە لەزاخۆو لەکوردستانەوە تا ئەگاتە هەولێرو سلێمانی هەقمان نیە، بچین چارەنوسی بەسراو پارێزگاکانی خواروو دیاری بکەین، ئێوەش بۆتان نیە چارەنوسی ئێمە دیاری بکەن، وتم ئێوە لەسەد ساڵی رابردوودا چارەنوسی ئێمەتان دیاری کرد، بۆمان دیار بوو چۆنی دیاری ئەکەن، کەوتم هەقی مافی چارەی خۆنوسین ئەوە میللەتەکەی ئێمەیە، هەقی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی بەکارئەهێنێ، ئەوە تۆ نیت کەتۆ بۆت نووسیم، ئیتر بۆ ئەڵێی هەقی مافی چارەی خۆنوسین مەسیر ئەمە چۆن هەقێکە هەقەکە تۆ بەکاری بهێنی لەگەڵ منا.

کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار لەو گفتوگۆیانەی کەکردووتانە، ئەو بۆچونانەتان گەیاندووە بەلایەنە سیاسیەکان، سەرکردایەتی لایەنە سیاسیەکان، کە ئێوە لەدوا هەنگاودا کە هیچ چارەیەکتان نەما خەیارێکی ئاواتان هەیە یا ئەوەتان دواخستووە؟

مەلا بەختیار: وتمان، بەهەمویانمان وتوە، ئێوە بیرتان نەچێ، کەبزوتنەوەی ریفراندۆم هەیەو میللەتی ئێمە لەفیدراڵ بەو داخوازیانە ئێمە کەممان کردووە، کەمتر وەربگرین میللەت نە لەپارتی قبوڵ ئەکا نەلەیەکێتی قبوڵ ئەکات نە لەتاڵەبانیو نەلەبارزانی قبوڵ ئەکات.

کەناڵی کوردسات: ئەوان رایان چۆن بوو، بۆچونیان چی بوو؟

مەلا بەختیار: گوێیان گرت.

کەناڵی کوردسات: تۆ لەو چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەی لەبەغدا کردت، بەمانای لەو زەرفو زەمانەی کەچوی بۆ بەغدا، کەهاتیەوە چ بۆچونێکی تازەت لا دروست بوو، چیت بۆ ئاشکرا بوو؟ لەسەر پرۆسەی دارشتنەوەی دەستور؟

مەلا بەختیار: پێم وایە تۆ ئاگاداریت، کەمن لەکۆنگرەی مافپەروەران وتم، ئێمە لەگەڵ شیعە توشی ئەم کێشە گەورانە ئەبین، پێش ئەوەی دەست بکرێت بەباسکردنی دەستور، بەمانگێکیش وتمان ئێمە لەگەڵ شیعە، وردە وردە ناکۆکیەکانمان ئەوکاتە (عمار) کوری بەڕێز (عبدالعزیز الحکیم) لەتورکیا ئەو قسانەی کرد کە کەرکوک، وایە، ئێمە وائەکەین، وتم ئەمە زەنگێکی ترنساکە، لەکۆنگرەکە باسم کرد، خۆمان هەڵکەین بۆ شەڕێکی دەستوری فراوان پێشم وایە یەکەمین کەس بووم زاراوەی شەڕی دەستوریم بەکارهێنا چونکە ئەمزانی بەرەو چ شەڕێکی شارستانیو دیموکراسیو یاسایمان ئەبات، من دوای ئەوەی چومە بەغداو هاتمەوە، بۆم دەرکەوت، کەلەبیرمە جارانیش ئەمانوت ئەم هێزانە هیچیان بەخواهشت مافی دیموکراتی ئێمە قبوڵ ناکەن، تەرازوی سەنگی هێزی هەموو لایەکمانە یەکترمان قبوڵە، وایە، دایمە وامان ئەوت، هاوسەنگێکی هێز هەیە، لەنێوانماندا یەکتر قبوڵ ئەکەین، پێویستیمان بەیەکترە، ئەگینا ئەگەر بەدەسەڵاتی ئەوان بێ، بەڕاستی ئەو مەسەلانەی ئێمە تەرحمان کردووە، موتڵەقەن ئامادە نین گوێمان لێ بگرن، بەڵام ئەتوانن گوێمان لێ نەگرن، ئێمە ئەتوانین گوێیان لێ نەگرین، چاوت لێیە پێویستیمان بەیەکە، من گەشتومەتە ئەو باوەڕەی کە کورد ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ، لەم مانگەدا کەدەستور ئەنوسرێ، سور نەبێ لەسەر چەسپاندنو وەدەستەبەرکردنی مافەکانی ئەم هەناسە، سیاسیەی کە لەشیعەو سونەی ئەبینم لەئایندەدا، ئەگەرکۆنترۆڵی وڵاتەکە بکەنو هەموداموو دەزگاکان بکەونە دەستیان کاری ئێمە لەگرژنە دەرئەچێ لەگەڵیان، ترسناکیش ئەبێ.

کەناڵی کوردسات: یانی هەست کردنت بەمەترسی لای تۆ زیادی کردووە؟

مەلا بەختیار: بەڵێ.

کەناڵی کوردسات: لەسەر مەسەلەی دارشتنەوەی دەستور، ئێمە خەڵکی پسپۆڕی کەممان هەیە، یەکێ لەو رەخنانەی کەدەگیرێ، یان دەوترێ، خەڵکە سیاسیەکە دەچێ قسە لەسەر دەستور ئەکات، نەک پشت بەپسپۆڕو یا پسپۆڕی بیانیو خەڵکانی تر نابەسترێ، پێت وایە ئەوە کەموکوڕیە یان نەخێر ئەو هەنگاوە نراوە؟

مەلا بەختیار: پێم وایە ئەوانەی کە وا ئەڵێن دیارە شت ناخوێننەوە، ئەگینا بڵاومان کردۆتەوە، کەئێمە پسپۆڕەکانی بێگانەمان، لەئەمریکاو لەوڵاتانی ترمان هێناوە بردوشمانن بۆ بەغدا، هەموو کۆبونەوەیەک ئێمە پرسی یاسایمان بەپسپۆڕەکانی بێگانە کردوە، پسپۆڕی گەورە گەورە کە لەکێشەکانی یوگسلاڤیاو وڵاتانی ترا بەشداریان کردووە، نمونەی جوان جوانیان پێیەو ئاگایان لەیاسای دنیا هەیەو سێ چوار پسپۆڕمان هێناوە راوێژیان پێ ئەکرێت.

کەناڵی کوردسات: کاک بەختیار بەوپێیەی خۆت پێشتر وەکو هێمات پێدا، سەرەتا لەسەر شەڕی دەستوری قسەت کردووە، دەمەوێ لێرە بڵێم کەشەڕی دەستوری ئێمە لەگەرمەی شەڕەکەداین ئەگەر ئەوکات پێویست بوبێ بۆ خۆ ئامادەکردن، ئێستا لەناو شەڕەکەداین، دەستی پێکردووەو شەڕێکی چارەنوس سازیشە، ئەوەی بەچەکو شەڕ بەدەستمان نەهێناوە یا بەدەستمان هێناوە، رەنگە لەو شەڕە بیدۆڕێنین یا بەپێچەوانەوە بەدەستی بهێنین تۆ لەسەر ئەو شەڕە دەستوریە ئەو لایەنە کەموکوڕیانە چین کەدەیانبینی لەناوکۆی بارودۆخی کوردەواریدا. مەبەستم لەسیاسیەکانو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان، پێویستە چی بکرێ لەو بوارانەدا؟

مەلا بەختیار: پێش هەموو شتێ من پێم وابوو هێزە کوردستانیەکانو پەرلەمانی کوردستان دەبوایە کۆنفرانسی دەستوریمان هەبێ، ئێمە بۆ خۆ ئامادەکردنێکی باشتر چەند مانگێک لەمەوپێش ئەو کۆنفرانسە دەستوریە ببەسترایە، شارەزاکانی دەرەوە چەند مانگێک لەمەوپێش بهاتنایە، پرۆژەی دەستوری کە ئێمە دوسێ هەفتە لەمەوبەر ئامادەمان کردووە بۆ عێراقو بۆ مافە بنچینەییەکانی گەلی کوردستان، دەبوایە چوار پێنج مانگ لەمەوپێش ئامادەمان بکردایە، ئەمە یەکێک لەکەموکوڕیەکانمان بوو، راستە لە پەرلەمانی کوردستان قسەمان لێکردووە، پرۆژەمان هەبووە، لەکۆبونەوە هاوبەشەکانا قسەمان لەسەر کردووە، وتومانە دەستور گرنگە بەڵام بنچ وبنەوانی ئەمکارە خۆمانمان باش بۆ ئامادە نەکرد، بەوەی کەکەوتنە بەردەم شەڕەکە، هەموو کەرەسەکانی شەڕەکە لەبەردەستمانا بێ، بۆ نموونە نوێنەرانی ئێمە لەلیژنەی دەستوری نەبوایە، بەکەرەسەی تەواوی شەڕی دەستوریەوە بچنە ناو کۆبونەوەکان، بەکاملی جگە لەخۆیان سکرتاریەتیان هەبوایە، کۆمپیوتەریان لەگەڵ بوایە، هەموو شتەکانیان بەوردی لەوێ لەگەڵ بوایە، هەموو رۆژێ ئەبوایە لەدوای هەموو جەلسەیەک لەجەلسەکان، ئەبوایە ئێمە بتوانین دانیشتنو تەنسیق لەبەینی سەرکردایەتی سیاسیو پەرلەمانی کوردستانو لیژنەی نوسینەوەی دەستوری بکرایە، یانی ئەمە لەو کەموکوڕیانەیە کە بەئاسانی ئەمانتوانی کاتی خۆی فریای بکەوین، بەڵام ئێستا کاتمان لەدەست چووە، هەر بەو شێوەیە فریاکەوتین کەئێستا فریای کەوتوین.

کەناڵی کوردسات: تۆ مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)، یەکێکی لەسەرکردە سیاسیەکان، جێدەستت لەدوای روخانی رژێمەوە دیارە، ئایا پێت وا نییە بەشێک لەو کەموکوڕیانە تۆش لێی بەرپرسی، لێی بەرپرسی لەوەی کەتۆ لەڕووی عەمەلیەوە چیت کردووە، بۆئەوەی ئەوکەموکوڕیانە نەمێنێ، پێویست ناکات تۆ لەمەکتەبی سیاسی ئەو مەسەلانە تەرح بکەی؟

مەلا بەختیار: هەموو ئەو شتانەی کەمن باسم کرد دڵنیا بن، لەکۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیو کۆبونەوە هاوبەشەکانمان قسەمان لێکردووە، بەڵام وەکو پێویست لەسەری نەوەستاوین، بۆ: هەڵەی خۆمانە.

کەناڵی کوردسات: پێت وایە ئەو هەڵانە کاتی ئەوە ماوە چارەسەر بکرێ؟

مەلا بەختیار: ئەوەندەی کەتوانیمان چارەسەرمان کرد.

زۆر سوپاس بۆ وەڵامەکانت■